حکوومەتی هەرێمی کوردستان بوونی سەربازگەیەکی ئیسرائیلی لە هەولێر ڕەتدەکاتەوە

XEBAT
تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە
ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
نۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە
ژمارە (5818) یەک شەمە 1ی ئەیلوول 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

دوێنێ شەمە جوتیار عادل گوتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕوونکردنەوەیەکدا ئیدیعای هەبوونی سەربازگەیەکی ئیسرائیلی لە هەولێر ڕەتکردەوە. ئەمەش دەقی ڕوونکردنەوەکەیە:

لە هەندێ کەنالّی میدیایی عێراقی ئیدیعای هەبوونی سەربازگەیەکی ئیسرائیلی لە هەولێر کراوە کە گوایە ژەنەڕاڵێکی ژن بەڕێوەی دەبات.

حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەرلەبەری ئەم هەواڵە بێ بنەمایە ڕەتدەکاتەوە و پێمانوایە ئەمە تەنیا پروپاگەندەیەکی سیاسییە بێ بەهایە و ئامانجی بەلاڕێدابردنی ڕاستییەکانە بۆ قازانج و دەستکەوتی شەخسی.

جوتیار عادل
گوتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان

سەرۆک بارزانی پێشوازی لە وەزیری ناوخۆی عێراق دەکات

بارودۆخی سیاسیی و دوا پێشهاتەکانی عێراق و ناوچەکە تاوتوێ کرا



ڕۆژی پێنجشەمە 29ی8ی2019 لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعود بارزانی پێشوازی لە یاسین یاسری وەزیری ناوخۆی عێراق کرد. لە کۆبوونەوەکەدا کە ڕێبەر ئەحمەد وەزیری ناوخۆی هەرێمی کوردستان ئامادەی بوو، بارودۆخی سیاسیی و دوا پێشهاتەکانی عێراق و ناوچەکە تاوتوێ کرا. هەروەها ڕۆشنایی خرایە سەر ئەو کەشە ئیجابییەی کە لە پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا هاتووەتە ئاراوە و بە دەرفەتێکی باش زانرا بۆ چارەسەرکردنی کۆی کێشەکان.

لە بەشێکی تری ئەو کۆبوونەوەیەدا جەخت لە هەماهەنگیی نێوان هەولێر و بەغدا لە دروستکردنی ئاسایش و سەقامگیری و ڕووبەڕووبوونەوە و ڕیشەکێشکردنی تیرۆر کرایەوە.



پەیامی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان بۆ یەکی موحەرەم

بەبۆنەی یەکی موحەرەم، سەری ساڵی تازەی کۆچییەوە، بەگەرمی پیرۆزبایی لە هەموو موسڵمانان لە هەرێمی کوردستان و عێراق و جیهان دەکەین. هیوادارین ساڵی خێر و خۆشی بێت و ئاشتەوایی و ئارامی و سەقامگیری باڵ بەسەر تەواوی مرۆڤایەتیدا بکێشێت.

لەم بۆنەیەدا دووپاتی دەکەینەوە کە هەرێمی کوردستان بۆ هەموو پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکانی وەک هەمیشە لانەی پێکەوەژیان و لێبووردەیی و تەبایی دەمێنێتەوە و پارێزگاری لەو کولتوورە و لە تەواوی بەها مرۆییەکان دەکات.

دووبارە ئەم یادە لە هەمووان پیرۆز بێت.

سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان
1ی موحەرەمی 1441ی کۆچی
31/8/2019

بە فەرمانی سەرۆکی حکوومەت

ڕسووماتی هاتنە ناو هەرێمی کوردستان هەڵدەگیرێت

وەزیری ناوخۆی عێراق خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بەرامبەر دروستبوونی ئەو کەشە ئەرێنییەی ئێستا لە نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا هەیە و ئاماژەشی بەوە کرد کە لێکتێگەیشتنی باش لە نێوان هەردوو وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان و عێراق هەیە و هەر کێشەیەکیش بێتە پێشەوە پێویستە بەپێی دەستوور چارەسەر بکرێت.

(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)

بە فەرمانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان

سەنتەری دەرهێنانی پاسپۆرت لە کۆیە دەکرێتەوە


(زیاتر لە ل6 بخوێنەوە)



نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی UN لە عێراق:

گەشبینم بە نیازپاکیی لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکووک

لەبڵاوکراوەیەکدا کە وێنەیەکی بۆ ڕۆژنامەی خەبات نێردراوە خاتوو (جینین هینیس بلاسخارت) نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان لە عێراق (یونامی) هۆشداری بەردەوامبوونی گەندەڵی و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات لەداموەدەزگا حکومیەکانی عێراق داوە و لەهەمان کاتیشدا ستایشی ئەدای حکوومەتی عێراق دەکات کە توانیوێتی جۆرێک لەهاوسەنگی لەپەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە و جیهان ڕابگرێت. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**



بانکی نێودەوڵەتی پشتگیریی لە کارنامەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکات

(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)

یەکلاکردنەوەی کێشە و ئاریشەکانی نێوان کوردستان و بەغدا بەپێی دەستوور تاکە ڕێگەی سەقامگیری و ئارامیی تەواوی عێراقە

پێشنیوەڕۆی ڕۆژی پێنج شەمە 2019/8/29 هەڤاڵ مەحموود محەمەد گوتەبێژ و ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان، پێشوازی لە مانوج ماسیۆ لیپرسراوی کاروباری سیاسیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق یۆنامی و فرانک لیڤیلتۆ ڕاوێژکاری سیاسی و بەرپرسی بەشی سیاسی ئۆفیسی هەولێری یۆنامی، کرد. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

کریستیان و کوردانی ئێزدی لە دەشتی نەینەوا دەردەکرێن و دەست بەسەر مولّک و ماڵیاندا دەگیرێت

سەرۆکی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤی هەرێمی کوردستان ئاماژەی بۆ ئەوە کرد، مەترسی بۆ سەر پێکهاتەکانی دەرەوەی ئیدارەی حکوومەتی هەرێم پەیدا بووە و دەشڵێ، لە دەشتی نەینەوا کریستیان و کوردانی ئێزدی دەردەکرێن و دەست بەسەر مولّک و ماڵیاندا دەگیرێت. **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**

حکوومەتی هەرێم سکاڵایەکی دیکە دژی هەڵبژاردنەکانی عێراق تۆمار دەکات

بەهۆی بێبەشکردنی ئاوارەکانی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، هەرێم سکاڵایەکی دیکە لە دادگای فیدراڵی دژی یاسا هەموارکراوەکەی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق تۆمار دەکات. بەرپرسێکی پارتییش ئاشکرای کرد، زیاتر لە 300 هەزار دەنگدەری ئاوارە لە هەرێمی کوردستان هەن. بەگوێرەی مادەی 16ی یاسای هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق، هەموو ئەو دەنگدەرانەی لە دەرەوەی ناوچەکانیانن، لە هەڵبژاردنی 20ی نیسانی ساڵی داهاتووی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراقدا مافی دەنگدانیان نابێت. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

4 مووسڵ.. ژمارەیەک چەکداری نەناسراو پێنج ئەندامی یەک خێزانیان کوشت



ئەکرەم ئیمامئۆغڵو لە ئامەد:

سەرۆک شارەوانییە هەڵبژێردراوەکان لە نێو یاساکاندا جێگرەوەیان نییە

ئیمامئۆغڵو ڕایگەیاند: لەو شوێنەی کە کەسێک کە لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە هاتووە بە هەڵبژاردن نەڕوات، نە دیموکراسیی دەمێنێت نە یاسا سەروەریی. ئەو ئیرادەیەی هاووڵاتیی کە لە سندوقەکان دێتە دەرەوە، ئیرادەیەک نییە کە کۆمەڵێک خاوەن پۆست بە خواستی خۆیان بە ڕەوا یان ناڕەوای ببینن. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**



شوێنی 249 گۆڕی بە کۆمەڵ لە عێراق دەستنیشانکراون

هەتا ئێستا 249 شوێن لە عێراق دەستنیشانکراون، کە گومان دەکرێت لەو شوێنانە گۆڕی بە کۆمەڵ هەبن، بەرپرسانی کوردیش لە بەغدا پێیانوایە بەشێک لەو شوێنانە، گۆڕی بە کۆمەڵی ئەنفالکراوەکانن. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**





پرسەنامەی سەرۆک بارزانی بەبۆنەی کۆچی دوایی ئیبراهیم خەیات

بەبۆنەی کۆچی دوایی ئەمیندارى گشتیی یەکێتیی ئەدیبان و نووسەرانی عێراق، رۆژی پێنجشەمە 29ی8ی2019سەرۆک بارزانی پرسەنامەیەکی ئاراستەی ئەو یەکێتییە و خانەوادەی کۆچکردوو کرد. ئەمەش دەقی پرسەنامەکەیە:

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

بەڕێزان یەکێتیی ئەدیبان و نووسەرانی عێراق

بەڕێزان خانەوادەی خوالێخۆشبوو کاک ئیبراهیم خەیات

بە داخەوە هەواڵی کۆچی دوایی شاعیر و نووسەر و ڕۆژنبیر، کاک (ئیبراهیم خەیات)، ئەمیندارى گشتیی یەکێتیی ئەدیبان و نووسەرانی عێراقم پێ گەیشت.

لەم بۆنە خەمناکەدا، پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی سەرجەم ئەدیبان و نووسەران و یەکێتیی ئەدیبان و نووسەرانی عێراق و خانەوادە بەڕێزەکەتان دەکەم و خۆم بە هاوبەشی خەمتان دەزانم. لە خوای گەورە دەپارێمەوە گیانی کاک ئیبراهیم بخاتە بەر دلۆڤانیی خۆی و دڵنەوایی هەموولایەک بدات.

انا لله وانا الیه راجعون

مەسعود بارزانی
29ی8ی2019

سەرۆک بارزانی سەرەخۆشی لە خانەوادەی مەلا محەمەدی ئیمامی دەکات

بەبۆنەی کۆچی دوایی مەلا محەمەدی ئیمامی، کەسایەتیی ناوداری ئایینی و نیشتیمانپەروەری شاری سەقز، دوێنێ شەمە سەرۆک بارزانی پرسەنامەیەکی ئاراستەی خانەوادەی خوالێخۆشبوو کرد. ئەمەش دەقی پرسەنامەکەیە:

بەناوی خودای مەزن و دلۆڤان

بەڕێزان خانەوادەی خوالێخۆشبوو مامۆستا مەلا محەمەدی ئیمامی

بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتیی ئایینی و تێکۆشەر و نیشتیمانپەروەری ناسراوی شاری سەقز، مامۆستا مەلا محەمەدی ئیمامی ئێمان پێ گەییشت.

لەم بۆنە خەمناکەدا خۆم بە هاوبەشی خەمتان دەزانم و سەرەخۆشی لە خانەوادە تێکۆشەرەکەتان و سەرجەم دۆستانی مامۆستای کۆچکردوو و خزم و کەسوکارتان دەکەم.

لە خوای گەورە داواکارم گیانی مامۆستا مەلا محەمەد بخاتە بەر ڕەحمەتی خۆی و دڵنەوایی و ئارامییش بە هەموولایەک ببەخشێت.

انا لله وانا الیه راجعون

مەسعود بارزانی
31ی8ی2019

بروسکەی سەرەخۆشیی سەرۆک بارزانی بۆ خانەوادەی داوەر جاسم کاکەیی

بەبۆنەی کۆچی دوایی جاسم ڕەحیم شەمزین کاکەیی، داوەر و کەسایەتیی دەڤەری کەرکووک، دوێنێ شەمە سەرۆک بارزانی پرسەنامەیەکی ئاراستەی خانەوادەی خوالێخۆشبوو کرد. ئەمەش دەقی پرسەنامەکەیە:

بۆ خانەوادەی جاسم ڕەحیم شەمزین کاکەیی

بە داخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی جاسم ڕەحیم شەمزین کاکەیی، داوەر و کەسایەتیی دەڤەری کەرکووکمان پێ گەییشت. بەم بۆنە خەمناکەوە سەرەخۆشی لە ئێوە و کەسوکار و ئاشنایانتان دەکەم و خۆم بە هاوبەشی خەمتان دەزانم. لە خودای مەزن داواکارم خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرین شاد بکات و سەبر و ئارامی بە هەموو لایەک ببەخشێت.

انا لله و انا الیه راجعون

مەسعود بارزانی
31ی8ی2019

مەکتەبی سیاسیی پارتی سەری ساڵی نوێی کۆچی پیرۆز دەکات

دوێنێ شەمە مەکتەبی سیاسیی پارتی دێموکراتی کوردستان، بە بۆنەی سەری ساڵی نوێی کۆچییەوە، پەیامێکی بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند: «ئومێدەوارین ئەم بۆنە پیرۆزە ببێتە مایەی خێروخۆشی و هەوێنی چەسپاندنی ئاشتەوایی و پێکەوەژیان بۆ تێکڕای پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی کوردستان». ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بە بۆنەی هاتنەوەی سەری ساڵی نوێی کۆچییەوە (یەکی موحەرەم) گەرمترین پیرۆزبایی لە سەرجەم موسڵمانانی کوردستان بەتایبەتی، و، عێراق و جیهان بەگشتی دەکەین، ئومێدەوارین ئەم بۆنە پیرۆزە ببێتە مایەی خێروخۆشی و هەوێنی چەسپاندنی ئاشتەوایی و پێکەوەژیان بۆ تێکڕای پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی کوردستان، هەروەها دوورخستنەوەو بنبڕکردنی بیر و خولیای تووندوتیژی و شەڕانگێزی و لێکترازانی کۆمەڵایەتی لە ناو کۆمەڵگەکەماندا.

هیواخوازین لەو بۆنە پیرۆزەدا زیاتر گیانی برایەتی و تەبایی و یەکڕیزیی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە و تەواوی حزب و لایەنە سیاسییەکان پتەوتربێت بۆ زیاتر بەرقەرارببوونی سەقامگیریی و ئاسوودەیی و ئارامی و خۆشگوزەرانی بۆ تێکڕای هاوواڵاتیانی کوردستان.

جارێکی دیکە سەری ساڵی نوێی کۆچی لە سەرجەم موسڵمانان پیرۆزبێت...

مەکتەبی سیاسیی پارتی دێموکراتی کوردستان
1ی موحەرەمی 1441ی کۆچی
2019/8/31زایینی

بە فەرمانی سەرۆکی حکوومەت

لە 1/ 2019/9 ەوە، 10 هەزار دیناری عێراقی رسووماتی هاتنە ناو هەرێمی کوردستان هەڵدەگیرێت




ڕۆژی پێنجشەمە /2019/8 29 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە شاندێکی باڵای وەزارەتی ناوخۆی عێراق بە سەرۆکایەتی یاسین یاسری وەزیری ناوخۆ کرد.

وەزیری ناوخۆی عێراق خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بەرامبەر دروستبوونی ئەو کەشە ئەرێنییەی ئێستا لە نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا هەیە و ئاماژەشی بەوە کرد کە لێکتێگەیشتنی باش لە نێوان هەردوو وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان و عێراق هەیە و هەر کێشەیەکیش بێتە پێشەوە پێویستە بەپێی دەستوور چارەسەر بکرێت.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سوپاسی وەزیری ناوخۆی عێراقی کرد بۆ هەماهەنگی و هاوکارییان لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان.

لە کۆبوونەوەکەدا کە ڕێبەر ئەحمەد وەزیری ناوخۆی هەرێمی کوردستانیش ئامادەبوو، ئاماژە بە کێشەی ئیقامە و وەرگرتنی بڕی 10 هەزار دیناری عێراقی کرا کە لە هەموو هاوواڵاتیانی دەرەوەی هەرێمی وەردەگیرێت. سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئاماژەی بەوە کرد کە ئەو میکانیزمەی بەناوی ئیقامە ناوزەد کراوە و بۆ پاراستنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان و گەشتیاران بووە، لەمەودوا ناوەکەی دەکرێتە "دڵنیایی ئاسایش". هەروەها لە سەر فەرمانی سەرۆکی حکوومەت بڕیاردرا لەمەودوا حکوومەتی هەرێم خەرجییەکانی سیستەمی "دڵنیایی ئاسایش" دابین بکات و لە 1/ 9ەوە هیچ بڕە پارەیەک لە هاووڵاتیانی پارێزگاکانی عێراق کە سەردانی هەرێمی کوردستان دەکەن وەرنەگیرێت.

بانکی نێودەوڵەتی پشتگیریی لە کارنامەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکات



ڕۆژی پێنجشەمە 2019/8/29 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە سارۆج کۆمار جاھ بەڕێوەبەری هەرێمی بانکی نێودەوڵەتی کرد.

بەڕێوەبەری هەرێمی بانکی نێودەوڵەتی خۆشحاڵی خۆی بەهۆی ئەو ڕێکەوتنەی کە لە نێوان هەرێمی کوردستان و بانکەکە هەیە بۆ بەرەوپێشبردنی ئابووری هەرێم و بەهێزکردنی سیستەمی بانکی و دارایی هەرێم.

بەپێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەربڕی و ئاماژەی بەوە کرد کە کارنامە و هێڵە گشتییەکانی بەرنامەی حکوومەتیان خویندووەتەوە و بە کارنامەیەکی نایابی دەزانن. بۆیە بانکی نێودەوڵەتی پشتیوانی لە کارنامەکە دەکات و خۆشحاڵیشە بە کارکردن لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ جێبەجێکردنی.

لەم ڕووەوە بەڕێوەبەری هەرێمیی بانکی نێودەوڵەتی وێڕای ناساندنی نوێنەری بانکی نێودەوڵەتی لە عێراق ڕەمزی نیعمان، ئاماژەی بەوەکرد کە پسپۆڕانی بانکی نێودەوڵەتی ئامادەن بێن بۆ هەرێمی کوردستان بۆ هاوکاریکردنی حکوومەت بە تایبەتی لە بواری چاکسازی داراییدا.

مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سوپاسی پشتگیریی بانکی نێودەوڵەتی کرد و گوتی "خۆشحاڵین بە پشتیوانیی دەزگایەکی گرنگی وەکو بانکی نێودەوڵەتی لە کارنامەی حکوومەت کە ئامانجی سەرەکیمان ئەوەیە بە هەوڵ وتواناکانمان و پشتگیریی دۆستانمان گەشە بە ئابووری هەرێمی کوردستان بدەین و هەمەچەشنی بکەین بە جۆرێک کە تەنیا پشت بە سەرچاوەیەکی داهات نەبەستێت بەتایبەتی گرنگی زیاتر بە کەرتەکانی کشتوکاڵ وپیشەسازی و گەشتوگوزار بدرێت و زەمینەیەکی باشتریش بۆ وەبەرهێنانی بیانی و ناوخۆیی دروست ببێت تا حکوومەتی هەرێمی کوردستان بتوانێت خزمەتی هەموو هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان بکات بە بێ جیاوازی.

نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی UN لە عێراق:

گەشبینم بە نیازپاکیی لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکووک



خەبات/مەریوان نەقشبەندی:

لەبڵاوکراوەیەکدا کە وێنەیەکی بۆ ڕۆژنامەی خەبات نێردراوە خاتوو (جینین هینیس بلاسخارت) نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان لە عێراق (یونامی) هۆشداری بەردەوامبوونی گەندەڵی و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات لەدامودەزگا حکومیەکانی عێراق داوە و لەهەمان کاتیشدا ستایشی ئەدای حکوومەتی عێراق دەکات کە توانیویەتی جۆرێک لەهاوسەنگی لەپەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە و جیهان ڕابگرێت. لەبەشێکی بڵاوکراوەکەدا هاتووە: هێشتا مەسەلەی گەندەڵی و بەفیڕۆدانی سامانی گشتی یەکێکە لە گەورەترین بەربەستەکانی بەردەم گەشەی مرۆیی و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری پێویست لە عێراقدا کە بەهۆیەوە خەڵکێکی زۆر لەئاوارە و دەربەدەرکراوەکان خزمەتگوزاری سەرەتاییان پێناگات و بەهۆی کەمبوونەوەی کۆمەکە نێودەوڵەتیەکانیش پرۆسەی خوێندن و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی و خۆراک خەریکە بەیەکجاری لە نزیکەی ملیۆنێک و شەش سەد هەزار ئاوارە کە لەناو عێراقدا هەن و چاوەڕێی گەڕانەوە دەکەن بۆ سەر ماڵ و حاڵی خۆیان، دەوەستێت. ئاماژەشی بەوە کردووە کە لەدوای کۆتاییهاتنی دەسەڵاتی داعش لەعێراقدا زیاتر لە 4 ملیۆن عێراقی لەسەرتاسەری وڵاتدا گەڕاونەتەوە شوێنی خۆیان.

نوێنەرە تایبەتەکەی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لەعێراق هیچ ئاماژەیەکی بۆ بەربەستەکانی حەشدی شەعبی لەدەشتی نەینەوا بۆ گەڕانەوەی ئاوارە مەسیحی و ئێزیدیەکان نەکردووە، بەڵام باسی لەزەروورەتی هەماهەنگی زیاتری پێشمەرگە و هێزە فیدراڵیەکانی عێراق لەناوچەکانی مادەی 140ی دەستووری عێراق کردووە کە بەبۆچونی ئەو تیرۆرستانی داعش لەهەندێ شوێن سوود لەنەبوونی ئەم هەماهەنگیە وەردەگرن.

سەبارەت بە کەرکووکیشەوە نوێنەری سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان لەعێراق دەڵێ: گەشبینم بەوەی لایەنە پەیوەندیدارەکان بەکێشەی کەرکووک نیازپاکی خۆیان پیشاندداوە بۆ چارەسەر و ئێمەش هاوکار و پشتیوان دەبین لەم دۆسێیەدا.

سەبارەت بەخێزان و منداڵەکانی داعشیش دەڵێ: هێشتا کێشەیان چارەسەر نەبووە و نازانین ئاخۆ ئەو خێزانانەی داعش لەسووریاوە دەگەڕێنەوە عێراق چەندن و چۆن مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت ؟ لەبارەی چارەنووسی دیلە کوەیتیەکانیشەوە دەڵێ پێشڤەچوونی باش هەبووە.

مەحمود محەمەد و شاندێکی یۆنامی کۆبوونەوە

یەکلاکردنەوەی کێشە و ئاریشەکانی نێوان کوردستان و بەغدا بەپێی دەستوور تاکە ڕێگەی سەقامگیری و ئارامیی تەواوی عێراقە



پێشنیوەڕۆی ڕۆژی پێنج شەمە 2019/8/29 هەڤاڵ مەحمود محەمەد گوتەبێژ و ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان، پێشوازی لە مانوج ماسیۆ لێپرسراوی کاروباری سیاسیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق یۆنامی و فرانک لێقیلتۆ ڕاوێژکاری سیاسی و بەرپرسی بەشی سیاسی ئۆفیسی هەولێری یۆنامی، کرد.

لە دیدارەکەدا، شاندی میوان خۆشحاڵی و پیرۆزبایی یۆنامی و خاتوو جێنین هێنیس نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکانیان لە عێراق بە پارتی گەیاند، ئەویش بە بۆنەی دامەزراندنی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێم و، هاوکات هەنگاوەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانیان وەکو لایەنی پێکهێنەری کابینەی حکوومەت لە بەشداریپێکردنی لایەنە سەرەکییەکانی کوردستان لە حکوومەتدا و لە پێناو سەقامگیری هەرێم بەرزنرخاند، هەروەها بە گرینگییەوە باسیان لە کارنامەی چوارسااڵی داهاتووی حکوومەت کرد و ئومێدی سەرکەوتنیان بۆ خواست.

دواتر گفتوگۆ لەسەر ڕەوشی سیاسی و ئەمنی ناوچەکە و عێراق بەگشی کرا و، ئەگەر و پێشهات و گۆڕانکاری و کارتێکەرەکان خرانە بەرباس. هەر لە دیدارەکەدا، ڕۆشنایی خرایە سەر پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵی عێراق، هەڤاڵ مەحمود محەمەد ئاماژەی بە زەروورەتی چارەسەرکردنی ڕەوشی کەرکووک و ناوچە جێناکۆکەکان و یەکلاکردنەوەی کێشە و ئاریشەکانی دیکەی نێوان کوردستان و بەغدا دا بەپێی دەستوور و دیالۆگ و لێکتێگەشتن بە نیەتی چارەسەرکردن، کە تاکە ڕێگەی سەقامگیری و ئارامی تەواوی عێراقە.

لە کۆتایی دیدارەکەدا جەخت لەسەر بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا و هێزە سیاسییەکان و چەسپاندنی ئارامی و سەقامگیری و، خزمەتکردنی هاوواڵتیان کرایەوە و بۆ ئەمەش ڕۆڵی یۆنامی بەگرینگ زاندرا.



سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەرەخۆشی لە کەسوکاری سکرتێری یەکێتی نووسەرانی عێراق دەکات

نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، سەرەخۆشی لە کەسوکاری ئیبراهیم خەیات، سکرتێری گشتیی یەکێتی نووسەران و ئەدیبانی عێراق دەکات. سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕۆژی پێنج شەمە لە تویتێکدا نووسیویەتی "بەداخ و کەسەرێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی ئیبراهیم خەیات، سکرتێری گشتیی یەکێتی نووسەران و ئەدیبانی عێراقمان پێگەیشت، سەرەخۆشی لە ئەندامانی خێزانەکەی و ئەدیبان و نووسەران و ڕۆشنبیرانی عێراق دەکەم و خوای گەورە کۆچکردوو بە بەهەشتی بەرین شادبکات".



پرسەنامەیەک لە سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەبۆنەی کۆچی دوایی ئەمیندارێ گشتیی یەکێتیی ئەدیب و نووسەرانی عێراق

مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بە بۆنەی کۆچی دوایی ئەمیندارێ گشتیی یەکێتیی ئەدیب و نووسەرانی عێراق، ڕۆژی پێنج شەمە 29ی ئابی 2019 پەیامێکی سەرەخۆشیی بڵاو کردەوە. **ئەمەش دەقی پرسەنامەکەیە:**

بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی ئیبراهیم خەیات ئەمیندارێ گشتی یەکێتی ئەدیب و نووسەرانی عێراقمان بیست. پرسە و سەرەخۆشی گەرمی خۆمان ئاراستەی کەسوکار و هاوڕێ و هاوکارەکانی لە نووسەر و ڕۆشنبیرانی عێراق دەکەین.

خوای مەزن گیانی بە بەهەشت شاد بکات و ئارامی و دڵنەواییش بە کەسوکاری ببەخشێت.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان
29ی ئابی 2019

حکوومەتی هەرێم سکاڵایەکی دیکە دژی هەڵبژاردنەکانی عێراق تۆمار دەکات

زیاتر لە 300 هەزار دەنگدەری ئاوارە لە هەرێمی کوردستان هەن

بەهۆی بێبەشکردنی ئاوارەکانی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، هەرێم سکاڵایەکی دیکە لە دادگای فیدراڵی دژی یاسا هەموارکراوەکەی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق تۆمار دەکات. بەرپرسێکی پارتییش ئاشکرای کرد، زیاتر لە 300 هەزار دەنگدەری ئاوارە لە هەرێمی کوردستان هەن. بەگوێرەی مادەی 16ی یاسای هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق، هەموو ئەو دەنگدەرانەی لە دەرەوەی ناوچەکانیانن، لە هەڵبژاردنی 20ی نیسانی ساڵی داهاتووی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراقدا مافی دەنگدانیان نابێت.

جوان ڕۆژبەیانی، سەرۆکی لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی پەرلەمانی کوردستان بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: ئێمە وەک پەرلەمانی کوردستان بریکارنامە بە پارێزەرەکانمان دەدەین و بڕیارە ئەو پارێزەرانە سەردانی بەغدا بکەن بۆ ئەوەی لە دادگای باڵای فیدراڵی سکاڵا دژی ئەو یاسا هەموارکراوە تۆمار بکەن و بە هیچ شێوەیەک لە مافی دەنگدەرانی خۆمان خۆش نابین. ڕۆژبەیانی ئاماژەی بۆ بەشداریپێکردنی لایەنە سەرەکییەکانی کوردستان لە حکوومەتدا و لە پێناو سەقامگیری هەرێم بەرزنرخاند، هەروەها بە گرینگییەوە باسیان لە کارنامەی چوارسااڵی داهاتووی حکوومەت کرد و ئومێدی سەرکەوتنیان بۆ خواست.

دواتر گفتوگۆ لەسەر ڕەوشی سیاسی و ئەمنی ناوچەکە و عێراق بەگشی کرا و، ئەگەر و پێشهات و گۆڕانکاری و داعش و ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر ژمارەیەکی بەرچاوی خەڵکی کوردی ئەو ناوچانە ئاوارەی هەرێمی کوردستان بوونە و ناتوانن بگەڕێنەوە، بەاڵم مەبەست لە دانانی ئەو بڕگەیە بۆ ئەوەیە کورد لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان دەنگی پێویست بەدەست نەهێنێت. باجەلان ئاشکراشی کردووە: زیاتر لە 300هەزار دەنگدەری ئاوارە لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێن و بۆ ڕۆژی هەڵبژاردن ناتوانن بەشداریی ئەو پرۆسەیە بکەن، بەتایبەتی هەندێ ناوچە هەن ڕەوشی ئەمنیان ئاڵۆزە و خەڵکی ناتوانن بگەڕێنەوە بۆ شوێنەکانیان و بەشداریی دەنگدان بکەن، پێشتریش دەزگای هەڵبژاردنی پارتی سکاڵای لە دژی یاساکە تۆمار کردووە و لە داهاتوودا هەڵوێستی تریشمان دەبێت.

ئەوەش کردووە: بێبەشکردنی دەنگدەرانی ئەو ناوچانە پێشێلکارییەکی زەقی یاساییە، چونکە بە دەیان هەزار دەنگدەر هەن ناتوانن بگەڕێنەوە شوێنەکانیان بۆ ڕۆژی دەنگدان و پێویستە یاساکە دووبارە هەموار بکرێتەوە و ئەو بڕگەیە لا بدرێت کە باس لە بێبەشکردنی ئاوارەکان لە دەنگدانی داهاتوودا دەکات. هەروەها شیلان باجەلان، کارگێڕی لقی14ی پارتی لە مووسڵ دەڵێت: بێبەشکردنی دەنگدەرە ئاوارەکان پیلانێکی دژی کوردە لە ناوچە کوردستانییەکان، لەبەر ئەوەی دوای شەڕی داعش و ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر ژمارەیەکی بەرچاوی خەڵکی کوردی ئەو ناوچانە ئاوارەی هەرێمی کوردستان بوونە و ناتوانن بگەڕێنەوە، بەاڵم مەبەست لە دانانی ئەو بڕگەیە بۆ ئەوەیە کورد لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان دەنگی پێویست بەدەست نەهێنێت. باجەلان ئاشکراشی کردووە: زیاتر لە 300هەزار دەنگدەری ئاوارە لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێن و بۆ ڕۆژی هەڵبژاردن ناتوانن بەشداریی ئەو پرۆسەیە بکەن، بەتایبەتی هەندێ ناوچە هەن ڕەوشی ئەمنیان ئاڵۆزە و خەڵکی ناتوانن بگەڕێنەوە بۆ شوێنەکانیان و بەشداریی دەنگدان بکەن، پێشتریش دەزگای هەڵبژاردنی پارتی سکاڵای لە دژی یاساکە تۆمار کردووە و لە داهاتوودا هەڵوێستی تریشمان دەبێت.

ئەکرەم ئیمامئۆغلۆ لە ئامەد:

سەرۆک شارەوانییە هەڵبژێردراوەکان لە نێو یاساکاندا جێگرەوەیان نییە



سەرۆکی گەورەشارەوانی ئیستانبوڵ، ئەکرەم ئیمامئۆغلۆ لە دیاربەکر لەگەڵ هەریەک لە سەرۆکی گەورەشارەوانی دیاربەکر، عەدنان سەلچوک مزراکلی و سەرۆکی گەورە شارەوانی میێردین، ئەحمەد تورک کە لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی تورکیاوە و بەبیانووی پەیوەندییان بە پارتی کرێکارانی کوردستان و ئەو لێکۆڵینەوانەی لەگەڵیان بەردەوامە، لە کارەکانیان دوورخراونەوە، کۆبوویەوە و ڕایگەیاند: تاکە هۆکاری بوونمان لێرە، پێدانی هێزە بە ئێوە بەاڵم لەودیو ئەوەشەوە، ئێمە جیاوازیی ناکەین و خۆمان لە هەمان شوێنی ئێوەدا دەبینین. ئەکرەم ئیمامئۆغلۆ کە بەمەبەستی بەشداریکردن لە ئاهەنگێکدا لە باتمان، لەگەڵ هاوسەرەکەی، دیلەک ئیمامئۆغلۆ گەیشتە دیاربەکر، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا کە لە بارەگای لقی جەهەپە لە دیاربەکر بەڕێوەچوو، ئاماژەی بەوەکرد سەرۆک شارەوانییە هەڵبژێردراوەکان لە نێو یاساکاندا جێگرەوەیان نییە و دووڕخستەوەیان لە کارەکانیان بە هۆکارگەلێک کە دووڕە لەوەی ویژدانی ڕای گشتیی قایل بکات، دانانی قەیووم لە جێگەیان بێ ئاگایی و لادانە.

ئیمامئۆغلۆ ڕاشیگەیاند: لەو شوێنەی کە کەسێک کە لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە هاتووە بە هەڵبژاردن نەڕوات، نە دیموکراسیی دەمێنێت نە یاسا سەروەریی. ئەو ئیرادەیەی هاووڵاتیی کە لە سندوقەکان دێتە دەرەوە، ئیرادەیەک نییە کە کۆمەڵێک خاوەن پۆست بە خواستی خۆیان بە ڕەوا یان ناڕەوای ببینن. جەختی لەوەشکردەوە دووڕوستکردنی بەربەست لەبەردەم بە ئازادیی بەکارهێنانی مافی هاووڵاتیی بۆ هەڵبژاردن و هەڵبژێردران، جگە لە بەهێزکردنی ئەو چینانەی لە هەوڵەکانیان لە دەرەوەی دیموکراسیدان، هیچ سوودێکی دیکەی نییە.

ئیمامئۆغلۆ دواتر لە گۆڕستانی یەنیکۆی سەردانی مەزاری سەرۆکی پێشووی ژووری پارێزەرانی دیاربەکر، تاهیر ئەلچی کرد، و لە شارەوانی ناوچەی کایاپنار لەگەڵ هەریەک لە سەرۆکی گەورەشارەوانی دیاربەکر، عەدنان سەلچوک مزراکلی و سەرۆکی گەورە شارەوانی ماردین، ئەحمەد کۆبوویەوە. لە گوتەیەکدا کە لە میانی کۆبوونەوەکەدا پێشکەشیکرد، سەرۆکی گەورەشارەوانی ئیستانبوڵ ڕایگەیاند: "تاکە هۆکاری بوونمان لێرە، پێدانی هێزە بە ئێوە بەاڵم لەودیو ئەوەشەوە، ئێمە جیاوازیی ناکەین لە نیەتی خزمەتکردنی هاووڵاتیان کرایەوە و بۆ ئەمەش ڕۆڵی یۆنامی بەگرینگ زاندرا.

ئەو دیدارەی لەگەڵ مەحمود محەمەد و هاوڕێکانی کرد، ئەوەی دەرخست کە ئەو ڕێگەیەی هەڵبژاردووە بۆ چارەسەرکردنی ئاریشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا و هێزە سیاسییەکان و چەسپاندنی ئارامی و سەقامگیری و، خزمەتکردنی هاووڵاتیان کرایەوە و بۆ ئەمەش ڕۆڵی یۆنامی بەگرینگ زاندرا.

بەشێک لەو شوێنانە گۆڕی بە کۆمەڵی ئەنفالکراوەکانن

شوێنی 249 گۆڕی بە کۆمەڵ لە عێراق دەستنیشانکراون



دەنگی ئەمەریکا:

هەتا ئێستا 249 شوێن لە عێراق دەستنیشانکراون، کە گومان دەکرێت لەو شوێنانە گۆڕی بە کۆمەڵ هەبن، بەرپرسانی کوردیش لە بەغدا پێیانوایە بەشێک لەو شوێنانە، گۆڕی بە کۆمەڵی ئەنفالکراوەکانن. مانگی ڕابردوو، گۆڕێکی بە کۆمەڵ لە پارێزگای سەماوە دۆزرایەوە، کە ڕووفاتی 174 ژن و منداڵی تێدابوو، ڕووفاتەکان ڕەوانەی پزیشکی دادوەری عێراق کراون بۆ پشکنین.

ڕاوێژکارێکی سەرۆکایەتی کۆماری عێراق، کە هەفتەی ڕابردوو سەردانی پزیشکی دادوەری بەغدای کردووە، بەدەنگی ئەمەریکای گوتووە "تیمێکی پسپۆر سەرقاڵی پشکنینی ڕووفاتەکانن. " ئاماژەی بەوەشکرد، بڕیارە دوو گۆڕی تری بە کۆمەڵ لە پارێزگای سەماوە هەڵبدرێنەوە، دوای هەڵدانەوەی ئەو گۆڕانە و تاوابوونی ڕێکارە یاساییەکان، وەک ئەو ڕایگەیاندووە "مەراسیمێکی گەورە و شایستەیان بۆ ڕێکەدەخرێت و ڕووفاتەکان دەگەڕێنرێنەوە بۆ کوردستان. " هەر بەپێی قسەی ڕاوێژکارەکەی سەرۆکایەتی کۆمار، 249 شوێن دەستنیشانکراون، گومان دەکرێت سەرجەم ئەو شوێنانە گۆڕی بە کۆمەڵی سەردەمی ڕژێمی بەعس بن.

هەروەها جەبار عومەر بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی ناوچەی گەرمیان، ڕایگەیاندووە "ڕۆژانی داهاتوو، کۆبوونەوەیەک لە وەزارەت ئەنجام دەدرێت، دواتر دەگەڕێینەوە بۆ پارێزگای سەماوە بۆ هەڵدانەوەی دوو گۆڕی تری بە کۆمەڵ. " جێی باسە ئەنجامدانی پشکنین بۆ ڕوفاتی قوربانیانی نێو گۆڕە بە کۆمەڵەکەی پارێزگای سەماوە، لەکاتێکدایە تەمور عەبدوڵای ڕزگاربووی ئەنفال کە پێیوایە سەرجەم قوربانیەکانی نێو گۆڕەکە کەس و کارەکەین، ڕەخنەی لە چۆنیەتی هەڵدانەوەی گۆڕەکەش هەیە و سکاڵای تۆمار کردووە.

وەزیری ناوخۆ پێشوازی لە نوێنەری راوێژکاری ئەڵمانیا دەکات



رۆژی پێنج شەممە 2019/8/29 بەڕێز ڕێبەر ئەحمەد وەزیری ناوخۆ لە دیوانی وەزارەت پێشوازیی کرد لە شاندێکی باڵای حکوومەتی ئەڵمانیا کە پێکهاتبوو لە بەڕێزان پیر گێبناور نوێنەری راوێژکاری ئەڵمانیا و کریستیان کۆنزۆ نوێنەری وەزارەتی دەرەوە و کورت جۆرج ستۆکستیلفرێد نوێنەری وەزارەتی ناوخۆ و شاندێکی یاوەریان. لە دانیشتنێکدا کە بەڕێز سۆبێن کراوسپ جێگری کونسوڵی گشتی ئەڵمانیا لە هەرێمی کوردستان ئامادەی بوو، ڕەوشی ئەمنی و سیاسی عێراق بەگشتی و هەرێمی کوردستان بە تایبەتی گفتوگۆی لەسەرکرا و، شاندی میوان خۆشحاڵی خۆیان دەربڕی بەو سەقامگیری و هەڵمەتی ئاوەدانکردنەوەی لە هەرێمی کوردستان هەیە و ئامادەیی حکوومەتی ئەڵمانیایان نیشان دا بۆ هاوکاریکردنی هەرێمی کوردستان لە بنیاتنانەوە و ئاوەدانکردنەوەی هەرێم و ئومێدیان خواست پەیوەندییە دووقۆڵییەکانی نێوان ئەڵمانیا و هەرێمی کوردستان لەسەرجەم بوارەکاندا پەرەبستێنێ. لەبەرامبەردا بەڕێز وەزیری ناوخۆ سوپاسی حکوومەت و گەلی ئەڵمانیای کرد کە لە ساتە چارەنووسسازەکاندا پاڵپشتی گەل و حکوومەتی هەرێمی کوردستان بوون و خۆشحاڵی خۆشی نیشان دا بۆ پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا لەسەرجەم بوارەکاندا و ئامادەیی وەزارەتی ناوخۆشی نیشان دا بۆ پێشکەشکردنی هەموو ئاسانکارییەک لەم ڕووەوە.

شانشینی نەرویج گرنگیی بە پێشکەوتنی سیاسی و دیموکراسی و سەقامگیریی هەرێمی کوردستان دەدات



شانشینی نەرویج، بە ڕاسپاردنی نێردەی تایبەتی وڵاتەکەی و وەزارەتی دەرەوە بۆ سووریا و عێراق بەڕێز کنوت لینی و شاندێکی یاوەری، کە پێکهاتبوون لە بەڕێزان ڕۆنار هاوگسدال، جێگری باڵیۆزی وڵاتی شاهانەی نەرویج لە عەمان و بەغدا و خاتوو ماریە تیگێ، ڕاوێژکاری پێشکەوتووی باڵیۆخانە، بە مەبەستی ئاشنابوون بە پێشهاتەکانی ناوچەکە و هەڵسەنگاندنی بارۆدۆخی سیاسی و ئەمنی و مرۆیی، سەردانی هەرێمی کوردستانیان کرد و لەگەڵ پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان پرسە گرنگەکانی ناوچەکە و عێراق و بە تایبەتی هەرێمی کوردستانیان تاووتوێ کرد. هۆشیار سیوەیلی بەرپرسی مەکتەب، بە ئامادەبوونی ژمارەیەک لە ستافی پەیوەندییەکانی دەرەوە، پێشوازییان لە نێردەی تایبەتی شانشینی نەرویج و شاندی یاوەری کرد و سوپاس و ستاییشی گرنگیدانی شانشینی نەرویج و وەزارەتی دەرەوەی وڵاتەکەیان کرد لە چاودێریکردنی دۆخی هەنووکەیی عێراق و سووریا و گرنگیدانیان بە پێشکەوتنی سیاسی و دیموکراسی و سەقامگیریی هەرێمی کوردستانی دوای داعش و فراوانکردنەی پەیوەندییەکانی نێوانیان لە بواری بەرگری لە بەرامبەر ڕووبەڕووبوونەوەی هەموو ئەو ئەگەر و مەترسیانەی لە ناوچەکەدا سەریان هەڵداوە، کە دوای نەمانی داعش هێزەکانی میلیشیا لە عێراق بەرامبەر بە هەرێم و خەڵکی سڤیل لە ناوچە جێناکۆکەکان پەیڕەو دەکات و بە شێوەیەکی فراوانیش مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان پێشێڵ دەکرێت و توانای بەرگری لە بەرامبەر پاشماوەکانی داعشیان نەماوە، هەر بۆیە هەرێمی کوردستان خوازیاری گەڕانەوەی هێزەکانی پێشمەرگەیە بۆ ناوچە جێناکۆکەکان و بە هاوبەشی ئیدارەکردنی کەرکووک و شوێنەکانی تر، تا ئەنجامدانی سەرژمێریی گشتی و ئاساییکردنەوەی باری ئەمنی و ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی ڕاستەقینە، کە خەڵکی ناوچە جێناکۆکەکان پێی ڕازی بن.

بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە دیدارەکەدا باسی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و وڵاتی شاهانەی نەرویج و ئەو پەیوەندییانەی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی (پ. د. ک) لەگەڵ دامەزراوەکانی نەرویجیدا بنیادی ناوە کرد و خواستی بەرەودان بە پەیوەندییەکان لەگەڵ شاهانەی نەرویج و دامەزراوەکانی حکوومی و حزبی و پەرلەمانی تاووتوێ کران و داوای لە نێردەی تایبەتی شاهانەی نەرویج و وەزارەتی دەرەوەی نەرویجی کرد بۆ بەرەودان بە پەیوەندییەکانی نێوان کوردستان و نەرویج کۆنسوڵخانەی وڵاتەکەیان لە هەولێری پایتەخت بکەنەوە.

بەڕێز کنوت لینی، نێردەی تایبەتی شاهانەی نەرویج و وەزارەتی دەرەوەی نەرویجی، شیکردنەوەیەکی واقعبینانەی بۆ قەیرانی سووریا و پرسەکانی نێوان عێراق و هەرێمی کوردستان کرد و ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکە لە دوای نەمانی داعش و پێشکەشکردنی هاوکارییەکانی مرۆیی و هێنانەدیی ئاشتەوایی و بەشداریی ڕاستەقینەی هەموو پێکهاتەکانی عێراق لە حوکمڕانی و دامەزراوەکانی عێراقدا بە ئاراستەی چارەسەرکردنی کێشە دەستوورییەکان جێی بایەخی وڵاتی شاهانەی نەرویجە.

مووسڵ.. ژمارەیەک چەکداری نەناسراو هەڵیانکوتایە سەر ماڵێک لە ناحیەی حەمام عەلیل 20 کلم باشووری شاری مووسڵ ناوەندی پارێزگای نەینەوا باکووری عێراق و سەرۆک خێزانێک و چوار لە کوڕەکانیان کوشت.

جبووری گوتیشی: بەرلەوەی هێزە ئەمنییەکان بگەنە شوێنی ڕووداوەکە، چەکدارەکان بەرەو شوێنێکی نادیار هەڵاتوون و لە ئێستادا هێزە ئەمنییەکان هەڵمەتێکی فراوانی گەڕان و پشکنینیان بۆ دۆزینەوەی ئەنجامدەرانی ئەو کارە، دەست پێکردووە. ناوبراو ئاماژەی بەوەش کردووە کە پۆلیس لێکۆڵینەوەی لەبارەی ڕووداوەکە دەستپێکردووە، و تەرمەکانیش ڕادەستی پزیشکی دادی لە مووسڵ کراون. جێی باسە تاوەکو ئامادەکردنی ئەم هەواڵە هیچ لایەنێک بەرپرسیارییەتی خۆی لە ئەنجامدانی ئەو کارە ڕانەگەیاندووە، بەڵام زۆرجار بەرپرسانی ئەمنیی ئەنجامدانی ئەو جۆرە هێرشە و کوشتنەی ئەنجام دەدرێن، دەخەنە ئەستۆی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش.

پێنج ئەندامی یەک خێزانیان کوشت

ژمارەیەک چەکداری نەناسراو هەڵیانکوتایە سەر ماڵێک لە ناحیەی حەمام عەلیل 20 کلم باشووری شاری مووسڵ ناوەندی پارێزگای نەینەوا باکووری عێراق و سەرۆک خێزانێک و چوار لە کوڕەکانیان کوشت.

جبووری گوتیشی: بەرلەوەی هێزە ئەمنییەکان بگەنە شوێنی ڕووداوەکە، چەکدارەکان بەرەو شوێنێکی نادیار هەڵاتوون و لە ئێستادا هێزە ئەمنییەکان هەڵمەتێکی فراوانی گەڕان و پشکنینیان بۆ دۆزینەوەی ئەنجامدەرانی ئەو کارە، دەست پێکردووە. ناوبراو ئاماژەی بەوەش کردووە کە پۆلیس لێکۆڵینەوەی لەبارەی ڕووداوەکە دەستپێکردووە، و تەرمەکانیش ڕادەستی پزیشکی دادی لە مووسڵ کراون. جێی باسە تاوەکو ئامادەکردنی ئەم هەواڵە هیچ لایەنێک بەرپرسیارییەتی خۆی لە ئەنجامدانی ئەو کارە ڕانەگەیاندووە، بەڵام زۆرجار بەرپرسانی ئەمنیی ئەنجامدانی ئەو جۆرە هێرشە و کوشتنەی ئەنجام دەدرێن، دەخەنە ئەستۆی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش.

ئەو هێزانەی لە کەرکووک و مووسڵن پێشێلکارییان دژی پێکهاتەکان کردووە

زیا پترس: کریستیان و کوردانی ئێزدی لە دەشتی نەینەوا دەردەکرێن و دەست بەسەر مواڵک و ماڵیاندا دەگیرێت



سەرۆکی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤی هەرێمی کوردستان ئاماژەی بۆ ئەوە کرد، مەترسی بۆ سەر پێکهاتەکانی دەرەوەی ئیدارەی حکوومەتی هەرێم پەیدا بووە و دەشڵێ، لە دەشتی نەینەوا کریستیان و کوردانی ئێزدی دەردەکرێن و دەست بەسەر ملک و ماڵیاندا دەگیرێت. زیا پترس، سەرۆکی دەستەی مافی مرۆڤ بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: لە دوای ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەرەوە ڕەوشی مافی مرۆڤ لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی حکوومەتی هەرێم کەوتووەتە مەترسییەوە و پێشێلکاری زۆر بەرامبەر بە پێکهاتەکانی کەرکووک و خانەقین و نەینەوا دەکرێت بە کورد و کریستیان و پێکهاتەکانی دیکەوە، چونکە ئەو هێزانەی بۆ لەنێوبردنی داعش هاتوونەتە ئەو ناوچانە نەک نەیانتوانیوە داعش لەنێو ببەن، بەڵکو خۆیان پێشێلکارییان کردووە.

سەرۆکی دەستەی مافی مرۆڤ ئاماژەی بۆ ئەوەش کردووە: لە ناوچەکانی دەروبەری مووسڵ پڕۆسەی گۆڕینی دیموگرافیای ناوچەکانی کریستیان و کوردانی ئێزدی دەستپێکردووە و پارەیەکی زۆر خەرج دەکرێت بۆ ئەوەی خەڵکی ڕەسەنی ئەو ناوچانە شوێنەکانیان بەجێبێڵن، بێگومان دەستی دەرەکیی تێدا هەیە، چونکە پێویست بوو دوای نەمانی داعش خەڵک بگەڕێنەوە ناوچەکانی خۆیان، کەچی بەپێچەوانەوە خەڵک لە ناوچەکانیان دەردەکرێن.

زیا پترس دەشڵێت: هەموو هێزە ئەمنی و سەربازییەکانی دەشتی نەینەوا دەستیان لە پێشێلکاریدا هەیە و لە شوێنێکی وەک بەرتللە، کە خەڵکی سەنتەری شارۆچکەکە هەموویان کریستیانن، ئێستا پارە دەڕێژن بۆ کڕین ملک و ماڵی ئەو کریستیانانە و ئەوانەیشی ئامادە نین پێیان بفرۆشن بەزۆر لێیان وەردەگیرێت، بەداخەوە تەشیعکردنی ناوچەکە دەستیپێکردووە. لەبارەی ئەو هەموو هێزانەی لە ناوچە کێشەلەسەرەکاندا هەن. پترس دەڵێت: ئەو هێزانە ڕێکنەخراون، چەندین جۆریان هەیە، جارێ حەشدی شەعبی کەس نازانێت چەند هێزن و سەر بە کێن، هەتا فەرماندەی هێزە چەکدارەکان خۆی ناتوانێت فەرمان بە هەندێ لەو گرووپانە بکات، هەبوونی ئەو هێزانە مەترسیی بۆ سەر خەڵک دروست کردووە.

ئەنوەر هەدوشی ناسراو بە جەلادە داعشەکەی ڕەققە لای هەسەدە دەستبەسەرە



K24/بەگوێرەی هەواڵێکی میدیاکانی بەلجیکا، هێزەکانی سووریای دیموکراتی (هەسەدە) چەند مانگێکە یەکێک لە گرنگترین چەکدارەکانی داعش کە هاوولاتییەکی بەلجیکییە دەستگیرکردووە، ناوی ئەنوەر هەدوشییە و بە "جەلادەکەی داعش لە ڕەققە" ناسراوە. ڕۆژنامەی De Morgen بەلجیکی نوسیوویەتی: هەدوشی، بە ئەبو سەلمانی بەلجیکیش ناسراوە، ئێستا لە یەکێک لە زیندانەکانی هەسەدەیە لە باکووری سووریا، خۆی و جولی مایسی تەمەن 23 سااڵنی هاوژینی لە هێرشی سەر شارەدێی باغۆز کەوتونەتە دست شەڕڤانانی هەسەدە، هەدوشی تەمەنی 35ساڵانە و تۆمەتبارە بە لە سێدارەدانی 100 کەس لە ڕەققە".

پێشتریش پارێزەر، ئیبراهیم فەرەج، سەرۆکی لیژنەی دادوەری ئەنجوومەنی مەدەنی ڕەققە بە ڕۆژنامەی La Libre Belgique و پڕۆگرامێکی RTL Info گوتبوو: "هەدوشی ناوی لە خۆی ناوە ئەبو سەلمانی بەلجیکی، تایبەتمەند بووە بە سەربڕینی خەڵک و خەڵکی شارەکەشی ناچار کردووە لەکاتی سەربڕینی نەیارانی داعش و هاوولاتیاندا، لە مەیدانی بازاڕی ناوەندیی ڕەققە تەماشا بکەن". هەروەها دەسەاڵتدارانی فەرەنسی و بەلجیکی پێیانوایە جەلادەکەی داعش پاڵپشتیی گرووپە تیرۆریستییەکانی بڕۆکسێل و پاریسی کردووە.

مەهاباد.. دوو گەنجی کورد لەلایەن سوپای پاسدارانەوە کوژران





ڕۆژی هەینی سوپای پاسداران لە گوندێکی سەر بە شاری مەهاباد دوو لاوی کوردیان بە تۆمەتی هاوکاریکردنی حیزبێکی کوردستانی دایە بەر دەستڕێژی گوللە و لە ئاکامدا هەردوویان گیانیان لەدەست داوە. بەپێی هەواڵی ڕێکخراوی (هەنگاو) بۆ مافەکانی مرۆڤ، ئێوارەی ڕۆژی هەینی چەکدارانی سوپای پاسداران لە ناوچەی "زیندوو سپی"ی مەهاباد شوێن دوو گەنجی کورد کەوتوون و دواتر هەردوویانیان لەنێو ئۆتۆمبێلێکەیاندا داوەتە بەر دەستڕێژی گوللە و لە ئاکامدا گیانیان لەدەست داوە. ناسنامەی ئەو دوو لاوە کە کوژراون "سادق ئاگووشی" خەڵکی پیرانشار و کوڕە خاڵەکەی بە ناوی "بایزید ڕەسوڵی" خەڵکی گوندی "حەسەن چەپ"ی مەهاباد ڕاگەیاندووە. هێزەکانی ئیتلاعاتی سوپای پاسداران هێرشیان کردووەتە سەر ماڵی سادق و باوکیان بەناوی "کاوە ئاگووشی" و برایەکی دیکەیان بە ناوی "شێرکۆ ئاگووشی" بە تۆمەتی هاوکاریکردنی حزبێکی کوردستانیی دژبەری ئێران دەستگیر و بۆ شوێنێکی نادیاریان گواستوونەتەوە و سەرچاوەیەکی خۆجێیی ئاشکرای کردووە چارەنووسی شێرکۆ نادیارە و نازانێت دەستگیر کراوە یان نا. بەپێی هەمان سەرچاوە "سادق و بایزید" بە تۆمەتی هاوکاری کردنی حزبێکی کوردستانی لەلایەن سوپای پاسدارانەوە خراونەتە ژێر چاوەدێری و شوێنیان کەوتوون. هاوکات حزبی دیموکراتی کوردستان، لە ماڵپەڕی فەرمیی خۆی بڵاوی کردووەتەوە کە ئەو دوو گەنجە ئەندامی ئەوان بوون و لەلایەن سوپای پاسدارانەوە شەهید کراون. جێی باسە ڕۆژی چوارشەمە 28ی8ی2019 لە گوندی قەڵەڕەشی سەردەشت تێکهەڵچوونێکی چەکدارانە لەنێوان هێزەکانی سوپای پاسداران و پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان (حدک) هاتە ئاراوە کە لە ئەنجامی ئەو تێکهەڵچوونەدا دوو ئەندامی حدک بە ناوەکانی "عەلی بایزپەروەر و ئیبراهیم عەزیزنژاد" گیانیان لەدەست دا. لەو تێکهەڵچوونەدا لایەکی تەمەن 18ساڵیش بە ناوی میهران ئەحمەدیان بە تۆمەتی هاوکاریکردنی هێزەکانی حدک بریندار و دەستبەسەر کراوە.

www.xebat.net
یەک شەمە 2019/9/1 ژمارە (5818) | خەبات

عێراق... ئامادەکاری بۆ پێشکەشکردنی سکاڵا لە UN لە دژی ئیسرائیل دەکرێت

پەرلەمانتارێک: ئیسرائیل بەرپرسیارە لە هێرشی سەر بارەگاکانی حەشدی شەعبی



ئەندام پەرلەمانێکی عێراق دەڵێت حکوومەتی وڵاتەکەی ئامادەکاری دەکات بۆ پێشکەشکردنی سکالایەک بە نەتەوە یەکگرتووەکان پاش ئەوەی گەیشتە ئەو ئەنجامەی ئیسرائیل لە پشت هێرشی سەر بنکەکانی حەشدی شەعبییە. بە پێی بەشی کوردیی دەنگی ئەمەریکا، ئاڤانسی دەنگوباسی فرانس پرێس بڵاویکردۆتەوە، ئەحمەد ئەلئەسەدی گوتەبێژی قەوارەی ئەلفەتح لە پەرلەمان لە لێدوانێکی بۆ ڕۆژنامەوانان لە بەغدا گوتوبەتی لێکۆڵینەوەکانی حکوومەت بە بەڵگەوە نیشانی دەدەن ئیسرائیل بەرپرسیارە لە هێرشەکان. گوتیشی لە ئێستادا حکوومەت سەرقاڵی کۆکردنەوەی بەڵگەکانە تاوەکو بتوانێت بەهێزبانەوە سکاڵای خۆی ڕەوانەی نەتەوە یەکگرتووەکان بکات. ئەسەدی ئامادەی بۆ ئەوەش کردووە کە هێشتا نازانرێت ئەمەریکا دەستی لەو هێرشانە هەبووبێ یان نا. جێی باسە لە مانگی حەوتەوە هەتا ئێستا تەقینەوە لە نێو 5بنکەی حەشدی شەعبی ڕووبانداوە و حەشد لای خۆیانەوە ئیسرائیل تاوانبارەدەکەن. ئەسەدی دەڵێت تەنیا زیانی لیوایەکی حەشد لە تەقینەوەکانی سەربازگەی سەقەری بەغدا نزیکەی 800 هەزار دۆلار بووە.

لەلایەکی دیکەشەوە وەزارەتی بەرگریی عێراق ڕایگەیاندووە کە هەموو ڕێوشوێنێکی پێویست لە ڕووی سەربازیی و ئەمنییەوە دەگرێتەبەر لە پێناو پارێزگاریکردن و بەرگریکردن لە وڵاتەکەی. لە دوای کۆبوونەوەیەکی ئەنجوومەنی بەرگریی کە بە ئامادەبوونی سەرۆک ئەرکانی سوپای عێراق، فەریقی یەکەم ڕوکن عوسمان غانمی و یاریدەدەرانی بۆ ئۆپەراسیۆنەکان، کارگێڕی و مەشق و ڕاهێنانەکان لەگەڵ ژمارەیەک لە فەرماندە سەربازییەکان سازکرا ڕاگەیەندراوێک بڵاکرایەوە. بەپێی ڕاگەیەندراوەکە وەزیری بەرگری عێراق، نەجاح شەمکەری لە کۆبوونەوەکەدا ڕاگەیاندووە وەزارەتەکەی هەموو ڕێوشوێنی پێویست لە ڕووی سەربازیی و ئەمنییەوە دەگرێتەبەر بۆ پارێزگاریکردن و بەرگریکردن لە وڵاتەکەی. لە دوای کۆبوونەوەیەکی ئەنجوومەنی بەرگریی کە بە ئامادەبوونی سەرۆک ئەرکانی سوپای عێراق و ئامادەی بەوەشکردووە، هەر هێرشێک بکرێتە سەر هەر لایەنێکی عێراق، واتای هێرشکردنە بۆسەر عێراق.

نەجاح شەمکەری جەختیکردووەتەوە کە گرنگە ڕێوشوێنی پێویست بەرامبەر ئەو کەس و لایەنانە بگیرێتەبەر کە هەوڵدەدن زیان بە سەروەریی و شکۆی عێراق بگەیەنن. وەزیری بەرگری عێراق، نەجاح شەمکەری هەروەها لە کۆبوونەوەکەدا گوتوویەتی: گرنگە هەماهەنگی و هاوکارییەکانی نێوان سوپا، پۆلیسی فیدرالی، پاسەوانی سنوور، دژە تیرۆر، حەشدی شەعبی، هێزەکانی پاسەوانی هەرێم و پێشمەرگە پتەوتر بکرێت بۆ ئەوەی بتوانن زیاتر ڕووبەڕووی ئەو کەسانە ببنەوە کە دەیانەوێت ئاسایشی عێراق تێک بدەن. جێی باسە بەم دواییانە لە ژمارەیەک هێرشدا، چوار بارەگای حەشدی شەعبی لە چەند ناوچەیەکی عێراق کرانە ئامانج و تا ئێستا ئەو لایەنە ئاشکرا نەکراوە کە ئەو هێرشانەی ئەنجامداوە.



ئەمەریکا کەشتییە نەوتهەڵگرەکەی ئێرانی خستە لیستی سزاکانییەوە

ئیدارەی ئەمەریکا بە تۆمەتی پێشێلکردنی سزاکانی سەر سوپای پاسداران، کەشتیی ئێرانیی "ئادریان دەریا/1" کە ئالای پەنەمای لەسەرە، خستە لیستی سزاکانییەوە. لە ڕاگەیەنراوێکدا کە لەلایەن وەزارەتی گەنجینەی ئەمەریکاوە بڵاوکراوەتەوە، ئاماژە بەوەکراوە ئەو کەشتییە لە بەرژەوەندیی فەیلەقی قودسی سەربە سوپای پاسداران، نەوتی گواستووەتەوە.

بەپێی ڕاگەیەنراوەکە کەشتیی ئادریان دەریا/1 بەهۆی ئەوەی بەمەبەستی پشتیوانییکردن لە سوپای پاسداران کە لە لیستی سزاکانی ئەمەریکادایە، دوو ملیۆن و 100 هەزار بەرمیل نەوتی خاوی گواستووەتەوە، خراوەتە لیستی سزاکانەوە.

هاوکات وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، مایک پۆمپیۆ، لە هەژماری خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر، پەیامێکی لەبارەی کەشتییەکەوە بڵاوکردووەتەوە و ڕایگەیاندووە: وەزیری دەرەوەی ئێران، زەریف، گرنتی دایە بەریتانیا کە ئادریان دەریا/1 نەچووەتە سووریا. بەڵام ئێمە خاوەنی زانیاریی متمانەپێکراوین کە کەشتییەکە چووەتە بەندەری تەرتوس لە سووریا.

قەیرانی کەشتییەکە

هەرێمی جەبەلتارقی سەربە بەریتانیا، ڕۆژی 4ی تەموز، بە تۆمەتی پێشێلکردنی سزاکانی سەر سووریا، کەشتیی نەوتهەڵگری ئێرانی "گریس 1" کە ئالای پەنەمای هەڵکردبوو. دەستبەسەرکردبوو. لەبەرامبەردا کاربەدەستانی ئێران داوای ئازادکردنی کەشتییە نەوتهەڵگرەکەیان کردبوو، ئەگەرنا ئەوا تۆڵەی دەکەینەوە.سوپای پاسدارانی ئێران ڕۆژی 19ی تەموز کەشتیی نەوتهەڵگری بەریتانیی "ستینۆ ئیمپیرۆ"ی لە کاتی تێپەڕین بە گەرووی هورمزدا، بە تۆمەتی پابەند نەبوون بە یاساکانی دەریاوانی، دەستبەسەرکردبوو. دادگای باڵای جەبەلتارق ڕۆژی 15ی ئاب بڕیاریدابوو کەشتییە نەوتهەڵگرە ئێرانییەکە ئازادبکات بەڵام دادگای ناوچەی کۆڵۆمبیای ئەمەریکا، بڕیاریدابوو دەست بەسەر کەشتییەکەدا بگیرێت. ئێران لەدوای ئازادکردنی "گریس/1" ئالای خۆی لەسەر هەڵکردبوو، ناوەکەشی بۆ "ئادریان دەریا/1" گۆڕیبوو.

عەللاوی داوا دەکات بە یاسا چارەنووسی بێسەروشوێنکراوەکان یەکلایی بکرێتەوە



سەرۆکوەزیرانی پێشووی عێراق، ئەیاد عەللاوی داوا لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دەکات یاسایەک دەربکات کە حکوومەت پابەندبکات بە دانانی کاتێکی دیاریکراو بۆ یەکلایی کردنەوەی چارەنووسی دۆسیەی بێسەروشوێنکراوەکان. لە بەیاننامەیەکدا کە بەڕێنەی ڕاگەیاندنی پارتێکی سیاسیی نوێ بەناوی "مینبەری عێراق" بە سەرۆکایەتی ئەیاد عەللاوی، بڵاوکراوەتەوە، کە هاوکاتە لەگەڵ ڕۆژی جیهانیی بێسەروشوێنکراوەکاندا کە دەکەوێتە 30ئاب). بەرپرسانی سوننە، گرووپە چەکدارەکانی شیعە بەوە تۆمەتبار دەکەن کە لە میانی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکاندا لەوەتەی 2014ەوە، سەدان کەسیان لە دانیشتوانی ناوچە سوننە نشینەکانیان لە هەردوو پارێزگای بابل و ئەنبار بێسەروشوێنکردووە و تاکو ئێستا چارەنووسی ئەو کەسانە نادیارە.

ئەیاد عەللاوی ڕایگەیاندووە: بەپێی داتاکانی لێژنەی نێودەوڵەتی بۆ کاروباری بێسەروشوێنکراوەکان، جەنگ و ململانێکان لە میانی دەیەکانی ڕابردوودا کە وڵات پێیدا تێپەڕیووە، بەوهێزەوە نزیکەی یەک ملیۆن کەس بێسەروشوێن بوونە. عەللاوی ڕوونی کردووەتەوە، کە سوکاری بێسەروشوێنکراوەکان، خێزانەکانیان و دایکانیان لە ژیانێکی سەختدا دەژین، چاوەڕوانی ڕێککارەکانی حکوومەت دەکەن بۆ ئاشکراکردنی چارەنووسی بێسەروشوێنکراوەکان و چۆنییەتی ونبوونیان.

ئەیاد عەللاوی ڕاشیگەیاندووە، لە ڕۆژی جیهانی بێسەروشوێنکراوەکاندا داوای پێکهێنانی دەستەیەکی تایبەت دەکەم بۆ بەدواداچوونی دۆسیەی ونبوو و بێسەروشوێنکراوەکان، هەروەها داوا لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دەکەم یاسایەک دەربکات کە حکوومەت پابەندبکات بە دانانی کاتێکی دیاریکراو بۆ یەکلایی کردنەوەی ئەم دۆسیەیە.

جێی باسە ناوەڕاستی ئەم مانگە، ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە هاوپەیمانی سوننەکان، ئەحمەد جبووری ئاشکرا کردبوو، 31 تەرم کە لەو کەسانەدابوونە لە میانی ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی ناوچە سوننەنشینەکان بێسەروشوێنکرابوون، بەخاکسپێردراون و ئاماژەی بەوەشکربوو کە لایەنە پەیوەندارەکان بەبێ ئاگادارکردنەوەی کەسوکاریان، ئەو 31 تەرمەیان بەخاکسپاردبوو.

هەروەها ئەمیندارى گشتى حزبى عێراقى، محەمەد کەربولى لە تویتێکدا کە لە هەژمارى تایبەتى خۆى لە تۆڕى کۆمەڵایەتى تویتەر بڵاوى کردووەتەوە، نووسیوویەتى: بەبۆنەى ڕۆژى جیهانیى بێسەروشوێنکراوەکاندا بە هەوادارانمان و ڕێکخراوکانى مرۆڤیى و نەتەوە یەکگرتووەکان ڕادەگەیەنین کە هەموو ئەو بانگەوازانەى ئاراستەى حکوومەتى عێراق کرابوون بۆ ئاشکراکردنى چارەنووسى هەزاران کەس لە ونبوو و ئەو کەسانەى کە بەزۆر بێسەروشوێنکراون، شکستیان هێناوە. کەربولى ڕاشیگەیاندووە: ئەو کەسانە کە لە میانى ئۆپەراسیۆنەکانى ڕزگارکردندا بێسەروشوێنکراون و هەزاران کەسیان لە کەسوکاریان لەدواى خۆیان جێهێشتووە، حکوومەت هیچ بایەخێک بە ئاشکراکردنئ چارەنووسیان کەسوکارەکانیان نادات.


ئەمیندارى گشتى حزبى حەلى عێراقى داواى لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان کردووە ئەرکى پابەندبوونى مرۆڤیى خۆیان جێبەجێ بکەن و داوا لە حکوومەتى عێراق بکەن هەموو ڕێککارەکان بگرێتەبەر بۆ ئاشکرا کردنى چارەنووسى بێسەروشوێنکراوەکان و ئەو دۆسیە گرنگە یەکلایى بکاتەوە.

بەهۆی پشتیوانییکردن لە حیزبوڵڵای لوبنانییەوە

ئەمەریکا ژمارەیەک بانک و کەسایەتی و کۆمپانیای خستە لیستی سزاکانییەوە

ئەمەریکا، جەمال تردست بانکی لوبنانی و ئەو دامەزراوانەی سەربە بانکەکەن، بەهۆی پشتیوانییکردن لە حیزبوڵڵا، خستە لیستی سزاکانەوە. لە ڕاگەیەنراوێکدا کە لەلایەن وەزارەتی گەنجینەی ئەمەریکاوە بڵاوکراوەتەوە، ئاماژە بەوەکراوە ئیدارەی واشنتۆن، بڕیاریداوە سزا بەسەر "جەمال تردست بانک" و دامەزراوەکانی سەربە بانکەکە بسەپێنێت بەهۆی ئەوەی هاوکاریی دارایییان پێشکەش بە حیزبوڵڵا کردووە. لە ڕاگەیەنراوەکەدا هاتووە "بانکەکە پارەی داوەتە خانەوادەی یەکێک لە خۆکوژەکان". لە ڕاگەیەنراوێکیشدا کە لەلایەن وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، مایک پۆمپیۆ بڵاوکراوەتەوە، ئاماژە بەوەکراوە ئەو بانکە ماوەیەکی درێژە ڕۆڵی لە کاروبارە دارایی و بانکییەکانی حیزبوڵڵادا هەیە و کارەکانی بانکەکە زیانی بە کۆی سیستەمی دارایی لوبنان گەیاندووە. مایک پۆمپیۆ ڕایگەیاندووە "بڕیاری سزادانی ئەو بانکە، ڕژدییمان نیشاندەدات لە شەڕکردن لەگەڵ تیرۆریستانی حیزبوڵڵا و چالاکییە نایاساییەکان لە لوبنان". هاوکات وەزارەتی گەنجینەی ئەمەریکا سزای بەسەر چوار هاووڵاتیی فەڵەستینیدا سەپاند بەتۆمەتی گواستنەوەی دەیان ملیۆن دۆلار لەنێوان فەیلەقی قودسی سەربە سوپای پاسداران و حەماس. هەر لە ڕاگەیەنراوەکەدا هاتووە هەریەک لە محەمەد سەروور، کەمال عەبدولڕەحمان عارف عەوز، فەواز مەحمود عەلی ناسر، محەمەد کەمال ئەلعەی، پشتیوانیی دارایی، تەکنەلۆژیی و لۆجستیی حەماسیان کردووە.

تەرەمپ: پەیوەندیمان بە شکستی هەڵدانی ڕۆکێتە ئێرانییەکە نییە



دۆنالد تەرەمپی سەرۆکی ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەتویتێکدا ڕایگەیاندبوو "هیوای چانسێکی باش بۆ ئێران دەخوازم لە دەستنیشانکردنی ئەو هۆکارانەی بوونە هۆی شکستی ئەرکەکە، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەستی لەو ڕووداوە کارەساتبارەدا نییە کە لە کاتی ئامادەکارییەکانی کۆتایی بۆ هەڵدانی مووشەکی Safir SLV ڕوویداوە، هیوای چانسێکی باش بۆ ئێران دەخوازم بۆ ئەوەی ئەو هۆکارانە دەستنیشان بکات کە لە شوێنەکەدا ڕوویداوە".

جێی باسە ڕۆژی پێنج شەمە ئێران ڕۆکێتێکی بۆ بۆشایی ئاسمان تاقیکردبۆوە بەپێی سەرچاوە ئەمەریکییەکانیش تاقیکردنەوەکە هەر لە قۆناغی سەرەتاییدا و لە سەر زەوی تووشی کێشە بووەتەوە هەوڵەکەش شکستی هێنابوو، پێدەچێت بەر لە بەرزبوونەوەی مووشەکەکە بۆ ئاسمان تەقیبێتەوە.

هۆشداریی ناتانیاهۆ بۆ فەڕەنسا لەبارەی ئێران:

هەڵوێستی شەڕەنگێزانەی ئێران لە ناوچەکە زیادیکردووە



سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل، بنیامین ناتانیاهۆ بانگەشەی ئەوە کرد کە هەڵوێستی "شەڕانگێزی" ئێران لە ناوچەکە زیادیکردووە و ڕاشیگەیاند کە کۆبوونەوەی سەرکۆماری فەڕەنسا، ئیمانوێل ماکرۆن لەگەڵ ئێران لە کاتێکی وەک ئێستادا دروست نییە. بەپێی ئەو ڕاگەیەندراوەی لە نووسینگەی سەرۆکایەتی وەزیرانی ئیسرائیل بڵاوکراوەتەوە، سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل، بنیامین ناتانیاهۆ و سەرکۆماری فەڕەنسا، ئیمانوێل ماکرۆن پەیوەندییەکی تەلەفۆنیان ئەنجامدا. لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژە بەوەشکرا کە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکە لەسەر خواستی لایەنی فەڕەنسی بووە و ئەوەش خرایەڕوو کە "کاتێکی گونجاو نییە بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ ئێران کە هەڵوێستی شەڕەنگێزانەی لە ناوچەکە زیادیکردووە".

جێی باسە لە پەراوێزی لووتکەی G7 سەرکۆماری فەڕەنسا، ئیمانوێل ماکرۆن ڕایگەیاندبوو، دەیەوێت لە هەفتەکانی داهاتوودا سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالد تەرەمپ و سەرکۆماری ئێران، حەسەن ڕوحانی کۆببنەوە و گوتی: هەلومەرجەکانمان ڕەخساندووە تا کۆبوونەوەکە ئەنجامبدرێت و بگەنە ڕێککەوتن.



بە فەرمانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان

سەنتەری دەرهێنانی پاسپۆرت لە کۆیە دەکرێتەوە

وەزیری ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، لەسەر فەرمانی مەسروور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بەڕێوەبەرایەتی دەرهێنانی پاسپۆرت لەسەرجەم قەزاکانیش دەکرێتەوە.

ڕێبەر ئەحمەد، وەزیری ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە تویتەرەوە بڵاویکردووەتەوە، کە بە فەرمانی مەسروور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، خزمەتگوزارییەکان لە کەرتی گشتی، نەک هەر تەنیا شارە گەورەکان، بەڵکو هەموو قەزاکانیش دەگرێتەوە، لەو چوارچێوەیەش بڕیاردراوە، سەنتەرێکی دەرهێنانی پاسپۆرت لە قەزای کۆیەش بکرێتەوە. وەزیری ناوخۆ ئەوەشی ڕاگەیاندووە، کە بڕیارە لە قەزاکانی زاخۆ، سۆران و ئاکرێش سەنتەری دەرهێنانی پاسپۆرت بکرێتەوە. یەکێک لە خاڵەکانی کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بە سەرۆکایەتی مەسروور بارزانی، بڕیتییە لە گەیاندنی خزمەتگوزاریی گشتی بە هەموو شوێنێک و دووپات لەوە کراوەتەوە، کە ئەو خزمەتگوزارییانە تەنیا شارە گەورەکان ناگرێتەوە.

لە دوای مانگێکدا خولێکی ڕۆشنبیریی لقی16ی هەولێر کۆتاییهات



بە ئامادەبوونی کاکەمین نەجار ئەندامی مەکتەب سیاسی و سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارێزگای هەولێرو بڵند ئیسماعیل بەڕێوبەری لقی 16ی پارتی دیموکراتی کوردستان و تەیب زرار کارگێڕی لق و ژمارەیەک لە بەرپرسانی حزبی و حکومی سنوورەکە لە مەراسیمێکی تایبەتدا کۆتایی هێنرا بەخولێکی ڕۆشنبیری کە لێژنە ناوچەی کەسنەزان بۆ 85 کادیری سنوورەکەی کردبوویەوە زیاتر لە مانگێکی خایاند و تیایدا چەندین وانەی بەسوود لەلایەن مامۆستایانی بەئەزموون و کەسانی ئەکادیمییەوە وترانەوە.

لە دەسپێکی مەراسیمی کۆتاییهێنانی خولەکەدا کاکەمین نەجار ئەندامی مەکتەبی سیاسی و سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارێزگای هەولێر وێڕای دەستخۆشی گەرمی بۆ ڕێکخەرانی خولەکە سوپاسی مامۆستایانی خولەکەی کرد بۆ ئەو ئەرکەی گرتیانە ئەستۆی خۆیان و بەهەوڵی دڵسۆزانەیان توانییان بەسەرکەوتوویی خولەکە بەئەنجام بگەیەنن.

لە بەشێکی دیکەی مەراسیمەکەدا لەلایەن بەرپرسانی ئامادەبووەوە بڕوانامەی دەرچوون و دیاری ڕێزلێنان بەسەر بەشداربوانی خولەکەدا دابەشکرا، جێگەی باسە خولەکە ماوەی مانگێکی خایاندو تیایدا 85 کادیر لەچین و تویژە جیاجیاکانی سنوورەکە بەشداربوون و بەسەرکەوتوویی کۆتایی هات.

بەرپرسێ لقا ئێک ل ڕەوشا تەندروستی یا پێشمەرگێ ئەیلوولێ پرسێ



سەربەست تڕوانشی ئەندامێ ئەنجوومەنێ سەرکردایەتیا پارتی دیموکراتی کوردستان و بەرپرسێ لقا ئێک ژ بو لێپرسینا ڕەوشا تەندروستی یا پێشمەرگێ ئەیلولێ و کادرێ پارتی حجی عەبدلرەزاق مالتایی سەرا وی دا و ب نێزیکی ڤە هایدارێ تەندروستی یا وی بوو و گوت: هێن ئەون یێن کو د ڕوژێن سەخت و دژوار دا بەرگری ل ڤێ ئاخێ کری و بونە هێڤێنێ ئەڤرویا کوردستانێ و هەروسا بەرپرسێ لقێ ئامادەبونا خوە بو هەر پێتڤی و هاریکاریەکێ دا دیارکرن، مالباتا ناڤبری سوپاسیا بەرپرسێ لقێ کر ژ بو لێپرسینا ڕەوشا بابێ وان .

مەڕاسیمی ناساندنی کتێبی سێبەری نەتەوەیی بەڕێوەچوو

پرسەو سەرەخۆشی

هەڤاڵی بەڕێز تارا بایز ئاغا

خەمباربووین بە بیستنی هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی و پێشمەرگەی شۆڕشی مەزنی ئەیلول، باوکی بەڕێزتان خوالێخۆشبوو (بایز ئاغای شیوەکەڵ).

بەو بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشیمان ئاراستەی ئێوەی بەڕێز و تەواوی خانەوادە تێکۆشەرەکەتان و خزم و دۆست و هەڤاڵانی خوالێخۆشبوو دەکەین و شەریکی خەمتانین.

لەخودای گەورە داواکارین سەبووری و ئارامی بەهەموو لایەک ببەخشێت و گیانی باوکی کۆچکردوویشتان بە بەهەشتی بەرین شاد بکات..

انا لله وانا الیه راجعون


دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی

پارتی دیموکراتی کوردستان



بە ئامادەبوونی هیوا ئەحمەد مستەفا ئەندامی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی24ی سەفین، کارگێڕانی لق و بەرپرسی ناوچەکان و ڕۆشنبیران و نووسەران و قوتابیان و لاوان و ئافرەتان، بەشێک لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە بارەگای لقی24ی سەفین، مەڕاسیمی ناساندنی کتێبی سێبەری نەتەوەیی لە نووسینی هیمداد عەبدوڵڵا خۆشناو بەڕێوەچوو، کە لەلایەن لقی سەفینی یەکێتی قوتابیانی کوردستان ڕێکخرابوو. سەرەتای مەڕاسیمەکە بەچەند ساتێک وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدان سەروەریان بارزانیی نەمر و کاکە ئیدریسی هەمیشە لەیاد دەستی پێکرد. دواتر وتەی بەخێرهێنان لەلایەن هێدی عبدالوحید بەرپرسی لقی سەفینی یەکێتی قوتابیان خوێندرایەوە، ئاماژەی دا کە نووسەر یەکێک بووە لە کادیرە دڵسۆز و چالاکەکانیان و وەک ڕێزێک بۆ خەبات و ڕابردووی بە گرینگیان زانی ئەم مەڕاسیمە ڕێکبخەن. لە کۆتایی مەڕاسیمەکەدا نووسەری پەرتووک هیمداد عەبدوڵڵا خۆشناو باسی لە ناوەڕۆکی پەرتووکەکەی کرد و بەئامادەبوانی ناساند و بەسەر ئامادەبوانی دابەش کرد.

وەزیری ئەوقاف: پێویستە باشترین خزمەت بە هاووڵاتیان بکەین



لەدیوانی وەزارەت د. پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی بە ئامادەبوونی د. دیار جەباری بەڕێوەبەری گشتی کارگێڕی و دارایی بە وەکالەت لەگەڵ سەرجەم بەڕێوەبەرانی بەڕێوەبەرایەتیە کانی دیوانی وەزارەت کۆبوونەوەکەدا وەزیری ئەوقاف سەرجەم بەڕێوەبەرانی ڕاسپارد بۆ پێشکەشکردنی باشترین پرۆژە و کار و پلانی چالاکی و پرۆژەی سوودبەخش، هەروەها ڕایگەیاند کە پێویستە هەر بەڕێوەبەرێک هەرچی توانای هەیە بخاتەگەڕ بۆ پێشکەشکردنی باشترین خزمەت بە هاووڵاتیان بەگشتی و مامۆستایانی ئایینی بەڕێز بەتایبەتی، هەروەها پێویستە هەموان کاربکەن بۆ جێبەجێکردنی بەرنامە و ستراتیژی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان. دواتر بوار درا بەڕێوەبەران بۆ خستنە ڕووی چەند خاڵێک بەئامانجی سوودی گشتی سەرجەمیان تەئکیدیان کردەوە کە ئەوپەڕی توانایان دەخەنەگەڕ بەمەستی خزمەتکردنی ستراتیژیەتی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی لە چوارساڵی ئایندەی کارکردنیدا.

ئەو پەیمانگا و قوتابخانە ناحکوومییانەی نرخ زیاد دەکەن سزا دەدرێن



ئالان حەمە سەعید، وەزیری پەروەردەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە کوردستان 24ی ڕاگەیاند، هەر قوتابخانە، باخچە و پەیمانگایەکی ناحکوومی یاری بە نرخەکان بکات، سزا دەدرێت.

دوێنێ وەزیری پەروەردە لەگەڵ نوێنەرانی قوتابخانە، باخچە و پەیمانگا ناحکوومییەکان کۆبوونەوەو و لە دوای کۆبوونەوەکە بە کوردستان 24ی ڕاگەیاند: چەند فەرمانێکی وزارەیان بۆ ڕەخساندنی دەرفەتی کار و جێبەجێکردنی ڕێنماییەکانی تایبەت بە خوێندنی ناحکوومی دەرکردووە. ڕاشیگەیاند: هەر قوتابخانە، باخچە و پەیمانگایەکی نا حکوومیی یاری بە نرخەکان بکات، لە ڕووی دارایی و ئیداریی سزا دەدرێت.

شارەوانیی هەولێر:

بەم زووانە 22 هەزار پارچە زەوی تاپۆ دەکەین



سەرۆکی شارەوانیی هەولێر ڕایدەگەیەنێت، لە سنووری پارێزگای هەولێر لە ماوەیەکی نزیکدا و بە چەند قۆناغێک، 22 هەزار پارچە زەویی تاپۆ دەکرێن. سامان محەمەد، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: ڕێکارەکانی تاپۆکردنی کەرتی باغەمرەی شەهاب تەواو بووە و لە ماوەیەکی نزیکدا و بە چەند قۆناغێک، سەرجەم زەوییەکانی ئەو سنوورە تاپۆ دەکرێن.

سەرۆکی شارەوانیی هەولێر دەشڵێ، ژمارەی زەوییەکانی کەرتی باغەمرەی شەهاب، کە دەکەوێتە سەر ڕێگای هەولێر- کەرکووک، 22 هەزار پارچە زەویە و سەرجەمیان لە کارتەوە دەکرێن بە تاپۆ و سەفەدەکانیان بە خاوەنەکانیان دەدرێتەوە.

دهوک... 31 سالیا کومکوژیا گوندێن کوردێ و چەلکێ هاتە ساخکرن



خەبات- دهوک:

ژکار وچالاکییێن ڕێڤەبەریا گشتی یا شەهید وئەنفالکریان ل پارێزگەها ل ئێڤاریا 28/ 2019/8 ل گوندێ کوردێمێ ب ئامادەبونا ماجد سەید سالح نوینەرێ پارێزگەرێ دهوکێ وچەند بەرپرسێن حزبی و ئیداری وردوشەنبیری 31 سالیا کومکوژیا گوندێن کوردێمێ وچەلکێ هاتە ساخکرن.

د ڕێوڕەسمێن ڤێ چالاکییێ دا لبەراهییێ بەرهەڤبوی دەقیقەکێ بێ دەنگ ڕاوستیان وەکو ڕێزگرتن بو خوینا شەهیدێن کوردستانێ و کومکوژیا گوندێن کورمێ وچەلکێ پاش چەند ئایەتێن قورئانا پیرۆز هاتنەخاندن.

پاش پەیڤا ڕێڤەبەریا گشتی یا شەهید و ئەنفالکریان ل دهوکێ ژلایێ ژیان موستەفا هاتە خاندن و سلاڤ وسەرخوشییێن خو ورێڤەبەریا گشتی یا شەهید و ئەنفالکریا گەهاندنە کەسوکارێن قوربانییێن کومکوژیێ وئەڤ کارێ نەمرۆڤایەتی یێ کو بەری 31 سال ژێڤیما بەعس ل ئەنفالیێن ڕەش بەرامبەر سڤیلیێن گوندێن کورمێ وچەلکێ ل سنورێ ناحیا مانگێشکێ سەرب قەزا دهوکێ ڤە ئەنجامدای شەرمزاکر وخواست کو کەس وکارێن قوربانیا بهێنە قەرەبوکرن. پاش نونەرێ پارێزگەرێ دهوکێ سەرخوشییێن خو وپارێزگەرێ دهوکێ گەهاندنە کەسوکارێن کومکوژیێ و ئەڤ کریارا نەمرۆڤایەتی شەرمزارکر و خواست کو لایەنێن پەیوەندیدار ییێن حکومەتا ئیراقێ قەربویا کەسوکارێن کومکوژیێ بکەن. پاش پەیڤا کەسوکارێن کارەساتێ هاتە خاندن لدوڤدا چەند هوزان وبرگەکا هونەری هاتنە پێشکێشکرن پاش خەلات لسەر کەسوکارێن کارەساتێ هاتنە بەلافکرن ولدوماهییێ تاجە گولینە ل سەر گورێن شەهیدێن کارەساتێ هاتنە دانان.

هەژی گوتنێ یە ل 28 مەها هەشت سالا 1988 بەری 31 سال ژێڤیما بەعس ل ئەنفالیێن ڕەش تاوانەکا مەزن بەرامبەر سڤیلیێن گوندێن کورمێ وچەلکێ ل سنورێ ناحیا مانگێشکێ سەرب قەزا دهوکێ ڤە ئەنجامدابو وپتری 27 کەسێن بێ گونەهـ گولەبارانکربون پاش برەنگەکێ هوڤانە کەلەخێن وان سوتبون.

www.xebat.net
یەک شەمە 2019/9/1 ژمارە (5818) | خەبات

خراپی ڕێگاوبانەکان هۆکاری زۆربوونی ڕووداوەکانی هاتوچۆیە

بەڕێوەبەری گشتی ڕێگاوبانی هەولێر: ئەنجوومەنی وەزیران ڕەزامەندی داوە سەرجەم ڕێگاوبانی سنووری پارێزگاکان نۆژەنبکرێنەوە

ڕاپۆرت/ فاتیح بەرزنجی

بەگوتەی بەشێکی زۆری هاوڵاتیان گلەیی و گازندەیان لە خراپی ڕێگاوبانەکانی کوردستان هەیە و داوا لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن کە لەپلانی چوارسالّی داهاتوویدا گرنگی تەواو بە تۆڕی ڕێگاوبانەکان بدەن و هەوڵی بەجووتساید کردنی بدەن، تا چیتر شوفێران نەبنە قوربانی، لێرە و لەوێ ڕۆژانە لە ڕێگای میدیاکان گۆببیستی چەندین ڕووداوی دڵتەزێنی هاتوو چۆ دەبین، لەم ڕاپۆرتەدا وەک ڕۆژنامەی خەبات ئەم ڕاپۆرتەمان ئامادەکرد.



هاووڵاتییەک: زۆربەی ڕێگاکان تێکچوون و بە پینەو پەڕۆ چاکنابنەوە، پێویستە بەڕێوەبەرایەتی ڕێگاوبان سەرلەنوێ نۆژەنیان بکاتەوە



ئەگەر حکوومەتی هەرێم لە ماوەی سالّێکدا ڕێگاوبانەکان چاکنەکاتەوە ئەوا ڕووداوی زیاتر ڕوودەدەن.

هاووڵاتیان داوادەکەن حکوومەتی هەرێم گرنگی تەواو بە تۆڕی ڕێگاوبانەکانی کوردستان بدات، بۆئەوەی چیتر هاووڵاتیان بە ڕووداوەکانی هاتوو گیان لەدەستنەدەن، ئەمە قسەی هاووڵاتی "نەجمەدین قاسم" بوو.

دواتر "سیروان محەمەد" گوتی: خۆزگە حکوومەتی هەرێم لە چوارچێوەی پلانی خۆی هەموو ڕێگاوبانەکانی نۆژەندەکردەوە و ڕێگای سماقوڵیدا هاتووچۆ دەکەم، لە زۆربەی شوێنەکان ڕێگاکە تێکچووە و چاڵ و چۆڵی زۆری تیایە و چەند جارێک لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی پاراستن و چاککردنی ڕێگاوبانەکان هەوڵی چاککردنەوەی دراوە، بەڵام هەر تێکدەچێتەوە.

"فەرەیدوون" خەڵکی شارەدێی هیران بوو گوتی: ڕێگاوبانەکانی ئەو دەڤەرە زۆر تێکچووە و ئاستەنگی بۆ شوفێران دروستکردووە، هەڤوایە بەڕێوەبەرایەتی پاراستن و چاککردنەوەی ڕێگاوبانەکان تیمێکی چاککردنەوە ڕەوانەی هیران بکات، تا بەرلە وەرزی زستان ئەو ڕێگاوبانە چاک بکرێنەوە.

"سەمیر" ئەویش لە شارەدێی هیران گوتی: ڕێگای سەرەکی (هیران - گوندی فریز) بەتەواوی تێکچووە و داوا لە لایەنی پەیوەندیداری وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە دەکەین کە تازووە ڕێگاکە چاکبکەنەوە تا وەرزی زستان نەهاتووە.

"کامەران شیروان" خەڵکی خەلەکان بوو گوتی: داوا لە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە دەکەین کە تازووە ڕێگاوبانەکان چاکبکاتەوە.

بڕیارێکی تازە بۆ نۆژەنکردنەوەی ڕێگاوبانەکان تەرخانکردنی بڕی 33ملیار دینار بۆ چاککردنەوەی ڕێگاوبانەکانی هەرێم.

یەکێک لە پرۆژەکانی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردنی حکوومەتی هەرێم لە کابینەی تازە، گرنگیدانە بە تۆڕی ڕێگاوبانەکان لەمیانەی هەڵمەتێکی فراوانی ئاسفالتکردنی ڕێگاوبانەکان، کە تا ئێستا 95 پرۆژەی جۆراوجۆر لە سەرانسەری هەرێمی کوردستان جێبەجێکراون و 33 پرۆژەی تر لە ژێر جێبەجێکردنن.



کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا "دانا عەبدولکەریم" وەزیری (ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن) ڕوونیکردەوە: ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم ڕەزامەندی لەسەر داواکاری وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەداوە، تا بڕی 33ملیار دینار بۆ نۆژەنکردنەوەی ڕێگاوبانەکان خەرجبکات، ئەگەرچی لەماوەی چەندین ساڵی ڕابردوودا بەهۆی قەیرانی دارایی و کۆمەڵێک فاکتەری دیکە هەموو شتەکان ڕاوەستاون لەساڵی ٢٠١٤، ئێوە دەزانن ئەو کاتە زۆر کۆمپانیا کاریگەربوون بەو ڕووداوانە".

هەروەها سەبارەت بە بڕیارەکە گوتی: "بڕیارەکە بۆ ئەوە دەرچووە کە ئەو ڕێگایانەی زیاتر خراپ بوون و مەترسی لەسەر گیانی هاووڵاتیان هەیە، بەپێی ڕاپۆرتی لیژنەی تایبەت کە لە ئەنجامی سەردانی شوێنەکان دروستکراوە، ئەو ڕێگایانە دیاریکراون و بڕیارە بۆ چاککردنەوەیان".

هەروەها ئاماژەی بەوەشداو گوتی: "ئەو ڕێگایانەی کە ئێستا ڕەزامەندی لەسەر چاککردنەوەیان دراوە، ئەوانە ڕێگاکانی ناوچەی بادینانن و



عەتا مەلا تاهیر

بەرەو پێشخستنی پەروەردە

لەم سەردەمی تەکنۆلۆژیایە (کە سەرجەم بوارەکانی ژیانی گرتۆتەوە) و یەکێکیش لە سەرەکیترین و گرنگترینی ئەو بوارانە پەروەردە و فێرکردنە ، بەڵام بەداخەوە لە هەرێمی کوردستان تا ئێستا نەمانتوانیوە وەکو پێویست سوودی لێ ببینین و بیکەینە ئامراز و هۆکاری بەرەو پێشبردنی بواری پەروەردە و فێرکردن بۆ ڕۆڵەکانمان و نەوەی داهاتوو.

لێرەدا باس لە چۆنییەتی خستنە بەردەستی مەنهەج و پرۆگرامی خوێندن دەکەم بە ئاسانترین شێوە و کەمترین کات و بەرزترین کوالێتی دەکەم، کە سالانە دابینکردنی پرۆگرامی خوێندن بەرۆکی پەروەردە دەگرێت.

ئەوەی ئێستا لە جیهانی مۆدێرن و وڵاتانی پێشکەوتوو لەهەندێ وڵاتی عەرەبیش کاری لەسەردەکرێت بریتییە لە سیستمی (portable document format) کە بە کورتکراوەکەی ناسراوەبە (pdf) لەقۆناغەکانی (7 ، 8، 9) ی بنەڕەتی و (10، 11، 12) ی ئامادەیی، یان لایەنی کەم بۆ قۆناغی ئامادەیی بەتەنها ، چونکە قوتابی لە قۆناغەکانی یەکی بنەڕەتی تاوەکو حەوتی بنەڕەتی زیاتر پێویستی بە فێربوونی ڕێنووس (إملاء) و خوێندنەوە دەبێت، بۆیە ناکرێت لەسەرەتاکانی قۆناغی بنەڕەتی (لە 1تا 7) جێبەجێبکرێت، بەڵام وەک باسمان کرد بۆ قۆناغەکانی دواتر (کە تا ئەو کاتە قوتابی دەبێ گەشتبێتە ئاستێکی باش لە خوێندنەوە و نووسین) گونجاوە و سوودی زۆری هەیە کە لەم خاڵانەی خوارەوە سوودەکانی کورت دەکەمەوە :

1 - هاوتەریب لەگەڵ گۆڕانکاری و پێنانە تەمەنی هەرزەکاری، گۆڕنکاری لە سیستمی پەروەردەش ڕوودەدات کە کاریگەری ئەرێنی دەکاتە سەر دەروونی قوتابی و دە بێتە هاندانێک بۆی.

2- سووککردنی ئەو بارە قورسەی لەسەر شانی قوتابییە لە گشت ئەو قۆناغانەدا، کە لەجیاتی کڕین و پرکردنی جانتاکانیان بە پەرتووک تەنها ئامێرێکی سووکی بەدەستەوە دەبێت .

3- بنەبڕکردنی کێشەی کەمی پەرتووک لە قوتابخانەکاندا و بەتایبەت لە و قوتابخانەی سەر بە پەروەردەی قەزا دوورەکانن .

4- دروستکردنی هەستی یەکسانی لە نێوان قوتابیان کە هەرهەموویان یەک جۆرە ئامێریان لەلا دەبێت و یەک مەنهەجی لەسەر دەبێت .

5- ئەگەر هەڵەیەک لە مەنهەجەکە هەبێت زۆر بە ئاسانی لەلایەن وەزارەتەوە دەتوانرێ دەستکاری بکرێت و چاککبکرێت لە کاتێکدا هەڵەی پەرتووک پێویستی بە دووبارە چاپکردنەوە هەیە کە ئەوەش تێچووەکی زیادە دەخاتە سەر خەرجی چاپکردنەکەوە.

6- هاوکارییەکی باشە لە ڕووی مادییەوە بۆ حکومەتی هەرێم لەم لایەنانەوە.

ا- تێچوو (کلفە) ی ئەو سیستمە زۆر کەمترە بە بەراورد بە چاپکردنی پەرتووک، کە سالانە خەرج دەکرێت و وەک پێویست نییە نە لە ڕووی کوالێتی پەرتووکەکان و نەلە ڕووی کاتی دابەشکردن و گەیاندنی بەدەستی قوتابیان

2- گەڕانەوەی تێچووی دابەشکردنی پەرتووک، کە سالانە لە کۆگای وەزارەتی پەروەردە وە بۆ کۆگای پەروەردەی پارێزگاکان و لەوێش بۆ کۆگای پەروەردەی قەزاکان پارەیەکی زۆری دەوێت و کاتێکی زۆربشی پێویستە

7- ئەم سیستمە ئامادەیە بۆ ئەوەی لەکاتی وانە وتنەوە مامۆستا بە ئاسانی لەگەڵ داتاشۆ ببەستێت و سوودی زیاتر بە قوتابیان بگەیەنێت، چونکە مامۆستاش ئەوکات بەهەمان شێوەی قوتابی ئامێرێکی لەبەردەست دەبێت و وانەکەی لەسەر دەڵێتەوە.

8- مامۆستا دەتوانێ ڕۆژانە تێبینییەکانی زۆر بەئاسانی لەناو ئامێرەکە جێگیربکات و تەنانەت دەتوانێ تاقیکردنەوەکانیش و نمرەی ڕۆژانەی قوتابیان زۆر بەئاسانی بپارێزی، وە قوتابیش بەهەمانشێوە دەتوانێ ڕاستەخۆ تێبینییەکانی مامۆستا لەسەر بابەتەکان زیاد بکات لای خۆی.

9 - ئەو ئامێرەی سیستمەکەی لەسەر دەبێت بۆ یەک جار دەکڕدرێت و لە ئەگەرینی گۆڕینی پرۆگرامی هەر قۆناغێکیش تەنها داتاکان و نووسینەکان تایپ دەکرێتەوە و هیچ تێچوویەکی پێویست نییە.

10- سیستمەکە و ئامێرەکە دەبنە یارمەتیدەر و جێگرەوەی هۆیەکانی فێرکردن کە یارمەتیدەری قوتابین بۆ تێگەیشتنی زیاتر .

ئەمانە و چەندین سوودی زیاتر کە پێویستە وەزارەتی پەروەردە کاری لەسەر بکات و بیخاتە بەرنامەی کاری کۆنگرەی پەروەردەیی و باس و خواسی زیاتریی لەسەر بکرێت و خەڵکی دڵسۆز بۆ ئەو مەبەستە ڕابسپێرێت و سەفەری وڵاتانی دەرەوە بکەن و سوود لە ئەزموونی ئەو وڵاتانە وەرگرن و بیهێننەوە و لە کوردستان جێبەجێی بکەن.

بڕیارەکە چۆن جێبەجێدەکرێت؟

بە کوردیکردنەوەی هەردوو وانەی زانست و بیرکاری چ کاریگەریەک لەسەر قوتابیان دروست دەکات؟

خەبات / ڕۆشنا عەلی

ڕۆژی 19-8-2019وەزارەتی پەروەردە لەیەکەم کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزارەت بڕیاری بە کوردیکردنەوەی هەردوو وانەی زانست و بیرکاریدا کە ماوەی چوارسالە و لە سالانی 2015-2016بڕیاری بەئینگلیزیکردنی هەردوو وانەکە لە زۆرێک لە قوتابخانەکان درابوو ، هەندێکیان لە پۆلی یەکی بنەڕەتییەوە دەستیان پێکردوو چەند قوتابخانەیەکیش تاپۆلی شەش قوتابییان وەرگرت و پرۆسەکە بەردەوام بوو ، گلەیی زۆریک لەو ناوەندانە و کەس و کاری قوتابی لەسەر کۆی پرۆسەکەو نائامادەیی بۆپرۆسەکە بیانووی هەڵوەشاندنەوەی هەردوو وانەکەو بەکوردیکردنەوەی بوو ، بۆ ئەم بەدواداچوونە دەپرسین ئایا باشترین میکانیزمێک کە بگیرێتە بەر بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ بڕیارەکەدا چییە ؟ ئایا کاتی بڕیارەکە گونجاو بوو ؟ ئایا بەدیلی دیکە جگە لەم بڕیارە نەبوو؟ ئایا قوتابییان بەجۆرێک فێری زمانەکە بوون نەتوانن بەکوردی بخوێنن ؟ چۆن سەرجەم قوتابخانەکان هەڵدەوەشێتەوە ئایا هیچ قوتابخانەیەکی حکومی ئینگلیزی نەمێنێت ؟ ئەمانە پرسیاری ئەم بەدواداچوونەی لاپەڕەی پەروەردەیە.

ناڕەزایی ژینگە بۆپڕۆسەکە مامۆستا بەڕێز عەباس مامۆستای وانەی مێژوو لە قوتابخانەی ئامادەیی هاوکاری لەبارەی ئەم پرسەو بڕیارەکەی وەزارەت ئاماژی بەوەکرد کە دەبوو ئەم بڕیارە زووتر بدرایە

ئەو وتی : لە ڕاستیدا ئەم بڕیارە دەبوایە زوتر بدرایە، چونکە کاریگەری نەرێنی زۆری بەجێهێشتبوو، من تێناگام کابینەکانی پێشوتر بەر مەبنای چی ئەو بڕیارەیان دابوو، لەبەرئەوەی لەهەموو ڕوبەکەوە ژینگەی قوتابخانەکان گونجاو نەبوو، ئەوەی پرسیارە لای من ئەوەیە ئەم ئەنجومەنەی وەزارەتی ئێستا هەمان ئەنجومەنی وەزارەتی کابینەی پێشووە، ئەی بۆچی زوتر لە کابینەی پێشوو هەڵیان نەوەشاندەوە ؟ پارەو کاتێکی زۆر خەرجکراو منداڵێکی زۆر باجی داو بوونە قوربانی، دەبێت وەزارەت پلانی پەروەردەیی و زانستی هەبێت، بۆ ئەوەی نەوەکان نەبنە قوربانی ئەمڕۆ بڕیارێک بدرێت و سبەی هەڵبوەشێنرێتەوە.

بەدیلی هەڵنەوەشاندنەوە

* دەربارەی بەدیلی هەڵنەوەشاندنەوەش ئەو مامۆستایە پێی وایە بەدیلەکەی هەر هەڵوەشاندنەوەیە ئەو وتی :

بەدیلی هەڵنەوەشانەوە تەنها هەڵوەشاندنەوەی ئەو بڕیارەبوو ، چونکە گرفتەکان زۆربوون، گرنگترینیان ئەوەبوو مامۆستای پێویست و پسپۆری نەبوو، زارەوی بیرکاری و زانستەکان بە زمانی ئینگلیزی ئاڵۆزو قورس بوون، نەوەک بۆ قوتابی وخوێندکار، بەڵکو بۆ مامۆستاکانیش قورس بوون و لێی تێنەدەگەیشتن ، زۆرجار مامۆستاکە پسپۆڕی خۆی نەبووە بەخولێکی چەند ڕۆژی ناچارکراوە بیرکاری و زانست بە ئینگلیزی بڵێتەوە لە کاتێکدا نەیتوانیوە.

مامەڵە لەگەڵ قوتابیان

* دەربارەی ئەوەی کە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو قوتابیانەدا بکرێت کە لەم خوێندنە بوون مامۆستا عەبدولا خۆشناو سەرپەرشتیاری پەروەردەیی ئاماژەی بەوەدا کە پێویستە مامۆستاکانییان زۆر بەسەبر بن ئەو وتی : لەوەرزی یەکەم کاریگەری دەبێت تاوەکو قوتابی لە سەر دەستەواژەکان رادێت و پێویستە مامۆستایان بەسەبروو هێمن بن و هەوڵبدەن قوتابی رابهێنن لە سەر زمانی کوردی.

*دەربارەی کاتی بڕیارەکەش ناوبراو وتی : کاتەکەی گونجاوەو دەبوایە زووتری ئەوکارە کرابایە پێویستیشە ئەو قوتابخانەی خوێندنی بە ئینگلیزیە بۆچوونی کەس و کاری قوتابی وەربگیرێت و ئەوکات دەتوانرێت چەند سیستەمەش پێویستی بوو ئێمە نەمانبوو وەک مامۆستا بە پلەی یەکەم ، دواتر 150 قوتابخانەمان کرد بە ئینگلیزی لە زۆربەی گەڕەکەکان ئێستا بەپێی بڕیارەکە ئەوەی ئێمە بیستومانە 9-7ناگرێتەوە و بەمەش کێشە دروست دەکات ، چونکە ئەو قوتابخانانە قوتابی چۆن وەربگرن دەبێت بە تاقیکردنەوە بێت وەک جاران یان تیرو پشک کەواتە کێشەکە وەک خۆی دەبێت و چارەسەر نابێت بۆیە ئێمە لە ڕێگای بەڕێز بەڕێوبەری پەروەردەوە داوامانکردووە یاداشت بداتە بەڕێز وەزیری پەروەردە هەندێ قوتابخانە کە دەستنیشانمانکردووە نزیکەی 42قوتابخانە وەک خۆی هێنێتەوە ئەگەرچی دوای 2015-2016کراونەتەوە لە ئێستادا چاوەڕێی وەڵامی وەزارەتی پەروەردەین.

بڕیارەکە 9-7ناگرێتەوە مامۆستا بورهان عەبدولا ڕاوێژکار لە وەزارەتی پەروەردە دەربارەی بڕیارەکەو میکانیزمی هەڵوەشاندنەوەی بڕگەبات وتی :

ئەو بڕیارەی دراوە ئەو قوتابخانانە دەگرێتەوە لە سیستەمی ئینگلیزی دەکرێنەوە بەکوردی بۆ هەردوو بابەتی بیرکاری وزانست ئەوانەی کەبە بڕیاری بە ئینگلیزیکردن کراونەتە ئینگلیزی ئەوانەی تر کە پێشتر ئینگلیزی بوون بۆئەوونە بۆ ئەوکەسانە کراونەتەوە کە لە وڵاتانی دەرەوە دێنەوە یان کەسانێک کە کورد نین و لە هەرێمی کوردستان کاردەکەن و دەیانەوێت منداڵەکانییان لەقوتابخانەی حکومی بخوێنێت بۆئەوون لە هەولێر دوو قوتابخانەمان هەبوو 6-1و دواناوندییەک کەلە شارەکانی تریش هەبوو بۆ ئەو مەبەستە کرابوونەوە کۆمەڵێک قوتابخانەی تریش هەبوون لە قۆناغی ئامادەیی و دوا ناوەندی بەهەمان شێوە لە هەولێرو شارەکانی تریش کە چەند ساڵێکە بە ئینگلیزی دەخوێن زۆر پێش پڕۆسەی بە ئینگلیزیکردن، ئەم بڕیارە ئەو قوتابخانانە ناگرێتەوە ، بەڵام ئەوانەی بە بڕیاری وەزارەت و لە قۆناغی یەک دەستییان پێکرد و ئێستا لە پۆلی چوارەمن ئەوانە جۆری خوێندنییان لە هەردوو وانەکە دەبنەوە بە کوردی.

دەربارەی ئەوەشی کە ئایا ئەو قوتابخانانەی 9-7ئینگلیزین و بڕیارەکە ئەوان ناگرێتەوە لە کاتێکدا قوتابی پۆلی شەش نامێنێ وەربگیرێت لەو قوتابخانانە ئەو کات ئەبێت بە تیرو پشک و قوتابخانەی خواست لەسەردروست دەبن وەک دەڵێن کێشە دروست دەکات ؟ مامۆستا بورهان لەمبارەیەوە وتی : تا ئێستا ئەو قوتابخانانە بە سیستەمی خۆیان قوتابیان وەرگرتووە و هیچ قوتابخانەیەک لەوانەی کراون بە ئینگلیزی قوتابییەکانی نەگەشتوتە قۆناغی حەوت ، بۆ وەرگرتنیش باشترین بژاردە شوێنی جوگرافییە کێ نزیکە لە قوتابخانەکە و لەو گەڕەکەیە پێویستە بەبێ مەرج و هۆکار قوتابی وەربگیرێت ، تا ئەمسالێش هەندێک قوتابخانەی ئامادەیی کە خواستی زۆری خەڵکییان لەسەرە بە ئەرەو تیروپشک بووە ، بۆسالێ ئایندە وەزارەت میکانیزمێکی گونجاو تر دەدۆزێتەوە ،چونکە تیروپشک پێوەرێکی دروست نییە قوتابی هەیە 99ی هەیە خواستیتی لەو قوتابخانەیە بخوێنێت وەرناگیرێت و ڕەنگە هەبێت بە نمرەی 50ناوی دەرچووبێت ئەگەر ئێمە بیر لەوە بکەینەوە هەر قوتابخانەیەک قوتابی لە دەورو بەری وەربگرێت خەڵک پەنا نابات بۆئەوەی قوتابی لە دوورترین گەڕەکی شار ناوی تۆمار بکات .

مانەوەی هەندێک قوتابخانە

* دەربارەی ئەوەی لە سڵێمانی و لە شارەکانی تریش داواکراوە هەندێ قوتابخانە پێچێتەوە ئایا ئەم داوایە پەسەند دەکرێت کە دوای سالانی 2016-2015 کراونەتەوە؟

ئەمە جارێ داواکارییە وەزارەت وردبینی و بە دواداچوونی بۆدەکات بڕیاری وەزارەت ئەوەیە ئەو قوتابخانانەی کەلەگەڵ بە ئینگلیزیکردن کراون بە ئینگلیزی بکرێنەوە بەکوردی ، بەڵام سەیری حاڵەتەکە دەکەین ئەگەر حاڵەتێک ئەوەندە پێویست بێت شیرازەی هەندێک قوتابخانە تێکبدات دەکرێت هەڵێکییان پێبدەین ، بەڵام لە کۆتاییدا وەزارەتی پەروەردە بڕیاری داوە زانست و بیرکاری بە کوردی بخوێنرێت ، تێبینیشمانکردووە لە هەموو پارێزگاکان ئەو داواکارییەیان کەمتر دەبێتەوە ئەگەر بەشێکیش بمێنێتەوە ئەوا زۆربەی ئەو قوتابخانانەی دەبنەوە کوردی دەچنەوە ئەوانەی کە دەمێننەوە ئەمەش داواکاری و پاڵەپەستۆ لەسەر ئەو قوتابخانانە زیاد دەکات و کێشە لە پەروەردەکان دروست دەکات، بۆیە بەردەوامبوونییان ئاسان نابێت و کێشەکە گەورەتر دەکات من لەگەڵ ئەوەدام تا ئەو ڕادەیەی ناتوانین زانست و بیرکاری بە ئینگلیزی بڵێینەوە نەمێنن تەنانەت لەو شوێنانەی دەشتوانین، لەبەرئەوەی ئێمە جەخت دەکەینەوە بیرکاری و زانست بە زمانی دایک بخوێنرێت بە باشتر دەگەیەنرێت و بەباشتر سوودی دەبێت پێمان پەسەندە جگە لەوەی زمانی ئینگلیزی بەهێز بکەین و بایەخی زیاتری پێببەدین هەمووارى بە جۆرێک تیا بکەین کە قوتابیانمان بتوانن لە 12ساڵی خوێندن فێری زمانی ئینگلیزی بین و ئەو دڵنیاییەمان هەبێت سەرجەم بابەتەکانی تر بە زمانی شیرینی کوردی بخوێنرێت.

دەبوو کێشەکانی چارەسەر بکرایە

* محەمەد عەزیز حەسەن بەڕێوبەری قوتابخانەی زانست (هاوڕێی منداڵ) بە ئینگلیزی لە سنوری بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی پشدەردەربارەی بەدیلی تەندروستی پڕۆسەکە

بۆچەبات وتی: دەکرا وەزارەتی پەروەردە بەدواداچونی وردی بکردایا بۆ ئاستەنگەکان و کەم و کوڕیەکانی بەردەم ئەم خوێندنەو زۆر بەئاسانی دەیتوانی زاڵ بێت و وابکات کە هیچ جیاوازیەک نەبێ لەنێوان ئەم خوێندنەو خوێندن لە قوتابخانە ناحکومیەکان ، چونکە ژمارەی ئەم قوتابخانانە زۆر کەمە ، بۆئەوێنە لەسنوری پەروەردەی پشدەر کە لە (5) ناحیەو ناوەندی قەزا پێک هاتووە تەنها (10) قوتابخانە هەیە و دەکرا زۆر بەئاسانی پاڵپشتی بکرێن و سەرجەم پێداویستی یەکانیان بۆ دابین بکرێت ، بەهەرحاڵ لەکۆتایدا دەڵێم پڕۆسەی پەروەردەو فێرکردن چەندە زانست و هونەرە هێندەش ئینسانی و دەروونی یە ، حەق وایە ئەم دەرفەتەی درابوو بەقوتابیانی کەم دەرامەت و هەژار و چینی ناوەند وابەئاسانی لەدەست دەرنەچێت و پێداچوونەوەی بۆ بکرێت و کەم وکوڕیەکانی باش بکرێ هەموو پڕۆسەیەکی گۆڕانکاریش لەسەرەتاوە گران و پڕ ئاستەنگە و خەڵک قسەی لەسەر دەکات ، بەڵام بەردەوامی ورده ورده دەمان گەیەنێت بەئاسۆی سەرکەوتن.




بورهان عەبدوڵا:

لە هەموو شارەکان داواکراوە کۆمەڵێک قوتابخانە بە ئینگلیزی بمێننەوە وەزارەت بەدواداچوون بۆحاڵەتەکان دەکات ئەوەندە پێویست بێت شیرازەی هەندێک قوتابخانە تێکبدات دەکرێت هەڵێکییان پێبدەین




سەریەست ڕەحمان:

داوامان لە وەزارەتی پەروەردە کردووە 42 قوتابخانە لە سلێمانی بە ئینگلیزی بمێنێتەوە




بەڕێز عەباس:

مامۆستا بە خولێکی چەند ڕۆژی ناچاردەکرا زانست بە ئینگلیزی بڵێتەوە کە پسپۆڕی خۆی نەبوو تەنها زاراوەی فێری قوتابی دەکرد



عەبدوڵا خۆشناو:

بۆ مانەوەی هەر قوتابخانەیەک بە ئینگلیزی پێویستە بۆچوونی داییابان وەربگیرێت



محەمەد عەزیز:

دەبوو وەزارەتی پەروەردە بەدواداچوونی بۆ کەم و کوڕیەکانی ئەم خوێندنە بکردایە دەیتوانی جیاوازی نەهێڵێ لەنێوان ئەم خوێندنەو خوێندنی ناحکومی



دەزگای خێرخوازیی بارزانی و داوایەک..



یەحیا فایەق جاف

لەوەتەی دەزگای خێرخوازیی (بارزانی) دامەزراوە تا دەگاتە ئەمڕۆ، هەڵگری جوانترین پەیامی خزمەتکردن و بەها پیرۆزەکانی مرۆڤدۆستی بووە، دامەزراندنی ئەم دەزگایە لەژێرناوی (بارزانی) هەنگاوێکی تەواو دروست و پێویستییەکی گرنگی سەردەمەکە بوو. لەدایکبوونی ئەم دەزگایە ئومێدێکی گەورەی بەخشییە لێقەوماو و هەژاران و ئاوارە و بێنەوایان، تا هەنووکە دەزگای خێرخوازیی بارزانی لەمڕووەوە توانیویەتی خزمەتێکی زۆر پێشکەش بکات، ئەمڕۆ و دوای تێپەڕبوونی چوارده ساڵ بەسەر دامەزراندنی ئەم دەزگا خێرخوازییە گرنگەدا، وایلێهاتووە هەموو ئەوانەی ئاشنایەتییان لەگەڵ ئەم دەزگایەدا هەیە و شارەزای کار و پڕۆژەکانین، بەچاوی بەرز و پڕلەڕێزەوە لەکارە نایابەکانی دەڕوانن.

بێگومان بۆئێمەی کورد (بارزانیی نەمر)، تەنها ناوێک نەبووە و نییە، بەڵکو ناسنامەی نەتەوایەتی ئێمەیە، ڕابەری هەردەمەزن و شۆڕشگێڕ و بەرخۆدانی نەتەوەکەمانە، ناوی بارزانیی نەمر بۆ هەر کوردستانییەکی دڵسۆز بەخاک و نیشتمانەکەی، جێگای فەخر و شانازی و سەربەرزییە، وەکوتاکێکی کوردستانی تا لەژیاندا بم شانازی بەخەبات و قوربانیدانی بارزانیی نەمر و عەقیدە و ڕێبازەکەیەوە دەکەم، سەربەرزیشم بەوەی کە یەکێکم لە عاشقان و دەرویشانی ئەم ڕێبازە جوان و بێگەرد و پرسەروەرییەی کوردایەتی.

دوای تێپەڕبوونی چوارده ساڵ بەسەر دامەزراندنی دەزگای خێرخوازیی بارزانی، لەهەرکوێیەکی کوردستان و ناوچەکە و جیهان دەستی هاوکارییان پێگەیشتبێت، هۆکاری گێڕانەوەی هیوا بوونە بۆ بێهیواکانی ئەوناوچانە، دڵمان بۆئایندەی ئەم دەزگا خێرخوازییە گەورەیە زیاتر لەپێشان پڕ لەئومێدە، بەتایبەتی کاتێک دەبینین، خزمەتگوزارییەکانی بۆ خۆشگوزەرانی خێزانێکی نەدار، مندالێکی پەککەوتە، ئاوارەیەکی بێنەوایە، قوتابییەکی کەم دەرامەت، خێزان و کەسوکاری شەهیدان و پیاوێکی بەتەمەنە، بۆلێقەوماوانی دەستی شەڕ و ئاشووبەکانێتی، بۆدایە حاجییەکی بەساڵاچووە، بۆ بەدەنگەوەهاتنی زیان لێکەوتووانی گوندێکی نیشتمانەکەمانە، بۆمرۆڤێکی نەخۆش و نەدار و لێقەوماوە .... هتد...

هەرگیز ئەوە ناشارمەوە وەکو خەڵکێکی ئاسایی، کاتێک دەبینم و دەبیستم، منیش وەکو زۆرگرنگ و پێویستە، منیش خێرخوازیی بارزانی بەم کارە گەورەیە هەڵدەستێت، وەکو یەکەمین هەنگاویش لەهەوڵێری پایتەختەوە دەستپێبکەن بەهاوکاری خێرخوازان، پاشان دەکرێت لەشارەکانی دیکەی کوردستانیش بەپێی ئەو توانایەی لەبەردەستیاندەبێت، هەرجارە و لەشارێک هەمان پڕۆژە جێبەجێ بکەن، هیچ شتێک لەم دونیایە ئەستەم و زەحمەت نییە، ئەگەر ئیرادەی ڕاستەقینە بوونی هەبێ، دەزگای خێرخوازیی بارزانی ئەو ئیرادەیەیان هەیە، دەبێت ئەوەش بزانین، چلۆن خەبات و قوربانیدانی (بارزانیی نەمر)، جێگای هیوا و ئومێدی کوردستانییان و ئازادیخوازانی ناوچەکە و جیهان بووە، کردنەوەی نەخۆشخانەیەکی ئاوەها و لەژێرناوی (بارزانیی نەمر)، دەبێتە هۆی گێڕانەوەی هیوا و ئومێد بۆ تووشبووانی ئەم نەخۆشییە کوشندەیە.

بێشک بەدەنگەوەهاتنی سەرپەرشتیاران و بەرپرسان لەدەزگای خێرخوازیی بارزانی بۆ ئەم داوایەمان و هەوڵدان بۆجێبەجێکردنی، دەبێتە هۆی گێڕانەوەی خەندە تۆراوەکانی سەرلێوی چەندەها تووشبووی دەستی ئەم نەخۆشییە و خانەوادەکانیان، بێگومان ئەم هەنگاوە وەفایەکیش دەکەم، لەم ماوەیەدا کۆمەڵێک خەڵکم بینیوە، لەگەڵ بەشێکیان گفتوگۆم کردووە و بیروڕام گۆڕیوەتەوە، بەداخەوە هەندێ جار هەوالّی کۆچکردنی یەکێک لەو نەخۆشانە ناخی هەژاندووین، هەندێجاری دیکەش دەموچاوی نوێ دەبینین و بۆ چارەسەروەرگرتن سەردانی ئەو نەخۆشخانانە دەکەن، هەفتانە دەیانبینین، لەم نەخۆشخانانە ئەوانەی بێهیوان، بەپێی ئەوتوانایەی لەبەردەستی دکتۆرە بەڕێز و کارمەندەکانی ئەو نەخۆشخانەیە، هیوای ژیانیان بۆ دەگێڕدرێتەوە، هەندێکیان سەرلەنوێ مژدەی ژیانێکی تازە و سەرکەوتنیان بەسەر ئەم نەخۆشییە پێدەدرێتەوە، خزمەت دەکرێن، ڕێزیان لێ دەگیرێت، بەداخەوە چارەسەری هەندێکیشیان لەسەرووی دەسەلاتی پزیشکەکانەوەیە، سەرەڕای ئەوەش بە هەموان هەیەت، جیا لەو چەند دانەی کە نێستا بوونیان هەیە.

بێشک وەکو ئاشقێکی ڕێبازی (بارزانیی نەمر)، حەزدەکەم ئەو نەخۆشخانەیە، یاخود نەخۆشخانە لەژێرناوی (بارزانیی نەمر) بێتە بنیادنان و دەزگای خێرخوازیی بارزانی بەم کارە گەورەیە هەڵبستێت، وەکو یەکەمین هەنگاویش لەهەوڵێری پایتەختەوە دەستپێبکەن بەهاوکاری خێرخوازان، پاشان دەکرێت لەشارەکانی دیکەی کوردستانیش بەپێی ئەو توانایەی لەبەردەستیاندەبێت، هەرجارە و لەشارێک هەمان پڕۆژە جێبەجێ بکەن، هیچ شتێک لەم دونیایە ئەستەم و زەحمەت نییە، ئەگەر ئیرادەی ڕاستەقینە بوونی هەبێ، دەزگای خێرخوازیی بارزانی ئەو ئیرادەیەیان هەیە، دەبێت ئەوەش بزانین، چلۆن خەبات و قوربانیدانی (بارزانیی نەمر)، جێگای هیوا و ئومێدی کوردستانییان و ئازادیخوازانی ناوچەکە و جیهان بووە، کردنەوەی نەخۆشخانەیەکی ئاوەها و لەژێرناوی (بارزانیی نەمر)، دەبێتە هۆی گێڕانەوەی هیوا و ئومێد بۆ تووشبووانی ئەم نەخۆشییە کوشندەیە.

بێشک بەدەنگەوەهاتنی سەرپەرشتیاران و بەرپرسان لەدەزگای خێرخوازیی بارزانی بۆ ئەم داوایەمان و هەوڵدان بۆجێبەجێکردنی، دەبێتە هۆی گێڕانەوەی خەندە تۆراوەکانی سەرلێوی چەندەها تووشبووی دەستی ئەم نەخۆشییە و خانەوادەکانیان، بێگومان ئەم هەنگاوە وەفایەکیش دەکەم، لەم ماوەیەدا کۆمەڵێک خەڵکم بینیوە، لەگەڵ بەشێکیان گفتوگۆم کردووە و بیروڕام گۆڕیوەتەوە، بەداخەوە هەندێ جار هەوالّی کۆچکردنی یەکێک لەو نەخۆشانە ناخی هەژاندووین، هەندێجاری دیکەش دەموچاوی نوێ دەبینین و بۆ چارەسەروەرگرتن سەردانی ئەو نەخۆشخانانە دەکەن، هەفتانە دەیانبینین، لەم نەخۆشخانانە ئەوانەی بێهیوان، بەپێی ئەوتوانایەی لەبەردەستی دکتۆرە بەڕێز و کارمەندەکانی ئەو نەخۆشخانەیە، هیوای ژیانیان بۆ دەگێڕدرێتەوە، هەندێکیان سەرلەنوێ مژدەی ژیانێکی تازە و سەرکەوتنیان بەسەر ئەم نەخۆشییە پێدەدرێتەوە، خزمەت دەکرێن، ڕێزیان لێ دەگیرێت، بەداخەوە چارەسەری هەندێکیشیان لەسەرووی دەسەلاتی پزیشکەکانەوەیە، سەرەڕای ئەوەش بە هەموان هەیەت، جیا لەو چەند دانەی کە نێستا بوونیان هەیە.

بێشک وەکو ئاشقێکی ڕێبازی (بارزانیی نەمر)، حەزدەکەم ئەو نەخۆشخانەیە، یاخود نەخۆشخانە لەژێرناوی (بارزانیی نەمر) بێتە بنیادنان و دەزگای خێرخوازیی بارزانی بەم کارە گەورەیە هەڵبستێت، وەکو یەکەمین هەنگاویش لەهەوڵێری پایتەختەوە دەستپێبکەن بەهاوکاری خێرخوازان، پاشان دەکرێت لەشارەکانی دیکەی کوردستانیش بەپێی ئەو توانایەی لەبەردەستیاندەبێت، هەرجارە و لەشارێک هەمان پڕۆژە جێبەجێ بکەن، هیچ شتێک لەم دونیایە ئەستەم و زەحمەت نییە، ئەگەر ئیرادەی ڕاستەقینە بوونی هەبێ، دەزگای خێرخوازیی بارزانی ئەو ئیرادەیەیان هەیە، دەبێت ئەوەش بزانین، چلۆن خەبات و قوربانیدانی (بارزانیی نەمر)، جێگای هیوا و ئومێدی کوردستانییان و ئازادیخوازانی ناوچەکە و جیهان بووە، کردنەوەی نەخۆشخانەیەکی ئاوەها و لەژێرناوی (بارزانیی نەمر)، دەبێتە هۆی گێڕانەوەی هیوا و ئومێد بۆ تووشبووانی ئەم نەخۆشییە کوشندەیە.

بێشک بەدەنگەوەهاتنی سەرپەرشتیاران و بەرپرسان لەدەزگای خێرخوازیی بارزانی بۆ ئەم داوایەمان و هەوڵدان بۆجێبەجێکردنی، دەبێتە هۆی گێڕانەوەی خەندە تۆراوەکانی سەرلێوی چەندەها تووشبووی دەستی ئەم نەخۆشییە و خانەوادەکانیان، بێگومان ئەم هەنگاوە وەفایەکیش دەکەم، لەم ماوەیەدا کۆمەڵێک خەڵکم بینیوە، لەگەڵ بەشێکیان گفتوگۆم کردووە و بیروڕام گۆڕیوەتەوە، بەداخەوە هەندێ جار هەوالّی کۆچکردنی یەکێک لەو نەخۆشانە ناخی هەژاندووین، هەندێجاری دیکەش دەموچاوی نوێ دەبینین و بۆ چارەسەروەرگرتن سەردانی ئەو نەخۆشخانانە دەکەن، هەفتانە دەیانبینین، لەم نەخۆشخانانە ئەوانەی بێهیوان، بەپێی ئەوتوانایەی لەبەردەستی دکتۆرە بەڕێز و کارمەندەکانی ئەو نەخۆشخانەیە، هیوای ژیانیان بۆ دەگێڕدرێتەوە، هەندێکیان سەرلەنوێ مژدەی ژیانێکی تازە و سەرکەوتنیان بەسەر ئەم نەخۆشییە پێدەدرێتەوە، خزمەت دەکرێن، ڕێزیان لێ دەگیرێت، بەداخەوە چارەسەری هەندێکیشیان لەسەرووی دەسەلاتی پزیشکەکانەوەیە، سەرەڕای ئەوەش بە هەموان





بە نەخۆشی شێرپەنجە بە هەموو جۆرەکانییەوە تا دێت بەرەو زیادبوونە، چەند نەخۆشخانەیەکی تایبەت بەم نەخۆشییە هەن، کە بە پەنجەی دەستی هەریەکێکمان دێنە ژمارەدن، ئەوەی تا ئێستا ئەم چەند نەخۆشخانە خزمەتێکی گەورە و مرۆڤدۆستانە پێشکەش بەهەموان دەکەن، ماندوو دەبن، بەرگەی زۆر ناخۆشی و دیمەنی جەرگبڕ دەگرن، بێشک ئێمەش وەکو ئەرکێکی ئەخلاقی و پیشەیی خۆمان لەسەرمانە و دەبێت ستایشی هەموو ئەو کەسانە بکەین، بەڵام هەرچەندە ئەم داوایەم بەتەنها هی خۆم نییە، واتا داوایەکی تاکەکەسی نییە، هۆکاری ئەم داوایەشم بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ماوەیەکە بەهۆی ناسیاوێکمەوە سەردانی یەکێک لەنەخۆشخانەکانی شێرپەنجەی شاری هەولێر دەدەن بە ئومێدی سەرکەوتن دەست لە ناو دەست دژی دەجەنگن..

بەڵێ بوونی نەخۆشخانەیەکی نوێ و سەردەمیانە لەهەموو ڕوویەکەوە، بۆ ئەمڕۆی پایتەختی هەرێمی کوردستان هەیە، هەرچەندە ئەم داوایەم بەتەنها هی خۆم نییە، واتا داوایەکی تاکەکەسی نییە، هۆکاری ئەم داوایەشم بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ماوەیەکە بەهۆی ناسیاوێکمەوە سەردانی یەکێک لەنەخۆشخانەکانی شێرپەنجەی شاری هەولێر دەدەن بە ئومێدی سەرکەوتن دەست لە ناو دەست دژی دەجەنگن..

بەڵێ بوونی نەخۆشخانەیەکی نوێ و سەردەمیانە لەهەموو ڕوویەکەوە، بۆ ئەمڕۆی پایتەختی هەرێمی کوردستان

حزبێکی نوێ، قۆناغێکی نوێ



سازان وەهاب

مێژووی نوێی تورکیا و بەهێزی ئەردۆگان و حزبەکەی(ئەکپارتی) و هەڵوەشاندنەوەی کودەتاکەی 15لەسەر 16ی 2016، کە بە 7ەمین کودەتا لەمێژووی سیاسی و سەربازی ئەو وڵاتە دێتە ژمارەدن دیدێکی نوێی دروستکرد، کە ئێدی کودەتا هێزە سەرەکیەکەی گۆڕانکاری نییە، هەر ئەوەش ئەردۆگانی گەیاندە لوتکەی غروری و چاوەکانی پێش خۆی نەبینێ و هەڵوەرین لە حزبەکەیدا دروست بێت، بەتایبەتی کەسایەتیە بەهێزەکانی وەک داودئۆغلۆ و عەلی باباجان دوور بکەونەوە حزبێک دروست بکەن.

هەندێک لە سیاسیەکانی تورکیا دەڵێن: شکستی ئەردۆگان لە ئەستنبوڵەوە دەستپێکردووە، کاتێک سەرۆک شارەوانیەکەی دۆڕاند بەرامبەر جەهەپە، بەڵام بێهێزبوونی ئەردۆگان لەوە دەستپێدەکات، کە نەیتوانی هاوسەنگی لەنێو حزبەکەیدا دروست بکات و دەستبگرێت بەسەر تەواوی توانا دیارەکانی ناو حزبەکەی.

حزبی ژیان و دادپەروەری(YAP) خۆئامادەکردنێکە بۆ تورکیایەکی نوێتر، بەتایبەتی لە ناوچەکە ڕووددەن و ئەگەرێکی بەهێزە پریشکی گەورەی لە گۆڕانکارییانە بەر تورکیا بکەوێت، بۆیە ئەم حزبە ئەگەر بەو شێوەیە سەرەتاییە دەستیان بە چالاکی کردووە و دەستیان بە هەڵدانەوەی نهێنیەکان کردوە بەردەوام بن، تورکیا لەو شەڕە چاوەڕوانکراوەی ناوچەکە براوە دەبێت و دەبێتەوە هەمان ئەو هێزە کاریگەرییەی پاشماوەی ئیمپراتۆرییەتەکەیان.

زۆربەی توێژینەوەکانی ئەمدواییەی ناوەندەکانی توێژینەوە لە تورکیا بەتایبەتی ئەو میدیاکارانەی ناوبانگیان لەتورکیا هەیە، دەڵێن: سەردەمێکی نوێی هاتۆتە ئاراوە، تەمەنی ئەکپارتی و سیاسەتی ئەم حیزبە ناتوانێ لەگەڵ ئەم سەردەمە نوێیە بگونجێت، ئەوان جەخت لەسەر پێویستی بوونی هێزی دیکە دەکەنەوە کە بریتی بێت لەو هێزەی سیاسەت و بۆژانەوە و ئابوری و بنەماکانی دیموکراسی لە تورکیا بەهێزتر بکات. بۆ ئەمەش تەمەنەکەی ئەکپارتی بەسەرچوو دەژمێرن و ئەو پێگە جەماوەرییەی هەیەتی لە ئایندە نامێنێ.

پرسیاری گرنگ لە دەرەوەی تورکیا لەسەر گۆڕانکارییەکانە، پرسیار لەبارەی ئایندەی چەندین کێشەی قولّە کە تورکیای زۆرجار گۆشەگیرکردووە، بەتایبەتی پرسی کورد، پرسی بەزاندنی سنور و دروستکردنی ناوچەی ئارام، پرسی مافەکانی مرۆڤ کە دوای کودەتاکەی 2016 زۆرترین باسی نێودەوڵەتی بەدوای خۆیدا هێنا و سەرزەنشتی دەسەلاتدارانی تورکیا کران.

لە پرسی کورددا حزبە نوێیەکە هەمانشێوە سیاسەتی ئەکپارتی پەیڕەو دەکات و بانگەشەکانی داودئۆغلۆ و عەلی باباجان ڕووەو کورد بوون و لەگەڵ زۆرێک لە خاوەن پێگە بەهێزەکانی کورد لە کوردستانی باکور دانیشتنیانکردوە و سەرنجیان بۆ حزبە نوێیەکە ڕاکێشاوە کە تائێستایش پێگەی ئەکپارتی لە کوردستان بەهێزترە لە زۆر حزبی دیکە، بۆیە ئەم سیاسەتە دووبارە بوونەوەی هەمان ڕێچکەیە، بەڵام ئومێدێکیش هەیە دوو کەسایەتی دیاری ئەکپارتی حزبێک دروست دەکەن و تەواوی هەڵەکانی حزبەکەیان لە دەسەلاتدا دەزانن و ئەگەریش هەیە هەنگاوی چارەسەرییەکیان پێ بێت.

لە پرسی بەزاندنی سنور و دروستکردنی ناوچەی ئارام ڕوئیایەکی ڕوون نییە لەلایەن حزبە نوێیەکەوە، بەڵام داودئۆغلۆ کە خاوەنی تێوەری سفرکردنەوەی کێشەکان لەگەڵ دراوسێ و میللەتان و دەوڵەتانی ناوچەکەیە دەتوانێت بەو توانا دیپلۆماسییەی هەیەتی جارێکی دیکە تورکیا بکاتەوە میحوەری یەکەمی ناوچەکە و ئەو فشارە زۆرەی ئیدارەی ئیستای ئەمریکایش لەسەر تورکیا کەمتر بێتەوە کە دەڵێن: ئەنجامی سەرەڕۆییەکانی ئەردۆگانە نەک گۆڕانکارییە لە سیاسەتی ئەمەریکا.

دەبێت هەموو ئەو ئەگەرانە شرۆڤە بکرێن، تا لە تەرازووەکەی تورکیای نوێیدا حزبێکی نوێی تاقیبکرێتەوە کە کارەکتەرە کۆنەکانی نێو ئەکپارتین.



وون بوون

ناسنامەی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی کەرکووك بەناوی ڕۆژ عبداللە علی عثمان بە پلەی ڕ.پ.٨ وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەڕچوونی.

* * *

وون بوون

ناسنامەیەکی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی کەرکووك بەناوی مصطفی جعفر سلطان بەپلەی ر.ع وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەڕچوونی.

* * *

تێبینەرایەتی تۆمارگەی خانووبەرەی دەشتی هەولێر

بڕیاری چەسپاندنی خاوەندارێەتی خانوبەرە

پشت بە کۆنووسی چەسپاندنی خاوەندارێەتی تایبەت بە خانووبەرەی زنجیرە ١/٥٩٦٥ لە کەرتی ٨٦ بنصلاوە لەڕێکەوتی: ٢٠١٩/٨/٢٨ وە دەرنجامی ئەو لێکۆڵینەوەی لێی کراوە بەپێی دەسەڵاتەی مادەی (٤٨)ی یاسای تۆمارکردنی خانوبەرە ژمارە (٤٣) ی ساڵی/١٩٧١ی هەموارکراو بێی داوم بڕیارم دا خاوەندارێەتی تەواوی خانوبەرەی دیاری کراو بەناوی مدیرية بلدية اربيل بچەسپێ و ئەم بڕیارەش بەپێی مادەی (٤٩)ی یاسای ناوبراو بۆ ماوەی (٣٠) سی ڕۆژبڵاوبکرێتەوە.

سەرۆکی لێژنەی چەسپاندنی خاوەندارێەتی

دادوەر/ نیگار احمد محمد

* * *

دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە فەرمانگەی کارگێری و دارایی و یاسایی

بەشی کارگێری

ژمارە: ١٤٨٢

بەروار: ٢٠١٩/٨/٢٧

بۆ خاتوو/ ئاشنا قادر صدیق فەرمانبەر

بەناونیشانی (نووسەری چاپی دووەم) لە دیوانی دەستەکەمان

ئاگادارکردنەوە

دوای تەواوبوونی مۆڵەتی بێ مووچەکەت کە بۆ ماوەی (٣) سێ ساڵ بە فەرمانمان ژمارە (١٠٢٠ لە ٢٠١٦/٨/٢١ لە ڕێکەوتی (٢٠١٦/٨/١٥) پێت درابوو وە لەبەر دەست بەکارنەبوونەوەت تاکو ئێستا بۆیە ئاگادارت دەکەینەوە لە ماوەی (٧) ڕۆژ گەر لە ناوەوەی هەرێمی کوردستانی وە بۆ ماوەی (٣٠) ڕۆژ گەر لە دەرەوەی هەرێمی کوردستانی پێویستە دەست بەکاربکەیتەوە وە بەپێچەوانەوە ئامازە بەبڕیاری پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١) ساڵی (٢٠٠٢) وە مادەدەی (٣٧)ی لە یاسای شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی (١٩٦٠) هەموواركراو کۆتایی بەڕاژەکەت دێت.

د. هەڵۆ عەسکەری

سەرۆکی دەستە

* * *

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر

بەشی یاسایی و گرێبەستەکان

ژمارە: ١٧٥٠٠

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٨/٢٨

جاردانی زیادکردنی ناشکرا بۆ جاری دووەم

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر/ بەشی یاسایی و گرێبەستەکان هەڵدەستێت بە ئەنجام دانی زیادکردنی ناشکرا بەپێی یاسایی فرۆشتن و بەکرێدانی مولکی دەولەت ژمارە (٣٢ لەساڵی ١٩٨٦) لە ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٩/١٨) کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی لە دیوانی بەڕێوەبەرایەتیەکەمان بەمەبەستی بەکرێدانی کۆشکەکانی (دیوانی بەڕێوەبەرایەتی- سەنتەری مامون دەباغ – بەڕێوەبەرایەتی لێژنەی پزیشکی هەمیشەیی- سەنتەری هێلینا- ب.ت. مەلافەندی- نەخۆشخانەی شەقلاوە- ب.ت نازدار بامەرنی- ب.ت. میر سلێمان لە هەریر) هەرکەسێك ئارەزووی بەشداریکردنی هەیە پێویستە بری (١,٥٠٠,٠٠٠) ملیۆنێك و پێنج سەد هەزار دینار وەکو بارمتە لەبەشی ژمێریاری دابنێت بە ئامادەبوونی نوێنەری داواکاری گشتی..

دکتۆر/ چەتۆ محمدامین محمد رشید

بەڕێوەبەری گشتی بەوەکالەت

* * *

پێراگەیاندنی (مجهول الاقامه)

بۆ بارمتەدەر/ اسماعیل و طه و طیار کورێن صابر اسماعیل/ ژ میراتگرێت / صابر اسماعیل محمد)

پێراگەیاندنی/ سەرەتایی

ژمارا پارچە زەوی/ ٥٦٥/٣٠

ژمارەی کەرت و ناو/ ٤٣ عین سفنا ڕۆژئاڤا

ڕەگەز/ خانوو

بری قەرز/ ٧٠٠٠٠٠٠ حەفتی ملیون دینار

ناوی بارمتەوەرگر/ فرهاد گری شاهین

بەرواری دانەوە/ ٢٠١٢/١/٢٠

ئاکاری تومااری بارمتە بەرجەستە/ (٢) ك٢٠١١/٢ بەرگ ١ بارمتە نیشتەجێ/ دیار نییە

کو ئەو قەرزێ ل سەری دیارکری کو بارمتە وەرگر وەربگریت وەکو بارمتەدەری چ نیشتەجێ یێ بەرچاڤ و مەعلوم نینن کو ئەوێ د گرێبەستێدا دیارکری کو چ جهێن دی نینن ژ بلی وی ئەوی دیارکری د گرێبەستی دا ڤێجا دبیتە نیشتەجی یێ نەدیار و مە بریاردا وی ئاگەهدارکەین کو دڤێت قەرزی بدەت و هەمی مساریف د ماوێ (١٥) ڕۆژدا هەر ل ڕۆژا پشتی ئاگەهدارکرنا ل ڕۆژنامێ کو لدیڤ یاسایی.

ماف پەروەر / نزار علی حسن

تێبینەرێ تومارکرنا خانووبەرا شێخان

* * *

دادگای بەرایی خەبات

ژمارە: ٢٨/ب/٢٠١٥

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٨/٢٨

جاردان

کەسانی سێیەم بۆ لای داولێکراوان: صدرالدین عمر حمدامین و علی رفیق مصطفی)

ئامازە بەداوای ژمارە ٢٨/ب/٢٠١٥ کە تایبەتە بەداواکار یحیی فارس یونس کە جۆری داواکەی بریتییە لە (پووچەڵکردنەوەی تۆماری مولك) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونتان نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری ناحیەی رزگاری/ گەرەکی شەهیدان، بۆیە ئەم دادگایە بریاری دا لەبەروارى ٢٠١٩/٨/٢٠ بەپێ ڕاگەیاندنتان بە هۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی بۆ ئامادەبوونی خودی خۆتان یاخود بریکاردارتان لەجیاتی خۆتان ڕەوانە بکەن لەڕۆژی دادبینی ڕێکەوتی ٢٠١٩/٩/١١ کات ژمێر ٩ی بەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی پاشمەلە و ئاشکراو دەرهەقتان ئەنجام دەدرێت بەپێی یاسا..

دادوەری یەکەم/ سمکۆ ڕۆستم سمین

* * *

دادگای باری کەسی هەولێر/٥

ژمارە:٢٠٦٥/ش/٢٠١٩/٥

ڕێکەوت:٢٠١٩/٨/٢٨

جاردان

بۆ داوالێکراو (عبدالاله صالح طه) شوێنی دانیشتنت نادیارە

دادگا لە داوای ژمارە (٢٠٦٥/ش/٢٠١٩/٥) بڕیاریدا لەسەر جیابوونەوە (التفریق للهجر) لەنێوان تۆ و داواکار (نیگار بهاءالدین فتحی) وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری هەولێر / شاری زێرین بۆیە دادگا بڕیاری بە پێراگەیاندنت لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی تۆ مافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە لەماوەی (١٠) دە ڕۆژ لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم جاردانە بە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕ وەردەگرێت.

دادوەر/ پەژار عبدالله نصیف

* * *

کۆلێژی هەولێر پزیشکی

بەکرێدانی فۆتۆکۆپی لەڕێکەوتی ٢٠١٩/٩/١ بۆ ماوەی ١٥ ڕۆژ

مەرجەکانی ژووری استنساخ

١- کەل و پەل/ کۆپی کردنی پەروای (A٤) یەك ڕوو نرخەکان بەدینار/ ٢٥ دینار.

٢- کەل و پەل/ کۆپی کردنی پەروای (A٤) دوو ڕوو نرخەکان بەدینار/ ٥٠ دینار.

تێبینی/

* دەبێت بەلێندەر زیاتر لە ٣ سێ ئامێری فۆتۆکۆپی هەبێت.

* دەبێت ژووری فۆتۆکۆپی دەورو بەری خاوێن بێت.

* پێشکەشکار ئەزمونی پێشوی هەبێت لەبواری کۆپی کردن.

* پابەند بێت بە ڕێنماییەکانی سەرۆکایەتی و ڕاگرایەتی.

* دەبێت بەلێندەر کۆمپیوتەرێك یان زیاتری هەبێت.

* مۆڵەتی کۆپی کردنی هەبێت.

* فرۆشتنی تەندەر بەبری (١٥٠٠٠) پانزە هەزار دیناری دوای فرۆشتن ناگەڕێتەوە بۆ بەلێندەر.

* هێنانی بارمتە بەبری (٥٠٠,٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار.

* ئەو کەسەی تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت پشتگیری لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێرەوە بێنێت دوای دەرچوونی.

* پێشکەش کردنی پاکانەی بەڕێوەبەرایەتی باجی دەرامەتی هە و لێر .

* پارەی بڵاوکردنەوەی ئاگاداری لە ئەستۆی ئەو لایەنە دەبێت کەوا ژووری فۆتۆکۆپی بۆ دەردەچێت.

* ئەو کەسەی بەشداری دەکات لە زیادکردنی ناشکرا کە نابێت فەرمانبەر بێت لە دام و دەزگا حکومیەکان بە پێچەوانەوە دوور دەخرێتەوە لە ڕێگای یاسایی دەرهەق ئەنجا دەدرێت.

* هەر بەلێندەرێك یەکێك لەو مەرجانەی ئامازەی پێکراوە تەواو نەبێت دوور دەخرێتەوە لەبەشداری پێکردن لەزیادکردنی ناشکرا کە.

* * *

دادگای باری کەسایەتی لە دهوك

ژمارە/ ١٠٥٥ /ش/٢٠١٩

ڕێکەفت/ ٢٦ /٨ /٢٠١٩

ڕاگەهاندن

بو/داوالێکراو (انس عبدالرزاق حجی) ل دیف داخازیا داواکار (نسرین عبدالعزیز صالح) وکێشا ژمارا وێ ل سەری دیار کری تێدا داخازیا (تفریق للهجر) کری وژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجی بوونا تە بو دادگەهێ ل دیف نقیسارا بەربژارێ دهوك محلە شورش ئەڤجا بریار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب ڕێکا دوو ڕۆژنامێت ڕۆژانە دا ئامادەبی ل ڕۆژا ٢٠١٩/٩/٨ یان بریکارەکێ پێش خۆفە ئامادەبکە وبەروڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەها تە پاشەملی هێتە کرن

دادوەر/ مروان عادل اسماعیل

* * *

دادگەها بەرایی زاخو

ژمارە ٢٠٦/ب/٢٠١٩

ڕێکەوتی: ٢٠١٩/٨/٢٨

ڕاگەهاندن

بو/ داوالیکراوان/ زهره محمود عبدالرحمن و فاطمه محمود عبدالرحمن / جهێ ئاکنجیبوونا وە یا بەرێ زاخو- تاخێ ئاشتی، جهێ ئاکنجیبینا نوکە نەدیارە.

ڤێ دادگەهێ ل ڕۆژا (٢٠١٩/٨/٢٦) ل داوا ژمارە ٢٠٦/ب/٢٠١٩ بریاردا ب مولك کرنا خانووبەرێ ژمارە (٢٠٥/٣) کەرتێ ١٦ خرابابك) بناڤێ (امنه محمود عبدالرحمن) و دگەل خەرجی خستنە ئەستوو ماندیبوونێ پارێزەر بۆ بریکارێ داواکاری پارێزەر (اشتی خیری رمضان) ب کوژمێ (١,٢٠٠,٠٠٠) دینار، و ژبەر دیارنەبینا جهێ ئاکنجیبینا وە لدیڤ نڤێسارا بنگەهێ پولیسین زاخو ژمارە ٢٤٩٩ ل ٢٠١٩/٨/٢٨ و ڕۆنکرنا ڕاگەیەنەرێ بنگەهێ پولیسێن زاخو ل ڕێکەفتی ٢٠١٩/٨/٢٨ و هەڤپێچ دگەل پەسەندا هەلبژارێ گەرەکا ئاشتی ٢ کۆ تێدا هاتیە دیارکرن (ناڤێ وی د تومارا گەرەکا مەدا هەیە مالا خو ژ تاخی مە بارکریە و نوکە ژی جهێ ئاکنجیبینا وی نە دیارە و مە پیزانین ل دور نینن دادگەهێ بریاردا ب بەلاڤکرنا ڤێ ئاگەهداریێ د دوو ڕۆژنامە بێن نافخویی و ڕۆژانە دا داهین بهێنە ئاگەهدارکرن ب بریارێ و ئەڤ بریارە هەلاویستیە لسەر سەرنەهێنانەبەر ژ سیند خارنێ لدەمێ نکولێ و نەرازیبوونێ و تە مافێ نەرازیبین و پێداچوونێ هەیە دماوێ یاساییدا و بەروڤاژی بریار دێ پلا بنبرێ وەرگرت..

دادوەر / یوسف الیاس سدن

* * *

دادگای باری کەسایەتی ل دهوك

ژمارە: ١٠٢٣/ش/٢٠١٩

ڕێکەفتی: ٢٠١٩/٨/٢٥

ئاگەهدارکرن ب بریارا پاشملە ئاگەهداری

بۆ/ داوالێکراو (اڤین محسن عمر)

ڤێ دادگەهێ ل ڕێکەفتی ٢٠١٩/٨/٢٠یێ د کێشا ل سەری دیارکری دا ئەوا هاتیە ڤەکرن ژ لایێ داواکار (بدرالدین مجید یونس) بریاردا ب (تصدیق طلاق خارجی) دناڤبەرا تە و هەڤژینا تە یا داواکار دا وتە مافێ نەرازیبوونێ یێ هەی د ماوێ دەه ڕۆژان ژ ڕۆژا ئاگەهدارکرنا تە ل ڕۆژنامێ و بەروڤاژی وێ دێ فەرمانا ل سەر دیارکری ل سەر تە هێتە بجهئینان

دادوەر/ مروان عادل اسماعیل

* * *

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (NEW ENERGY CARE COMPANY) بۆ بەڵێندەرایەتی بیناسازی و کارەبایی و میکانیکی/سنوردار) بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (نازە) بۆ بازرگانی گشتی/سنوردار) بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە لقی کۆمپانیای (الاتحاد الطیران) بۆ (للطیران الجوی و نقل الاشخاص و الحمولات و البضائع و البرید مساهمة عامة) بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (POWER CARE COMPANY) بۆ بازرگانی گشتی/سنوردار) بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

پارێزگەها دهوکێ
قائیممقامیا قەزا ئامێدیێ
ژمارە: ٢١٥٤/٣٣
بەروار: ٢٠١٩/٨/٢٧
ئاگەهداری
لدیف فەرمانا کارگیری یا پارێزگەها دهوکی یا ژمارە/٦٩٨ لە ٢٠١٩/٨/١ و نڤیسارا رێڤەبەریا ناحیا کانی ماسی یا ژمارە /٥٤٩ لە ٢٠١٩/١/٩ و لسەر داخازیا خەلکی گوندێ (چمبلکێ) کو تیدا داخازا ڤەگوهاستنا گوندی بو (میرگا قەسرێ) کریە و رازەمەندیا هەمی لایەنیت پەیوەندیدار هاتیە کرن لدیف بەرهەڤی کومبوونی ئەڤجا داخازی دکەین کو ل روژنامە هەوە بهیتە بەلافکرن داکو بزانین چ ریکگری (اعتراض) نینە ژیی چ کەسان ڤە ئەڤە بو یا پیتدڤی دگەل رێزگرتنێ.
هەڤپێچ/
بەرهەڤی کومبوونێ.
اسماعیل مصطفی رشید
قائیممقامی قەزا ئامیدیێ
* * *
رێڤەبەریا گشتی یا باژێرڤانییا ل پارێزگەها دهوکێ
بەشێ مولك و زەڤی و زار
ژمارە: ٢٤/٣٠٠/١/١
رێکەفت: ٢٠١٩/٨/٢٨
ئاگەهداری
لدویڤ یاسا فروتن و کرێکرنا مولکێن دەولەتێ ژمارە ٣٢ یا سالا ١٩٨٦ و ئەو دەستورکارێن لسەر ڤی بابەتی هاتینە دان لێژنا فروتن و کرێکرنێ دوویێ پشتی بریارا فروتنی هاتیە شکاندن (کسر قرار) رادگەهینیت کو سەرئیك زێدەکرنەکا ئاشکەرا یا هەی ژبو کرێدانا ب رووبەرێ (٢٧) دونەم و (١٢٤) اولك و (٧٨,٦)م٢ لسەر پارچە زەڤی یا ژمارە (١/ ٧٠٢٦) کەرتی ١١ سێمێلی ژبو مەرەما کرێدانا (پارك فراشین) بو ماوێ ٥ پێنج سالا و هەر کەسێ بڤێت پشکداری یێ دڤێ سەرئیك زێدەکرنێدا بکەت بلا داخوازێت خو دگەل دابینکرنێ کو کێمتر نەبیت ژ ٢٠٪ ژبهایێ خەملاندنێ پێشکێشی سەروکاتی باژێرڤانیا سێمێلی بکەت د ماوێ ٧ حەفت روژا دا ژ بەلافکرنا ڤێ ئاگەهداریێ د روژنامێ دا و ئەڤ سەرئیك زێدەکرنە دێ هێتە کرن ل سەروکاتیا باژێرڤانی یا سێمێلی دەم ژمێر دوازدەی نیڤرۆ و هەرکەسێ بو بکەڤیت دێ بهایێ ئاگەهداری یێ و هەمی خەرجێت بێتڤی دێ کەڤنە ستوێ وی.
ئەندازیار/ دیار بحری رسول
رێڤەبەرێ گشتی
* * *
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی/ هەولێر
ژمارەی دۆسیە/٢٠١٩/٧٩٨
رێکەوت/٢٠١٩/٨/٢٨
جاردان
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر مولکی ژمارە ١/٢٣٦١ کە کەوتوەتە کەرتی ٩٤ باداوە دەفرۆشێت, خاوەنەکەی قەرزار ناظم جوهر حسین کە گلدانەوەی خراوەتەوە سەر لەجیاتی قەرزی هوگر انور اسماعیل بەبڕی/ ١٢٠,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن دینار هەرکەسێ ئارەزوومەند ٣٠ سی رۆژ لە رۆژی دوای ئەم بلاوکردنەوەیە لەگەل بارمتەی یاسایی کە ١٠٪ نرخە قرساوەکەیەتی ولاتنامەی عێراقی ئامادە بێت و پارەی تۆمارکردن و دەلالیش لەسەر کرپارە.
جێبەجێکاری داد / کاڵێ قادر پیرۆت
١ - شوێن و ژمارەی/ هەولێر فەرمانبەران ١/٢٣٦١ ك ٩٤ باداوە
٢ - رەگەزو جۆری/ مولکی تەواو
٣ - سنوورو ئاگاداری/ هەر وەك لەنەخشەکەدا هاتووە
٤ - پێکهاتەکەی/ لە دوو خانوو پێك دێت هەر خانوێك لەسەر رووبەری ١٢٥م٢ پێك دێت دروستکراوە هەر خانوێك لە چوار ژوورو حەمام مرافق مطبخ دووەم لە ٤ ژوورو حەمام و مطبخ و مرافق دەستور سلێمانی دروستکراوە
٥ - رووبەرەکەی/٢٥٠ م٢
٦ - پلەی ئاوەدانکاری/
٧- نیشتەجێکەی/
٨ - نرخی قرساو/ ٧٢,٠٠٠,٠٠٠ حەفتاو دوو ملیۆن دینار.
* * *
دادگای کەتنی سلێمانی/٣
ژمارە: ١٥٠٩/ك/٢٠١٩
رۆژ: ٢٠١٩/٨/٧
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: میتول روشون مطلب
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٣٩) لەیاسای مانەوەی بیانیەکان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (تاسلوجە) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/٩/٢٩ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / قادر محمد نوری
* * *
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی سلێمانی
بەدواداچوون و ئامار
ژمارە: ٢٠١٩/٩٥٩
رێکەوت: ٢٠١٩/٨/٢٧
ئاگاداری
بوونی نادیارە لەکاتی ئێستادا وە کۆمپانیای ناوبراو شوێنەکەی چۆڵەو ئاگادارت دەکەینەوە کە لە بەڕێوەبەرایەتیەکەمان لەسەر داوای خاوەن قەرز (جۆزف عبدالله الخوری) لە ڕێگەی بریکارەکەی پاریزەر (ناصح جمال لطیف) بریاری دادگای بەرایی سلێمانی/٢ بە ژمارە (١٩٥٠/ب/٢٠١٤) لە (٢٠١٧/٨/٢٢) کە تایبەتە بە قەرز بەبری ٣١,٣٦٥,٠٠٠ سی و یەك ملیۆن و سێ سەدو شەست و پێنج هەزار بە ڕەسمی جێبەجێکردنی ئەم بەڕێوەبەرایەتیەوە وە بۆ بەڕێوەبەرایەتیەکەمان رون بۆتەوە بەپێی شەرحی پێراگەیەنەری دادی و مۆری موختاری گەرەکی شێخ محی الدین کە شوێنی نیشتەجێبوونی نادیارە بۆیە ئاگادارت دەکەینەوە لە ماوەی (١٥) رۆژ دا لە رۆژی دووەمی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە رۆژنامەدا بەپێچەوانەوە اجراءاتی بەزۆرت لەگەڵ دەکرێت بەپێی ئەحکامی ماددە (٢٧) لە یاسای جێبەجێکردنی کارپێکراو.
جێبەجێکاری داد/ کوسرەت علی مجید
بۆ داوالێکراوی جێبەجێکردن (کاوە انور قادر/ بەڕێوەبەری ڕێگەپێدراوی کۆمپانیای ئیتوال ستی/ سەرەڕای کارەکەی) کە شوێنی دانیشتن و نیشتەجێ
داواکار : حمە صالح عزیز علی
داوالەسەرکراو : إقبال محمد صالح
بۆ داوالەسەرکراو : إقبال محمد صالح
داواکار بەناوی (حمە صالح عزیز علی) لەم دادگایە داوایەکیان لەسەر تۆمارکردوون بە ژمارە (١٩٧٥/ ب / ٢٠١٩) تایبەت بە (گەڕاندنەوەی بندەستی) وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونتان نادیارە بۆ یە ئەم دادگایە بریاری دا بە ئاگادارکردنەوەتان لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی نێوخۆی فەرمی (رسمی) بەمەبەستی ئامادەبوونتان بۆ دادگایی کردن بۆ رۆژی (٢٦/ ٩ / ٢٠١٩) سەعات (٩:٢٠) یان ناردنی بریکارێك بەپێچەوانەوە ئامادەنەبن بە پێی یاسا داواکە دەبینرێت .
دادوەر / کمال رضا احمد
* * *
دادگای بەرایی سلێمانی / ٢
ژمارە : ١٩٧١/ ب / ٢٠١٩
بەروار : ٢٩ / ٨ / ٢٠١٩
ئاگاداری
داواکار : حمە صالح عزیز علی /
بەڕێوەبەری ڕێگەپێدراوی کۆمپانیای بوونتان نادیارە بۆ یە ئەم دادگایە بریاری دا بە ئاگادارکردنەوەتان لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی نێوخۆی فەرمی (رسمی) بەمەبەستی ئامادەبوونتان بۆ دادگایی کردن بۆ رۆژی (٢٦/ ٩ / ٢٠١٩) سەعات (٩:١٥) یان ناردنی بریکارێك بەپێچەوانەوە ئامادەنەبن بە پێی یاسا داواکە دەبینرێت .
دادوەر / کمال رضا احمد
* * *
دادگای بەرایی سلێمانی / ٢
ژمارە : ١٩٧٥/ ب / ٢٠١٩
بەروار : ٢٩ / ٨ / ٢٠١٩
ئاگاداری
وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار
سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر
لێژنەی یەکەمی فرۆشتن و بەکرێ دان
ژمارە:١٢٩٦٨/١٠
رێکەوت:٢٠١٩/٨/٢٩
ئاگاداری
ئاگاداری هاوڵاتیان دەکەینەوە کەوا لێژنەی یەکەمی فرۆشتن و بەکرێ دانی سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر هەڵدەستێت بە فرۆشتنی ئەم پارچە زەوییەی خوارەوە، بە ڕێگای زیادکردنی ئاشکرا بەپێی یاسای ژمارە ٣٢ ی ساڵی ١٩٨٦ هەرکەسێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە سەر بدات لە سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر (لێژنەی ئاماژە پێدراوی سەرەوە و بەشی ژمێریاری/ داهات) بۆ وەرگرتنی زانیاری دانانی بارمتەی یاسایی بە ڕێژەی ٢٠٪ کەمتر نەبێت لە نرخی خەمڵێنراو زیادکردنەکە لە رۆژی (١٥) پازدە یەمین رۆژی دوایی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە لە رۆژنامە لە کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ دەست پێ دەکات، کرێ گرتە پارەی بانگ کردن و بڵاوکردنەوەی دەکەوێتە ئەستۆ.
١- ژمارەی زەوی/ ٣/٥٦٣٠ ك ٧٦ کونەگورك رووبەر/ ٣٥٤,٦٤م٢ ڕەگەز/ نیشتەجێ
ئەندازیار/ سامان محمد احمد
سەرۆکی شارەوانی هەولێر
بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ١٥٢٤٠
رێکەوت: ٢٠١٩/٨/٢٥
بڕیار
ئاماژە بەناوەڕۆکی کۆنووسی کۆبوونەوەی دەستەی گشتی لقی کۆمپانیاکان (الاتحاد الطیران)ی ئیماراتی بۆ (للطیران الجوی و نقل الاشخاص و الحمولات و البضائع و البرید مساهمة عامة) راستێندراوە لە قونسلخانەی عیراقی لە ولاتی (ابو ظبی) لە رێکەوتی (٢٠١٩/٧/١٨) تایبەت بە داخستنی لقی کۆمپانیا، وە دانانی بەڕێز (جمال محمد عثمان) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای ناوبراو.
من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوم پەسندکرد پالپشت بە ماددەی (١٥) لە سیستەمی ژمارە (٥) سالی ١٩٨٩.
ئەم بریارە نووسراوە لە بەرواری ٢٠١٩/٨/٢٥
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر
حمە صالح عزیز علی/ بۆ بازرگانی
گشتی / سەرەرای کارەکەی
داواڵەسەرکراو : إقبال محمد صالح
بۆ داواڵەسەرکراو : إقبال محمد صالح
داواکار بەناوی (حمە صالح عزیز علی / بەڕێوەبەری ڕێگەپێدراوی کۆمپانیای حمە صالح عزیز علی / سەرەرای کارەکەی) لەم دادگایە داوایەکیان لەسەر تۆمارکردوون بە ژمارە (١٩٧١/ ب / ٢٠١٩) تایبەت بە (إعادة أمانات) وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونتان نادیارە بۆ یە ئەم دادگایە بریاری دا بە ئاگادارکردنەوەتان لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی نێوخۆی فەرمی (رسمی) بەمەبەستی ئامادەبوونتان بۆ دادگایی کردن بۆ رۆژی (٢٦/ ٩ / ٢٠١٩) سەعات (٩:١٥) یان ناردنی بریکارێك بەپێچەوانەوە ئامادەنەبن بە پێی یاسا داواکە دەبینرێت .
دادوەر / کمال رضا احمد
* * *
بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیان دهوك
بەشێ کۆمپانییێن نیشتمیانی
ژمارە: ٣٩٨٥
بەروار: ٢٠١٩/٨/٢٨
بریارا پاکتاوکردنی کۆمپانیا (سنوردار)
پاڵپشت بە ناڤەرۆکا بریارا دەستەیا گشتی یا کومپانیا (سیاف) بۆ (بازرگانی گشتی/ سنوردار) ل رێکەفتی (٢٠١٩/٨/٢١)ێ تایبەت ب دانانا کومپانیێ ل ژێر پاکتاوکرنێ دا و دانانا بەرێز (علی عرب حسین) وەکو پاکتاوکەرێ کومپانیا ناڤبری. ئەز وەکو رێڤەبەرێ کومپانییێن دهوکێ بریارا سەری پەسەندکەم ب مەرجەکی بهێتە بەلاڤ کرن لدیڤ ئەحکامێن ماددەیا (١٦٠)ێ ژ یاسایا تومارکرنا یا ژمارە (٢١)ێ سالا (١٩٩٧)ێ یا هەموارکری.
و ئەڤ بریارە هاتیە نڤێسین ل رێکەفتی ٢٠١٩/٨/٢٨
مافپەروەر/ شێروان حیتو عبدالرحمن
رێڤەبەرێ کۆمپانیان/ دهوك
بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ١٥٥٥٣
رێکەوت: ٢٠١٩/٨/٢٨
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (POWER CARE COMPANY) بۆ بازرگانی گشتی/سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (POWER CARE COMPANY) بۆ بازرگانی گشتی/سنوردار) لە رێکەوتی (٢٠١٩/٨/٢٧) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (جلنك صادق محمد) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/٨/٢٨
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر
بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیان دهوك
بەشێ کۆمپانییێن نیشتمیانی
ژمارە: ٣٩٥٦
بەروار: ٢٠١٩/٨/٢٧
بریارا پاکتاوکردنی کۆمپانیا (سنوردار)
پاڵپشت بە ناڤەرۆکا بریارا دەستەیا گشتی یا کومپانیا (K.J.S) بۆ (بازرگانی گشتی وگواستنەوە - هێنان وبردن / سنوردار) ل رێکەفتی (٢٠١٩/٨/٢٧)ێ تایبەت ب دانانا کومپانیێ ل ژێر پاکتاوکرنێ دا و دانانا بەرێز (خالد موسی یونس) وەکو پاکتاوکەرێ کومپانیا ناڤبری. ئەز وەکو رێڤەبەرێ کومپانییێن دهوکێ بریارا سەری پەسەندکەم ب مەرجەکی بهێتە بەلاڤ کرن لدیڤ ئەحکامێن ماددەیا (١٦٠)ێ ژ یاسایا تومارکرنا یا ژمارە (٢١)ێ سالا (١٩٩٧)ێ یا هەموارکری.
و ئەڤ بریارە هاتیە نڤێسین ل رێکەفتی ٢٠١٩/٨/٢٧
مافپەروەر/ شێروان حیتو عبدالرحمن
رێڤەبەرێ کۆمپانیان/ دهوك
بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ١٥٥٥٧
رێکەوت: ٢٠١٩/٨/٢٨
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (NEW ENERGY CARE COMPANY) بۆ بەڵێندەرایەتی بیناسازی و کارەبایی و میکانیکی/سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (NEW ENERGY CARE COMPANY) بۆ بەڵێندەرایەتی بیناسازی و کارەبایی و میکانیکی/سنوردار) لە رێکەوتی (٢٠١٩/٨/٢٧) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (جلنك صادق محمد) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/٨/٢٨
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

ئاگەهداری
ئاگەهداریا گشت لایەکی دەکەینەوە کومپانیا (سیاف) بۆ (بازرگانی گشتی/ سنوردار) بریارا پاکتاوکرنا کومپانیای دایە بۆیە هەر کەسیك یان لایەنیك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لەماوەی یاسایی ئاگاداری بەرێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان بکاتەوە لە (پاریزگای دهوك)
پاکتاوکار / علی عرب حسین
ناونیشان / دهوك - زاخو
ژمارا موبایل / ٠٧٥٠٤٧٣٨٦٩٨
ئیمیل: gmail.com@Lawyerali٩
ئاگەهداری
ئاگەهداریا گشت لایەکی دکەین کۆ کومپانیا (K.J.S) بۆ (بازرگانی گشتی وگواستنەوە - هێنان وبردن / سنوردار) بریارا پاکتاوکرنا کومپانیێ دایە لەوما هەر لایەنەك وکەسەکی مافەك ل سەر کومپانیێ هەبیت بلا ددەمێ یاسایی دا ئاگەهداریا پاکتاوکەری بکەن ل (باژێرێ دهوکێ) بۆ ئێکلاکرنا کێشەیان
پاکتاوکەر / خالد موسی یونس
ناڤ ونیشان / دهوك - مالطا
ژمارا موبایلێ / ٠٧٥٠٤٥٠٩٨٨٠

ئەمڕۆ لە مێژوودا



سالی 1923:
بومەلەرزەیەکی بەهێز شارەکانی تۆکیۆ و یۆکۆهامای هەژاند و بووە هۆی کوژرانی زیاتر لە 150هەزار کەس .



سالی 1969:
معەمەر قەزافی سەرکردایەتی کودەتایەکی سەربازی کرد لە دژی رژێمی پادشایەتی لیبیا و دەسەلاتی وڵاتی گرتە دەست .



سالی 1991:
ئەمەریکا بە فەرمی دانی بە سەربەخۆیی ئستۆنیا و لاتڤیا و لیتوانیا دانا .



سالی 2004:
لە قوتابخانەی بیسلان لە ڕووسیا ، ژمارەیەک چەکداری چیچانی زیاتر لە 1200قوتابیان وەک بارمتە گرت .



سالی 2009:
ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی لە عێراق عەمار حەکیمی وەک سەرۆک بۆ ئەنجوومەن هەڵبژارد .



سالی 2017:
دادگای باڵای کینیا ئەنجامی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی وڵاتی بەتاڵ کردەوە و داوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی دیکەی کرد .

پەلەقاژە و هەژموونگەرایی لە پێناو مانەوە



شۆڕش خالید ئازگەیی*

بێگومان ساڵانی دوای کۆتایی جەنگی ساردی نێوان بلۆکی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات بە سەردەمی زێڕینی بەهێزبوون و گەشەی خێرای بلۆکی ڕۆژئاوا دادەنرێت. بە تایبەت دوای ڕووخانی دیواری بەرلین، سەردەمی دارمان و شکست و پاشەکشەی بلۆکی سۆشیالیستی و فکری مارکسیستی و لینینیستی و لەگۆڕانی بیرۆکە خەیاڵ پلاوەکان بە تەواوەتی دەستی پێکرد و ئەم بلۆکەی لە ناواخندا هەڵتەکاند.هاوکات لەگەڵ دارمانی کەمپی سۆشیالیزمدا، وڵاتانی ڕۆژئاوا پێیان نایە قۆناغێکی زێڕینی پێشکەوتن و گەشە و دەوڵەمەندی لە هەموو ڕوێکەوە.

بەشی یەکەم

کۆمەڵێک بەهای گەورە و بەپیرۆزکراو، وەک خوێنی تازە ڕژانە نێو شادەمارەکانی وڵاتانی ڕۆژئاواوە.پێوەرە سیاسیە هاوبەشەکان، دامەزراوە هاوبەشەکان، شۆڕشی تێکنۆلۆژیای تازە و هاوچەرخ، ئاسایشی گشتی، کالا و شتومەکە بازرگانیەکان، سەرمایەی نیشتیمانی و کەسایەتیە سیاسیە بالادەستە پراگماتەکان، کۆمەڵێک لەو بەهایانە بوون توانیان وەک ئەڵقەی زنجیر، وڵاتانی ڕۆژئاوا بە یەکگرتوویی و یەکپارچەیی و بەهێزی و هەماهەنگی بهێڵنەوە. ئەم یەکگرتوویی و یەکپارچەییە هاوکات لەگەڵ پێشکەوتنە خێراکانی بواری تێکنۆلۆجیا بوون بە کۆمەڵێک فاکتەری پاڵنەر و هاندەر و زەمینە خۆشکەر بە ئاراستەی سەرەتاکانی دەرکەوتن ولە دایکبوونی چەمکی جیهانگەراییەوە. ئەوەی ڕۆژئاوا توانی لە ڕووبەری پێشکەوتن و پێشخستندا لە ماوەیەکی زەمەنی کورتدا دەستەبەری بکات و قۆناغەکانی بە سەرکەوتوویەوە تێپەڕێنێ، بەهۆی ترسیانەوە بوو لە جەمسەری بەرامبەریان، یا باشتر بڵێین جەمسەری سۆشیالیزمەوە. ئەم ترسە ببوو بە فاکتەرێکی هاندەر و پاڵنەر بە ئاراستەی ململانێ لە پێناوی دەسکەوتی زیاتر و پڕ بایەختری یارمەتیدەر، بۆ هێشتنەوەی ڕۆژئاوا بە بەهێزی و تۆکمەیی و بالادەستیەوە لە گۆڕەپانی ململانێ سیاسیەکانی ئاستی جیهاندا.لەپاڵ ئەمەشدا پروپاگەندەی یەکێتی سۆفیەت دژ بە فۆبیای ئیمپریالیزمی جیهانی بە سەرکردایەتی ئەمەریکا و پێویستی بوونی ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیە ، زیاتر هانی وڵاتانی ڕۆژئاوای ئەدا یەکگرتوویی و یەکهەڵوێستی خۆی بەرامبەر بە یەکێتی سۆڤیەت نەدۆڕێنێ و لە ڕێگەی مانەوەیان لە نێو دامەزراوەیەکی سیاسی و ئابووری وەک یەکێتی ئەورووپادا، دەست لە بەشێک لە سەربەخۆیی خۆیان هەڵگرن و ڕێگە بدەن زۆربەی ئەو بڕیارانەی ڕەهەندی نێودەوڵەتی و ستراتیژی و ئابووری هەیە لە یەکێتی ئەورووپاوە دەربچن.

ڕۆژئاواوە، گرینگە هەڵسەنگاندنەکان بانگەیەنن بە دۆزینەوەی هۆکارەکانی پەرش و بلاوی دۆخی ئێستای ئەورووپا و ئەو دابەشکاریە زەقەی سەرتاپای یەکێتی ئەورووپا لە لایەک و ئەمریکای لە لایەکی ترەوە گرتۆتەوە و تارماییەکانی وا بە ئاشکرا دەرکەوتوون.لای ڕۆژئاوا وا باوە هەر جۆرە پێشکەوتنێک لە ڕوانگەی دەسکەوتە میژوویەکانی خۆیانەوە هەڵدەسەنگێنن. بە واتایەکی تر دواجار هەر ئەوانن سەردەکەن و (ئەوانی تر) بن دەکەون و شکست دەخۆن و پاشەکشە دەکەن. بۆ نموونە سیستەمی پەرەپێدانی یەکێتی ئەورووپا ئێستا خراوەتە چوارچێوەیەکی تەسکی سیستەمی بەرگریەوە. بە واتایەکی تر، کاتێک ئەورووپیەوکان هەوڵی پەرەپێدان وپەل هاویشتن بۆ بەردەم دەروازەکانی ڕووسیا دەدەن و دەیانەوێ وڵاتانی نزیک لە سنوورەکانی ڕووسیا بە ئەندام وەربگرن، لایەکی تریشەوە ببڕۆکەی پەرەپێدانی یەکێتی ئەورووپا و بە ئەندام وەرگرتنی وڵاتانی دراوسێی ڕووسیا لە ناتۆ، هەوڵێکە بۆ بەرپەرچدانەوەی هەڕەشە و پاوانخوازیە میژوویەکانی ڕووسیا.

شڵەژانی ئەورووپا

لەم دۆخەی ئێستادا شڵەژانێکی ترسناک ڕووی کردۆتە ڕۆژئاواوە. بۆ نموونە ئەم جەمسەرە نەیتوانی چارەسەرێکی بنەڕەتی و یەکلاکەرەوە بۆ پرسی سووریا بدۆزێتەوە و سەرلەبەری بیرۆکەکان وەک مەرەکەبی سەر کاغەز مانەوە و بڕیارەکان بە هیچ شێوەیەک نەخرانە بواری جێبەجێکردن و سەرخستنەوە. چەمکی شارستانیەتی ڕۆژئاوا مانا و دەلالەتەکانی خۆی لەدەست داوە و ئێستاکە هەڵگری کۆمەڵێک مانا و دەلالەتی تر.ە. ئەم دەستەواژەیە چیتر وەک سەردەمانی پێشوو دەلالەت لە یەکێتیەکی یەکگرتوو ناکات و خەریکە لە ناواخنی خۆیدا دادەڕمێت و پەرتەوازەیی ڕووی یەکگرتووی نیشتیمانی و نەتەوەیی ئەو قورساییەی نامێنێ، بتوانێ دڕێژە بە کاروانی پێشکەوتن و چنینەوەی دەسکەوتی زیاترەوە بدات و بەداخەوە لە پەراوێزی مێژوو و ڕووداوەکاندا دەمێنێتەوە و بە کۆمەڵێک کێشەو شتی پڕوپوچ و کەم بایەخەوە سەرقاڵ دەکرێ و پێش ناکەوێ. ئەم جۆرە نەتەوانە زیاتر لە نەخۆشێکی خەوێندراو لە نەخۆشخانەی تایبەت دەچن بۆ کەم کردنەوە یا (لەبیر بردنەوە)ی ئێش و ئازارەکانیەوە ڕۆژانە مۆرفین و دەرمانی هۆشبەری دەرخوارد ئەدرێ تا بەڵکو خەمەکانی لەبیر بچێتەوە و بیریان لێ نەکاتەوە.ئەم جۆرە نەتەوانە هەمیشە هەڕەشەی لەناوچوون و کاڵبوونەوە و بێهێزیان لەسەر بەهێزە و بە جادوو نەبێ، ناکەونەوە سەر ڕێچکەی پێشکەوتن و یەکگرتن و شارستانیەتەوە. لە گۆشە نیگایەکی ستراتیژی و جیۆسیاسی جیهانیەوە، حاڵی حازر کۆمەڵێک وڵاتی بەهێزی تر خۆیانەوە لە ململانێدان بۆ پاراستن و پەرەپێدانی پێگە ستراتیژی و بەرژەوەندیە ژیاریەکانی خۆیان لە ڕۆژهەڵاتی پڕ لە کێشمە کێشی ناوەڕاست و ڕووبەڕووبوونەوەی هەژموونی ڕۆژئاوا. کۆی ئەو قەیرانانەی ڕۆژئاوا لەم دەیەی ڕابردوودا ڕووبەڕوویان بۆتەوە، لەوانە هەژموونی پەناخوازان و تێرۆری نێودەوڵەتی و قەیرانی دارایی لە ساڵی 2008 ، بوونەتە دەرفەتی زێڕین بۆ وڵاتانی ئاسیا. وڵاتانی ئاسیایی لە ڕووی ئابووری و دارایی و یەکگرتووی سیاسی و لەدایکبوونی هاوپەیمانە تازەکان، گەشەی سیستەمی شارنشینی و ئۆربانیزم لە گەشەسەندنێکی سەر سوورهێنەر و خێرا و بەرچاودان. گومان لەوەدانیە تێکەڵەی سەرمایەداری و تاکڕەوی (حکوومەتە سەرمایەداراە تاکڕەوەکان) ، دەکرێ وەک هێزێکی مەعنەوی جوڵاو (مۆبایل) سوودی لێ وەربگیرێ و دەسکەوت بچنێتەوە و وڵات بەرەو پێشەوە بەرێت. هەڵبەتە ئەگەر لە پەتای کوشندەی گەندەڵی دارایی و ئابووری و بێدادی دوور کەوێتەوە و ویژدان بخاتە شوێن گیرفانەوە.وادیارە هێشتا هەردوو وڵاتی ڕووسیا وچین لە پێوەر و پەرەنسیپە ڕاستەقینە سیاسیەکانی دیموکراسی و هەلومەرجی گرێدراو بەم چەمکەوە بە تەواوەتی تێنەگەیشتبن. بەوەی یەکێک لە مەرجەکانی دیموکرات بوونی هەر کۆمەڵگەیەک، سەربەخۆیی ئۆرگانە ڕەسمی و دامەزراوەکانیەتی لە یەکتریەوە. بەو پێیەی پێشکەوتن و شکست و نوشست لەهەر وڵاتێکی ژێر گەشەسەندندا، دواجار دەبێتە هۆکاری هاتنە کایەی ناسەقامگیری ئابووری و پێشبینی نەکردنی ئایێندە لە ڕووی گەشە و چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوەی ئالنگاری و پێشهاتە چاوەڕوانەکراوەکانەوە. دەرەنجامی ئەم دۆخەش لە خراپترین حاڵەتدا دارمانی ئابووری و کەڵەکە بوونی قەرزە دەرەکیەکان و داتەپینی وڵات و هەژاری هاوڵاتیە کەم دەرامەتەکانی



ئاوڕدانەوەیەک لە مێژوو

دەکرێ گەڕانەوە بۆ مێژوو و هەڵسەنگاندنی دۆخی پێشوو و چاوخشاندنەوە بە مێژوو و پەند و ئامۆژگاری وەرگرتن لە هەڵە و چەوتیەکانی قۆناغەکانی ڕابردوو ، وەک پێشمەرجی تێگەیشتن لە دۆخی ئێستا سوودیان لێ وەربگیرێت. پەیوەست بە ئەورووپاوە دەربچن. ڕووسەکان کاردانەوەیان دەبێ و ئەم هەوڵەی ئەورووپا بە هەڕەشە بۆ سەر شکۆ و سەروەری و دەسەلاتی خۆیانەوە وێنا دەکەن. بۆیە لە جیاتی دروستکردنی پێگەی تازە، ئەورووپیەکان سەرقاڵی دامرکاندنەوەی ئەو ترسەن، بەهۆی سیاسەتی فراوانکردنی سنوورەکانی یەکێتی ئەورووپاوە لە ڕووسەکانەوە نیشتووە. لە تێدەکات. کاتێک گەلان لە فەرهەنگ و کولتوور و شارستانیەت و میژووی خۆیان دوور دەکەونەوە و پێیەوە نامۆ دەبن، گەلیش وەک یەکەیەکی یەکگرتووی نەتەوەیی و نیشتیمانی مانا و مەغزای خۆی لەدەست دەدات و هەژار دەکەوێتەوە. ئالەم ساتەدا دەستەواژەی (گەل) وەک یەکەیەکی خزاونەتە سەر گۆڕەپانی ململانێکان و هەرکامەیان بە پێی پێگە و هێز و توانستی سەربازی و دەسەلاتی خۆیە، سەرقاڵی کاریگەری دانان و ڕووبەڕووبوونەوەی هێزەکانی تر. لەوانە ئێران، ڕووسیا، تورکیا و چین بە هەموو توانای سەربازی و ئابووری و دیپلۆماسی و سیاسی

www.xebat.net
یەک شەممە 2019/9/1 ژمارە (5818)

ئیسرائیل بەبێ منەتی سووریا و عێراق و لوبنان دەکاتە ئامانج





سابیر حوسێن

تەنها لەماوەی 24کاتژمێردا هێزەکانی ئیسرائیل، چەند ناوچەیەکی دیاری کراوی باشووری دیمەشق و ناوچەی قائیم لە سنووری عێراق و سووریاو باشووری لوبنانیان کردە ئامانج، ئەم هێرشانەش لە ماوەی چەند مانگی رابردوودا بۆ چەند جارێک دووبارە دەبێتەوە، تێدا بە دیاری کراوی ئیسرائیل کردەی سەربازی خۆی ئەنجامداو ئامانجەکانی خۆی پێکا.

ئەم رووداوەش پێشهاتێکی سیاسی نوێیە، چونکە ئەمجارە ئیسرائیل بە جورئەتێکی زیاترەوە ئەو کردە سەربازیانەی ئەنجامدا. بۆیە وەک چاودێران دەڵێن: ناکرێ ئەم پێشهاتە سیاسییە وا شرۆڤە بکرێ کە تەنها هەڵمەتێکی هەڵبژاردنە، تاوەکو بنیامین نەتەنیاهۆ جارێکی تر هەڵبژێردرێتەوە، بەڵکو ئەم کردە سەربازیانە دەرخەری ئەو حەقیقەتەن کە ئیسرائیل ئەم هێرشانە وەکو پاراستنی ستراتیژیەتی ئاسایشی خۆی دەزانێ، بۆیە راستەوخۆ تێکەڵ بە کردە سەربازیەکانی ناوچەکە بووە.

نەسروڵلا هۆشداری دەداتە ئیسرائیل

هۆشداری حەسەن نەسروڵلای ئەمینداری حیزبوڵلای لوبنانی، لە میدیاکانی ئیسرائیل بەچڕی باسی لێوە کراوە، بەوەی کەوا بۆردومانەکانی ئیسرائیل لە دژی بارەگایەکی حیزبەکەی لە دیمەشق و لوبنان هەروا بە ئاسانی تێپەڕ نابن. نەسروڵلا لە گوتارەکەیدا هۆشداری داوەتە سوپای ئیسرائیل کە چاوەڕوانی وەڵامی ئێمە بن نەوەک تەنها لەسەر سنور، هەروەها نەسروڵلا جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە بنیامین نەتەنیاهۆ لە پێناو هەڵبژاردنەکان و بەرژەوەندییەکانی خۆی، گەمە بە خوێنی سوپای ئیسرائیل دەکات. دووپاتیشی کردەوە کە نابێ داگیرکەرانی ئیسرائیلی لە ئاسایشی خۆیان دلنیابن و ئەوەی حیزبوڵلا لە دەستی بێت، لە دژی ئیسرائیل ئەنجامیان دەدات. لەبەرامبەر ئەمەشدا بنیامین نەتەنیاهۆ کە ئێستا سەرقاڵی پرۆسەی هەڵبژاردنەکانە جەختی کردەوە کەوا ڕێنمایی بە هێزە ئەمنییەکان داوە کە بۆ هەموو سیناریۆیەک ئامادەبن، لە کارەکانیانیشیان لە دژی ئێران و دامەزراوەکانی سەر بەو وڵاتە بەردەوام دەبن، ئەنجامدانی ئەو کردە سەربازیانەش وەک نەتەنیاهۆ دەڵێ ئامانج لێی پاراستنی ئاسایشی ئیسرائیلە. هەر لە درێژەی ئەو پێشهاتانە بەرپرسێکی حیزبوڵلای لوبنانی ڕایگەیاندووە، توانیویانە دوو فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانی ئیسرائیل تێکبشکێنن، کەوتنی فڕۆکەکان هۆکاری تەقینەوەکان بووە، لەبەرامبەردا ئیسرائیل هیچی لەسەر هێرشەکەی بەیروت بڵاونەکردووەتەوە. لەلایەن خۆشیەوە عێراق کە دیسانەوە حەشدی شەعبی بۆتە ئامانجی هێزەکانی ئیسرائیل لەسەر ئاستی هەرسێ سەرۆکایەتیەکەی کۆبوونەوەی ئەنجامداوەو بەرسڤی ئەو هێرشانەیان داوەتەوە، دووپاتیان کردۆتەوە، کە عێراق پەنا دەباتە بەر نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجوومەنی ئاسایش بۆ سکاڵا کردن لە هێرشەکانی ئیسرائیل. چاوەڕوانیش دەکرێ ناوچەکە پێشهاتی چاوەڕوان نەکراوی دیکەی لێ ڕوو بدات و ناوچەکە بەگشتی بکەوێتە ژێر هەڕەشەی ئاسایشی گەورەوە.

دەربارەی ئابووری چین ..

ئا: ل. کاروباری نێودەوڵەتی

جگە لە ئابووری ، وڵاتی چین لە زۆر ڕووی دیکەشەوە لە پێشەوەی زۆر وڵاتی دیکەی جیهانە ، ئەمە وای لە زۆر وڵات کردووە لەگەڵی بکەونە پێشبڕکێ و ململانێ . ئێستا باس لەوە دەکرێ کە دوور نییە لە ماوەی داهاتوودا دەست لە هەموو وڵاتانی زلهێزی تر بستێنێ و ببێ بە تاکە جەمسەرێک . لێرەوە پرسیار دەکرێ ، چی وای لەو وڵاتە کردووە بەم خێراییە بگاتە ئەو ئاستە ؟ لە وەڵامدا دەکرێ بوترێ ئابووری گەشەکردووی چینە وڵاتەکەی گەیاندۆتە ئەو قۆناغە ، لێرەدا چەند زانیاریەکی سەرنجڕاکێش دەربارەی ئابووری ئەم وڵاتە دەخەینە ڕوو :



لەسەر ئاستی جیهان ، دووەم گەورەترین ئابووریە .
چین بە پلەی یەکەم دێت لە بواری خاوەندارێی دراوی یەدەگی جیهانی .
لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا بەرزترین ڕێژەی گەشەکردنی بەرهەمی ناوخۆیی بەخۆیەوە دیوە .
لە بواری هاوردەکردنی کەلوپەل پلەی یەکەمی داگیر کردووە .
چین وڵاتی گەورەترین بازاڕی کەلوپەلە لە جیهان ، تەنانەت پێش ئەمەریکاش کەوتۆتەوە .
لە دوای ئەمەریکا خاوەنی بەرزترین ژمارەی ملیاردێرەکانی جیهانە .
ساڵانە بەکارهێنەرانی چین 73ملیار دۆلار لە کڕینی کەلوپەلی بەهادار و خاوەن کوالیتی بەرز خەرج دەکەن .

لە نێوان ساڵانی 1970تا 2010، ئابووری چین بە ڕێژەی 954% گەشەی کردووە .
لە ماوەی 10ساڵدا داهاتی هەر خێزانێکی چینی بە زیاتر لە 400%بەرزبۆتەوە .
لە ڕووی کەمی ژمارەی هەژارانەوە پێش ئەمەریکا کەوتووە .
لە ڕووی خەرجی گەشتیاریەوە لە پێشەوەی هەموو وڵاتانی جیهانەوەیە .
ساڵی نوێی قەمەری ، گەرموگوڕترین ماوەی بازاڕکردنە لە چین .
دوو لەسەر سێی سەرمایەگوزاریی جیهان لە بواری زیرەکی دەستکرد لە چین ئەنجام دەدرێ .
بازاڕێکی سەرەکی هەنارده کشتوکاڵیەکانی ئەمەریکایە.

مانشێت



سکای نیوز:
دادگایەکی ئەمەریکی ساڵی 2012ی بۆ دادگاییکردنی خالید شێخ محەمەدی دارێژەری پلانی هێرشەکانی 11ی سێپتەمبەر بۆ سەر ئەمەریکا دیار کرد .



ڕۆژنامەی ئەلحەیات:
سەرۆکی تورکیا ڕایگەیاند دوای ئەوەی ئەمەریکا وڵاتەکەی لە کڕینی فڕۆکەی ئێف 35دوور خستەوە، دوور نییە ئەنقەرە فڕۆکەی جۆری سوخۆی لە ڕووسیا بکڕێ .



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
بە گوێرەی ڕاپۆرتێک ، تا ئێستا ئەمەریکا ترلیۆنێک دۆلاری لە شەڕی ئەفغانستان خەرج کردووە .



دۆیچە ڤیلە:
کۆمسیۆنی باڵای پەنابەرانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان : زیاتر لە نیوەی منداڵانی پەنابەران لە ئەورووپا نەخراونەتە بەر خوێندن .




ئەی ئێف پی:
گێژەڵوکی دریان ڕوو لە فلۆریدا دەکات و دەسەلاتدارانیش هۆشداری دەدەن .



کەنالی ئار تی :
لە کۆڵۆمبیا دوای ئەوەی ئەندامانی ڕێکخراوی فارک پەنایان بردەوە بۆ چەک ، حکوومەتی ئەم وڵاتەش دەستی بە هەڵمەتی سەربازی کرد لە دژیان .

پزیشکێکی ئوردەنی بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی، کتێبێک لەسەر شیرپەنجە دەنوسی

مەیس مستەفا بەرماوی، تووشبووی نەخۆشی شیرپەنجە: بەزییتان بەوانەی بێت کە لەسەر زەمین





بەرگی کتێبی (بەزییتان بەوانەبێت کە لەسەر زەمین)

سابیر حوسێن

کتێبی (بەزییتان بەوانەی بێت، کە لەسەر زەمینن) بەهەر سێ زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی بڵاوکرایەوە. ئەم کتێبە لەلایەن (مەیس مستەفا بەرماوی) ئامادە کراوە، کە تایبەتە بە نەخۆشی شیرپەنجە کە نوسەر بۆخۆی یەکێکە لە تووشبوانی ئەو نەخۆشییە، نوسەر لەناوەڕۆکی بابەتەکیدا باس لە ئەزموونی خۆی دەکات لەگەل نەخۆشی شیرپەنجەو ئەو تاڵی و شیرینیانە دەگێڕێتەوە کە لەماوەی چارەسەری بەسەریدا تێپەڕیوە، نوسەر بە برگەی هەمەجۆر ئاماژە بە پەتایی نەخۆشی شیرپەنجە دەکات و جەخت لەسەر شێوازی مامەلە کردنی پزیشک و تووشبوانی نەخۆشی شیرپەنجە دەکاتەوەو مامەلە کردنی سۆزداری نەخۆش و پزیشک بە ئەولەویەت دەزانێ، هەر خۆی لە برگەیەکدا ئاماژە بەو خالە دەکات و دەڵێ: ئەوەی کە لەسەر ئێمەیە شێوازێکی تایبەت بە خۆمان بدۆزینەوە بۆ هەستکردن بە جوانیەکانی ژیان. ئەوەی ئێستا من درکم پێکردوە ئەوەیە کە شیرپەنجە لە دۆخی دەورووبەر و چۆنیەتی هەڵسوکەوت کردنی چارەدەرمان لەگەڵماندا تووش دەبن، ئێمە بووینەتە موگناتیسێک کە هەموو شتە بەسوود و بێسوودەکان بۆ خۆمان ڕادەکێشن، جوانی و ڕەنگاوڕەنگی ژیامان بە چینێک گەرد و تۆزدا دەپۆشن. من کە لە ڕابردوودا بەجێماوم و هەمیشە هیوای ئەوە دەکەم کات بگەڕێنمەوەو ئەو شتانەی لە ژیامدا کردووومن بە جیاوازتر جێبەجێیان بکەم. (مەیس مستەفا بەرماوی)، زیاتر ڕوونی دەکاتەوە، ئەوانەی ئێمە وەک ژمارەیەک لەسەر دۆسیەی نەخۆشەکان دەبینن، لە خەستەخانە و کلینیکەکاندا، پێتان دەڵێم ئێمەش مرۆڤن و هەستمان هەیە. چیتر چاوەڕێی بەزەیی هیچ کەس ناکەم، من لە هەموو کەسێک بەهێزترم، بەهێزتر لە وشەیەکی وردبەرز کەردوە، بەهێزتر لە نامۆبوون لەناو خزم وکەسەکار، بەهێزتر لەوەی کە دامێنم و بڵێم ئایا من هاوڕێیەک هاوسۆزێکم هەیە، بەهێزتر لەوەی چاوەڕێی هیچ کەس بم، بەهێزتر لە ترس ئاساییە و خەم خواردنیش شتێکە بۆ خودی خۆمە. هێزی من لەوەدایە کە دەبینم کەسانێک پێمواببوو بەهێزترن لە گێژاوی دونیادا سوردەخۆن، سەردەڕای ئەوەی خودا هەموو جوانیەکانی ژیانی پێ بەخشیوون. (مەیس مستەفا بەرماوی) دەربارەی جوانییەکانی ژیان دەڵێ: ژیان زۆر جوان و درەوشاوەیە، پڕبەتی لەخەونی جوان وهیواو ئارەزوو، بەڵام دەبێت ئێمە شان بەشانی ژیان ڕێ بکەین،خۆشبەخت بین، لەبەر ئەوەی زۆر ئاسانە خۆت بکەیتە نێچری مۆتەکەکانی ژیان، زەمەن ئێمەی جێهێشتووە و هیچ لەزەتێکمان لێ نەبینیوە، بێئاگا لەوەی داهاتوومان چییە. داهاتووی من شێرپەنجەبوو. لەگەڵ ئەوەی کە دەمەوێت لەگەڵ شێرپەنجەو ئەم پێشهاتە نوێیەمدا خۆم بگوجێنم و هێشتا بەبەردەوامی تامی خۆشیەکانی ژیان بکەم. تێگەیشتووم لەوەی کە لەژیاندا گەڕانەوە نیەو جێگایەک بۆ هەڵاتن و جێگەیەک بۆ خۆحەشاردان نییە، خەون بەوە دەبینم کە ژیان سبەی ناوازە دەبێت، سبەی تەنها ڕۆژێکی دیکەیە کە دەبێتە ئەوڕۆ و دوێنێ وپێرێ. (مەیس مستەفا بەرماوی) دووپاتیدەکاتەوە کەوا هیوا چەکێکی مەزنە بۆ ئەو کەسانەی کە دەتوانن زاڵبن بەسەر خوودی خۆیان تا دەگەن بە بەدیهێنانی ئامانجەکانیان،خودی خۆم کەسێکی زۆر گەشبینم و بەهیوام. بەردەوام خەونی جوان وشیرین دەبینم، هیوام وایە کەخەونەکانم ببنە ڕاستی وبگەڕێننە دواوێستگەی ئاواتەکانی خۆم.



دواین ژەمی کندە حەننا

هونەرمەندی شۆخی سوری کندە حەننا ماوەیەکە سەرقاڵی ڕاهێنانە لەسەر هونەرەکانی سەمای شەرقی، دەربارەی ئەو مەشقە زۆرەشی کە ڕۆژانە ئەنجامی دەدات، کندە حەننا بە گژڤاری سەیدەتی ڕاگەیاندووە کە خۆی ئامادە دەکات بۆ بینینی ڕۆڵی سەرەکی لە فلمێکی سینەمایی بەناوی (دواین ژەمی). ئەم فلمە لە بەرهەم هێنانی دەزگای ڕۆشنبیری و هونەری دامەزراوەی سوریە. دەربارەی دەرنەکەوتنیشی لە مانگی ڕەمەزان کندە حەننا ، دەڵێ: زیاتر مەبەستمە کارەکانی دراما باش بێت و کاری باش هەڵبژێرم، بەڵام ئێستا دەستمان بە وێنەگرتنی (دواین ژەمی) کردووە کە وەک سەماکەرێکی شەرقی دەردەکەوم.



گەورەترین خوان لەهەولێر بەڕێوەچوو

هاوواڵاتی (ئیدریس سورچی) بەبۆنەی چاکبوونەوەی کوڕەکەی لەنەخۆشی، بۆ یەکەمجار گەورەترین خوانی لەشاری هەولێر بەڕێوەبرد، کە نزیکە دوو هەزار کەس تیایدا بەشداربوو. ئەم خوانەش لەیەکێک لەشەقامەکانی شاری هەولێر بەڕێوەچوو.

ئەپڵیکەیشنێک بۆ تەماشاکردنی دراماکان بەبێ ڕیکلام

هەواداریانی تەشاماکردنی دراماکان هەمووکات تەلەفزیۆنیان لانییە بۆ تەماشاکردنی دراماکان ,بەتایبەت ئەودراماییانەی کە لە میدیا و کەناڵە عەرەبییەکان پەخش دەکرێن زۆرجار بەبۆی زۆری ژمارەی ریکلامەکانەوە بیرت دەچێتەوە سەیری چیت دەکرد. بۆیە باشترین چارەسەر ئەپڵیکەیشنی ""Watch itـە کەدەتوانیت لەسەر مۆبایلەکەت دایبەزێنیت کە بۆ هەردوو سیستمی ئەندرۆید و ئای ئۆ ئێس بەردەستە، یان لەڕێی ئەم لینکەوە دایبەزێنە:
https://play.google.com/store/apps/details?id=com.watchit.vod&hl=en



ڤیتامینەکانی پێوستی لەش بۆ تەندروستییەکی باش

بە پێی ڕاپۆرتێکی مالپەری ساینس دەیلی ،ئەنجامدانی وەزرشی ڕێک وپێک ، دڕوور لە هەڵچوون و دڵەڕاوکێ، خواردنەوەی ئاوی پێوست ڕۆلێکی گرنکیان هەیە لە بەهێزکردنی بەرگری لەش و لە پاڵ ئەو هۆکارانە ، ڕۆڵی سەرەکییان هەیە بۆ زیاتر بە هێزکردنی لەشی مرۆڤ ،ڤیتامین سی ، یا تورشی ئیسکۆربیک بە یەکێک لە گەورەترین بەهێزکردنی کۆئەندامی بەرگری لەش هەژمار دەکرێت ، ئەو ڤیتامینە دژە ئۆکسیدانتیکی بەهێزە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەموو جورە ڤایرۆسەکان و نەخۆشییە هەوکردنەکان.سەرچاوەکانی ڤیتامین سی بریتین لە " بیبەری سوور، مەعدەنووس، هەموو جۆرەکانی کەلەم ، پرتەقاڵ، شلک، گریپ فرووت .هەروەها ڤیتامین بی B6کە ڕۆلێکی گرنگیی هەیە لە بەرزکردنەوەی ئاستی وزەی لەش و ڕێگریکردن لە ئێش و ئازار و ماندویتی ، بۆیە ، پێوستە سینگی مریشک، گوڵە بەرۆژە ، نۆک و فاسولیا ، کونجی و گۆشی مانگا بخورێت .هەروەها ڤیتامین ئیی ، یا تۆکۆفرۆل ، دەوڵەمەندە بە دژە ئۆکسیدانەکان کە ڕووبەرووی نەخۆشییە هەوکردنەکان دەبێتەوە و ڕووبەرووی کێشە هۆرموونییەکان و نەخۆشییەکانی چاو و کۆئەندامی دەمار دەبێتەوە و سەرچاوەکانیش بریتین لە ،بادام، ئیسپیناخ ، ئاڤاکادۆ ، بروکلی ، ئەنبە ، زەیتوون ، تەماتە ، کودویی زەرد .ڤیتامین دی و کەی ، ئەو ڤیتامینە دەبێتە هۆی بەهێزکردنی کۆئەندامی بەرگری لەش، ئەو گیتامینە لە نێو ماسی ، ڕۆنی ماسی ، هێلکەی مریشک ، شیر و کوارک بوونیان هەیە ، هەروەها ڤیتامین ئەی ، بە سوودە بۆ ڕووبەرووبوونەوەی ئانفلۆنزا ، هەڵامەت ، نەخۆشییەکانی پێست ، کۆئەندامی هەرس ، سەرچاوەکانیان بریتین لە ، گێزەر ، بیبەر ، سەوزەواتی گەلا سەوز ، ماددە شیرمەنییەکان .



لە خولی نایابی تازەپێگەیشتووانی کوردستاندا

زاخۆ و ئارارات و دهۆک و پێشمەرگەی سلێمانی سەرکەوتیان تۆمار کرد



ئا:سەرهەنگ نەجمەدین فۆتۆ: ئەردەلان هەولێری

لەسەرجەم شارۆچکەکانی کوردستان گەڕی دەیەمی خولی نایابی تازەپێگەیشتووانی کوردستان سەرکەوتوانە بەرێوەچوو، لەیەکەمین یارىدا لەیارىگای یانەی دهۆک ،هەردوو تیپی تازەپێگەیشتووانی زاخۆ وهەولێر لەیارییەکی بەهێزدا بەیەکگەیشتن، یارییەکە لەبەرژەوەندی یانەی زاخۆ بەدوو گۆل بەرانبەر گۆلێک کۆتای هات، لەیارىگای رزگاری هەردوو یانەی رزگاری وئارارات ڕووبەرووی یەکتربوونەوە، یارییە لەبەرژەوەندی یانەی ئارارات بەئەنجامی گۆلێگی بێ وەلام کۆتایی هات و ئارارات دوور لەیارىگای خۆی 3خاڵی گرینگی دەستەبەرکرد، لەلایەکی دیکەوە لەیارىگای پێشمەرگەی سلێمانی، هەردوو تیپی پێشمەرگەی سلێمانی وپێشمەرگی هەولێر بەیەکگەیشتن، پێشمەرگەی هەولێر براوەی یارییەکە بوو، دوای ئەوەی توانی بەئەنجامی گۆلێکی خاوێن لەپێشمەرگەی سلێمانی بباتەوە و 3خاڵی گرینگی لەسەر دەستی ئەو یانەیە خستە سەرخاڵەکانی خۆی.

ئەنجامی یارییەکانی دیکەیش بەمشێوەیە بوو:

دەربەندیخان *2جیهان 2
زانکۆی جیهان *2ئاشتی 0
سیروانی نوێ *1دهۆک 3

ڕێزبەندی گەڕی دەیەمی خولەکە لەپلەی یەکەم تا پلەی سییەم بەمشێوەیە دەبێت:

1-زاخۆ پێشمەرگەی سلێمانی 20خاڵ 2-دهۆک 20خاڵ 3-پێشمەرگەی سلێمانی 20 خاڵ.



بارزان لەیادی ئەنفال خولێکی تۆپی پێ بەڕێوەچوو

مسلم دۆلەمەری- بارزان

بەئامادەبونی خەلات بارزانی نوێنەری جەتابی سەرۆک بارزانی لە سەرگلکۆی نەمران لەبارزان و مەیسەر نهێلی سکتێری یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان و ژمارەیەکی بەرچاو لەبەرپرس ونوێنەرانی ئیداری وحزبی وجەماوەری و وەرزش دۆستا ن لە یاریگای فریزی دەستکردی بارزان، خولێکی تۆپی پێ بەناوی ئەنفال کۆتایی هات.

شایانی باسە ئەم خولە لە سالرۆژی جینۆسایدی 8000 هەزاربارزانی بێتاوان، لەلایەن ناوەندی بالای بارزانی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان و 42تیپی سنوری ناوچەکە ڕێکخست، کەشوانە یارییەکان لە لایەن 6ناوبژیوانی بەتوانا بەڕێوە دەچوو کە لەئەنجامدا هەردوو تیپی بارزان وهێزتوت گەیشتنە یاری کۆتایی وپاش یاریەکی بەهێزو یەکلای کەرەوە تیپی هێزتوت توانی 3گۆڵ بەرامبەر بە 1گۆڵ سەرکەوێت وببێتە پالەوانی خولەکە، وەلە کۆتاییشدا خەلات بەسەر سەرکەوتوانی خولەکەو ناوبژیوانانی خولەکەدا دابەشکرا.

پالەوانێتی تیروکەوانی کوردستان بۆ یانەکانی شاری سلێمانی بەڕێوەچوو



هودا ئازاد سەفوەت



بڕوا سەلام

یەکێتی تیروکەوانی کوردستان بە هاوکاری یەکێتی تیروکەوانی لقی سلێمانی، ڕۆژی 2019/8/23 لە شاری سلێمانی، هەستا بە سازکردنی پالەوانێتی تیروکەوان بۆ یانەکانی هەرێمی کوردستان، کە6 یانە تێیدا بەشدار بوو، ئەنجامەکەش بەم جۆرە بوو:

کوڕان:

یەکەم: بڕوا سەلام لە یانەی سلێمانی 269 خاڵی کۆکردۆتەوە.

دووەم: بەیار بەختیار لەیانەی سیروانی نوێ 209 خاڵی کۆکردۆتەوە.

سێیەم: محەمەد سەعدی لە یانەی هەڵەبجە 180 خاڵی کۆکردۆتەوە.

چوارەم: ئیلیا ئەمیر لە یانەی ئاشتی سلێمانی 174 خاڵی کۆکردۆتەوە.

کچان:

یەکەم: هودا ئازاد سەفوەت لە یانەی سلێمانی بە 299 خاڵ.

دووەم: پەریز ئازاد ئەحمەد لە دهۆک بە 191 خاڵ.

سێیەم: ڕەیان عوسمان لە سیروانی نوێ بە 187 خاڵ.

چوارەم: هەڵبەست عەبدوللا لە ئافرۆدێت 175 خاڵ.

ڕۆژی چوار شەممە 2019/8/28

کچان:

یەکەم: هودا ئازاد سەفوەت لە یانەی سلێمانی بە کۆکردنەوەی 269خاڵ.

دووەم: هەڵبەست عەبدوللا لە یانەی ئافرۆدێت بە کۆکردنەوەی 200خاڵ.

سێیەم: ڕەیان عوسمان لە یانەی سیروانی نوێ بە کۆکردنەوەی 180خاڵ.

کوڕان:

یەکەم: بڕوا سەلام لە یانەی سلێمانی 250 خاڵی کۆکردۆتەوە.

دووەم: بەیار بەختیار لە یانەی سیروانی نوێ بە 248 خاڵ.

سێیەم: ئیلیا ئەمیر لە یانەی ئاشتی 193 خاڵی کۆکردۆتەوە.

لە کۆتاییشدا خەلات و دیاریی بەسەر براوەکاندا دابەشکرا.

خولێکی راهێنەرانی جۆدۆ لە هەولێر بەڕێوەچوو

یەکێتی جۆدۆی لقی هەولێر بە هەماهەنگی لەگەڵ نوێنەرایەتی هەولێر لە ڕۆژانی 29و /30 82019خولێکی راهێنەرایەتی بۆ ژمارەیەکی زۆر لە راهێنەرانی ناو شاری هەولێر و دەوروبەری ڕێکخست.

لەمبارەیەوە عەبدولخالق عەلی سەرۆکی لقی هەولێری جۆدۆ و ئەندامی یەکیتی ناوەندی جۆدۆی عێراقی بە خەباتی ڕاگەیاند کە خولەکە سەرکەوتووانە بەڕێوەچوو کە ماوەی دوو ڕۆژی خایاند و وانەکانی ئەم خولەش لەلایەن موسا حوسێن راهێنەری لاوانی هەلبژاردەی عێراق دەگوترانەوە و دوای تەوابوونی خولەکەش، بڕوانامەی راهێنەرایەتی بەسەر بەشداربووانداد دابەشکرا کە بڕوانامەکانیش لەلایەن یەکێتی ناوەندی جۆدۆی عێراقییەوە باوەڕپێکراوە

سیرینا لە شاراپۆڤای بردەوە



سیرینا ولیامزی خانمە تینسزانی ئەمریکی ڕێگای بەردەمی خۆی خۆشکرد بۆ بەدەستهێنانی نازناوی حەفتەمی لە پالەوانێتی کراوەی ئەمریکا (قلاشینگ میدۆز) دوا چوار پالەوانێتییە گەورەکەی ئەمریکا (گراندسلام) دوای ئەوەی بەئەنجامێکی گەورە لە ماریا شاراپۆڤای خانمە تێنسزانی ڕووسی بردەوە 1-6و.1-6

سیرینا دەیەوێ بەهەمان دەردی ساڵی رابردوو نەچێت کاتێک لە کۆتایی پالەوانێتی ساڵی رابردوو بەرامبەر ئۆساکای ژاپۆنی دۆڕاو نازناوەکەی لەدەست دا، ئەمجار هەوڵی ئەوە دەدات ریکۆردی بەدەستهێنانی ئەم نازناوە بدات و لە دەستپێکیشدا بە بەهێزیی دەرکەوت کاتیک لە شاراپۆڤای بردەوە.

لاوێکی هیندی شەترەنجی سێ کەسی دادەهێنێت



شاد پاشا

هەموومان دەزانین کە یاری شەترەنج یەکێکە لە یاریە گرنگەکانی جیهان، 2کەسی گەورە یان منداڵ یاریەکی ژیرانەی پێدەکەن، هەندێکیشمان دەزانین کە سەرەتای یاری شەترەنج لە هیندیستان دەست پێدەکات و دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی حەڤدەم و لەوێشەوە بەرەو جیهان پەرەی سەند.

هەرچەندە تا ئێستا یاری شەترەنج لە نێوان دوو کەس بەڕێوە دەچێت و یاریەکە پێک هاتووە لە دوو لەشکری ڕەش و سپی (16پارچە بە 16 پارچە)، کەچی کۆرێکی گەنجی هیندی پاش ئەم هەموو ساڵە دوور و درێژانە بریاری دا یاری شەترەنج بگۆڕێ و سەراو ژێری بکات!

و سێ کەس لەجیاتی 2کەس یاریەکە بکەن بە هەمان شێوە و یاسای یاری کۆن و بە 48 پارچە لەجیاتی 32بیرۆکەی شەترەنجی سێ کەسی دادەهێنێت.

خۆی بەژدار بوو دەڵێت: سەرەڕای ئەوەی یاسایەکانی شەترەنجی کۆن (2نەفەری) کەچی ئێمە شتێکی تازەمان هێنایە کایەوە ئەویش ئەوەیە کە دەتوانی بە یەک یاریزان دەتوانی بەرەنگاری دووکانی تر ببیەوە.

یەکەمین یاری (3کەسی شەترەنج) لە مانگی هەشتی ساڵی 2018و لە پەیمانگای هیندی (تەکنەلۆجیا) دەگەڕێتەوە بۆ (ئەدیتیا نیگام) لەو کاتەی کە منداڵ بوو ئەم بیرۆکەی بۆ هات، کاتێک کە لەگەڵ هەردوو برایەکانی یاری دەکرد، یەکێک لەو سێ برایانە ناچار بوو چاوەڕوان بێت تا دووەکانی تر لە یاری تەواو دەبن. لێرەوە بیرۆکەی شەترەنجی تازەی سێ نەفەری دەستی پێکرد.

بۆ ئەدیتیا (ئاشیش نیگام) ئەوەی کە لەگەڵ براکەی دەستپێکرد.

لەم یاریە تازەی 3قۆڵی شەترەند ڕەنگی سپی دەست پێ دەکات ئینجا ڕەساسی ئینجا ڕەش لەگەڵ میلی کاتژمێر دەست پێ دەکات (ئێستا بینەر بوە بە یاریزانی سێیەم لە شەترەنجدا.

ئێستا هەردوو برا ئەدیتیا و ئاشیش هەوڵ دەدەن لەناو ئەنتەرنێت باو بێت.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Sun, 1. Sep. 2019 No: (5818)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

چیرۆکی فیلمەکە باس لە خانمێکی پەیکەرتاش دەکات

لە لەندەن دەرهێنەرێکی کورد فیلمێکی بێ دەنگ بەرهەم دەهێنێت





خەبات / هەمزە سەرحان

دەرهێنەری کوردی سۆران سۆرانی، کورتە فیلمێک بەرهەمدەهێنێت.

کورتە فیلمەکە باس لە چیرۆکی ژنێک دەکات کە هاوسەرەکەی لەدەستداوە و خانمە ئەکتەرێکی کوردیش ڕۆڵی ئەو ژنە، بەرجەستە دەکات.سۆران سۆرانی، دەرهێنەری فیلمەکە، بە خەبات ی ڕاگەیاند:"فیلمەکە فیلمێکی شاعیری بێدەنگە بەناوی (لێت ئەگەڕێم برۆیت) کە بیرۆکەکەی لە چیرۆکێکی دەروێش عومەر، ئەکتەر و دەرهێنەر، وەرگیراوە(.بە وتەی دەرهێنەری فیلمەکە، چیرۆکی فیلمەکە باس لە خانمێکی پەیکەرتاش دەکات کە سەرقاڵی دروستکردنی پەیکەرێکە بۆ هاوسەرە کۆچکردوەکەی، لە خەیاڵ و ئەندێشەی سات و کاتە خۆش و ناخۆشەکانی پێکەوە بوونی لەگەڵ هاوسەرەکەی دەژی، هەتا ڕۆژێک دێت و تێدەگات کە ئەو لێرە نیە و خۆی دەدات بە دەست ڕاستی ژیانەوە و ڕازی ئەبێت بە کۆچکردنی هاوسەرەکەی.سۆران سۆرانی ئاماژەی بەوەکرد، لە بەرواری (13ی تەموزی 2019) لە یەکێک لە سینەما بە ناوبانگەکانی لەندەن بەناوی (ڤیو سینەما) لە باکوری لەندەن، یەکەمین نمایشی تایبەت بۆ نیشاندانی فیلمەکە کرا.سۆرانی باسی لەوەشکرد، خانمە پێشکەشکاری کورد لە ئەوروپا (ژیان مۆبێرگ) ڕۆڵی سەرەکی لە فیلمەکەدا بەرجەستە دەکات، هەرچەندە ئەوە یەکەمین جارە کاری نواندن بکات، بەڵام ڕۆڵەکەی بە جوانترین شێوە بەرجەستە کردووە، هەروەها ڕۆڵی ئاکتەری دووەم لەلایەن (بۆکان سەروەر) بەرجەستەکراوە کە ئەویش ئەوە دووەم کاریەتی وەک ئاکتەر، ئەویش ڕۆڵەکەی خۆی زۆر بە سەرکەوتویی بەرجەستە کرد و بوە هۆی سەرکەوتنی فیلمەکە.سۆران سۆرانی ئاماژەی بەوەشکرد، کارەکتەری سێیەم لە فیلمەکەدا پەیکەرێک بوو، کە شان بە شانی هەردوو کارەکتەر هەر لە سەرەتای فیلمەکەدا بەشداری پێکرا هەتا کۆتایی فیلمەکە.لەبارەی ستافی بەرهەمهێنانی فیلمەکەش، سۆران سۆرانی ڕوونیکردەوە، "هیوا ئەحمەد "کاری وێنەگرتنی بۆ بەرهەمەکە کردووە و زۆر بە باشی کارەکەی ئەنجامداوە و دەستخۆشییەکی زۆری لەلایەن کاست و بینەرانی فیلمەکە لێکراوە، هەروەها "شاکۆ حەسەن "کاری سینەماتۆگرافی بۆ فیلمەکە کردووە و جگە لەوە کاری یاریدەدەری کامێرا و ستیل فۆتۆگرافیشی لە ئەستۆ گرتبوو، "ئاکام سدیق "کاری وێنەگرتنی پشت کامێرا و گرتنی ستیڵ فۆتۆگرافی و یاریدەدەری دووەمی کامێرای بۆ فیلمەکە کردووە، هەروەها (شایوان شا) کاری ڕیکۆردی دەنگی بۆ فیلمەکە کردووە.شایەنی باسە سۆران سۆرانی، لە ساڵی 1970لە شاری سلێمانی لەدایک بووە و پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایان بەشی زمانی عەرەبی لە سلێمانی تەواو کردووە و لە ساڵی 1992وە کوردستانی جێهێشتووە ئێستا لە وڵاتی بەریتانیایە ماوەی 13 ساڵە دەستیکردووە بە کاری دەرهێنانی فیلم و یاریدەدەری ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری مانچستەر کوردیش فیلم فێستیڤاڵ بووە، لە ساڵی 2015چووەتە زانکۆی لەندەن میترۆپۆلیتان بۆ خوێندنی بەرهەمهێنانی فیلم و پەخشی تەلەفیزیۆنی و بووەتە خاوەنی بڕوانامەی بەکالۆریۆس.سۆران سۆرانی تا ئێستا کاری دەرهێنانی بۆ پێنج کورتە فیلم کردوە بە ناوەکانی (دوو دەقە بۆ هەشت، ویژدان، بڵێ، هاوژین، کۆتا فیلمیشی لێت ئەگەڕێم برۆیت) هاوکات وەک ئەکتەر لە دوو کورتە فیلمدا ڕۆڵی سەرەکی هەبووە و لە حەوت کورتە فیلمدا ڕۆڵی مامناوەندی هەبووە، بە وتەی خۆشی کۆی کارەکانی تا ئەمڕۆ دەگاتە 59کاری هونەری لە بوارەکانی بەرهەمهێنان و وێنەگرتن و مۆنتاژ و دەرهێنان و نووسینی سیناریۆ.

باس لە کۆمەڵێ کارەساتی گەورە و دابونەریتی کوردی و عەرەبی دەکات

شانۆیی پێشانگای من لە 12وڵات نمایش کراوە



بەرهەم شێخ عزەدین

ڕۆژی 23ئاب 14مین خولی فستیڤاڵی نێودەوڵەتی شانۆی مەریوان دەستی پێکرد، تیپی شانۆیی (العقاب عەربی) بەشداری ئەو فیستیڤاڵەی کرد، نەژاد نەجم سەرۆکی تیپی شانۆی (العقاب عەربی) بەخەباتی گوت: ئەم گروپە هەر ئەکتەرێکی لە وڵاتێکەوە بەشداراوە و ئەم گروپە دامەزراوە پێکهاتووە لە (١٠) وڵاتی عەرەبی و کوردوستان (٥) ئەکتەری تێدایە. وڵاتەکان (میسر ، سوریا ، عیراق ، عمان، ئوردن، لیبیا ، تونس، هەرێمی کوردستان).نەژاد نەجمی نووسەر ودەرهێنەری شانۆیی (پێشەنگای من) گوتی: ئەم شانۆیە باس لە کۆمەڵی کارەساتی گەورە و داب و نەریتی کوردی و عەرەبی دەکات و تاکو ئێستا لە(12) وڵات نمایش کراوە.

پیسبوونی کەشوهەوا مەترسی نەخۆشییە دەروونییەکان زیاتر دەکات



لە ماڵپەری زی تێلێگراف دا هاتووە کە ،ئەنجامی توێژینەوەیەکی نوێی زانستی پیشانی داوە کە پەیوەندی زۆر لە نێو نەخۆشی خەمۆکی و نەخۆشی دوو جەمسەری و پیسبوونی کەشوهەوا و هاوڵاتیان ئەو دوو وڵاتەوە ، بوونی هەیە.لەو توێژینەوە نوێیەکە دەرکەوتووە کە پیسبوونی کەشوهەوا پەیوەندیی هەیە بە تووشبوون بە نەخۆشییەکانی دڵ ، کە ئێستا 151 میلیۆن کەس تووشی ئەو نەخۆشییە بوونە لە ماوەی 11 ساڵدا و هەروەها پیسبوونی کەشوهەوا لە سەر تووشبوون بە نەخۆشی خەمۆکی و دەروونی هەیە.بە پشت بەستن بە ئەنجامی ئەو توێژینەوانە، لە نێو ئەو وڵاتانەی کە کەشوهەوایەکی پیسیان هەیە بە بەراوردد لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کە باشترین و خاوێن ترین کەشوهەوایان هەیە ، بەڕێژەی 27لەسەدا تووشی نەخۆشی دوو جەمسەری و هەروەها بەڕێژەی 6 لە سەدا تووشی خەمۆکی دەبنەوە ..

تابلێتێک تایبەت بە بواری سەربازی بەرهەم دێت



کۆمپانیای پاناسۆنیک رایگەیاندووە کەبەنیازە نەوەی نوێی تابلێتەکانی بەناوی Toughpadی تایبەت بەهێزەکانی سوپا و پۆلیس بەرهەم بهێنێت بۆ کارکردنی لەدۆخە نائاساییەکاندا.مۆدیلە نوێیەکە بە ١FZ-M ٣mk ناسراوە و پەیکەرێکی بەهێزی هەیە کەبەرگەی تەرپبون و تەپوتۆز دەگرێت و توانای کارکردنی هەیە لەدۆخە سەختەکانی کەشوهەوادا، و دەتوانێ ئاستێکی بەرزی کوالێتی دابین بکات و پارێزراوە، کارکردنیشی لەپلەی گەرمای بەرزی ٥٠ تا ١٠ی ژێر سفری سەدی دەبێت، هاوکات تایبەتمەندیی پاراستنی هەیە لەشەپۆلە کارۆمۆگناتیسیەکان بۆ ڕێگریکرن لەدزەکردنی داتاکانی و تەشویش خستنەسەری.تابلێتەکە شاشەیەکی ٧ ئینجی هەیە لەگەڵ دوو جۆرە پرۆسێسەری Intel i٥٧Y٧-٥Core vProی نەوەی حەوتەم و دواینیان Intel Cele-ron N٤١٠٠ سەرباری میمێوری ٣ گێگابایت و کێبۆردێکی زیادە بۆ بەکارهێنانی وەک کۆمپیوتەری تایبەت.پێشبینی دەکرێت ئەم تابلێتە مانگی ئاب بکەوێتە بازارەکانی جیهانەوە بەنرخی نزیکەی ٢ هەزار دۆلار.